ده‌زگای رۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
سه‌ره‌کی ئه‌نجومه‌نی کارگێری و سه‌رنووسه‌ر
مصلح مصطفی جلالی

سالی ١٩٧٠ دامه‌زراوه

هاوکاری

التضامن

رۆژنامه‌یه‌کی هه‌فتانه‌یه

له‌م ژماره‌یه‌دا
- کورته‌یه‌ك ده‌رباره‌ی زمانو رینووسی کوردی ل٩
- ئه‌دیبانی کورد له میهره‌جانی مربندا ل ٥

پێنج شه‌ممه ١٩٨٦/١/٢ ژماره ٨٢١ | ١٢ لاپه‌ڕه | به ٥٠ فلسه | الخميس ١٩٨٦/١/٢ العدد ٨٢١

سه‌ره‌کی فه‌رمانده‌ لاپه‌ڕه‌یه‌کی گه‌شتان له ئێستای نه‌ته‌وه‌دا تۆمارکرد

سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین به بۆنه‌ی جه‌ژنی له دایك بوون و سه‌ری ساڵه‌وه پیرۆزبایی له ڕۆڵه‌کانی گه‌ل ئه‌کات

به‌ڕێز سه‌ره‌ك صدام حسین نامه‌یه‌کی له پاپای به‌ڕێزه‌وه‌ پێ ده‌گا

به‌ڕێز سه‌ره‌ك صدام‌حسین نامه‌یه‌کی دەستنووسی‌له به‌ڕێز پاپا یوحنا بولصی دووهه‌موه پێگه‌یشت ، ئه‌م نامه‌یه‌ش ئێرراوی پاپای به‌ڕێز کاردینال روجیر ئه‌ئیغاری سه‌ره‌کی ئه‌نجوومه‌نی پاپایه‌تی بۆ ئاشتی‌وعه‌دالەت سه‌رله‌به‌یانی سێ شه‌مه‌ی رابوردوو به‌سه‌ره‌کی به‌ڕێزی گه‌یاند .

له چاوپێکه‌وتنه‌که‌داسکرتێری سه‌ره‌ك کۆماروباڵوێزی پاپایی له به‌غدا ئامادەبوون .

ئه‌وه‌ی شایانی‌باسه کارد ینال ئه‌ئیغاری شه‌وی‌دووشه‌مه‌ی رابوردوو به‌سه‌ردانێك گه‌یشته عیراق.

سالێکی نوێو عیراقی سه‌رکه‌وتوو له‌ژێر سه‌رکرده‌ی به توانا صدام حسین‌دا

له‌گه‌ل ده‌رکه‌وتنی ساڵی نوێدا ، لاپه‌ڕه‌یه‌کی تازه له مێژوودا ده‌که‌ینه‌وه‌و لاپه‌ڕه‌یه‌ك ده‌پێچینه‌وه.. شانازی به‌ساڵی رابوردووموه ده‌که‌ین که ئاڵا چ رادەیه‌ك له هه‌موو بواره‌کانی ژیاندا سه‌رکه‌وتن‌و سه‌ربه‌رزیمان به‌ده‌ست هێناوه .

ئێمه له عیراقی خۆشه‌ویستدا ساڵێکی پڕ سه‌رکه‌وتن‌و پێشکه‌وتنمان له هه‌موو مه‌یدانێکدا به‌ڕێکردو وا به‌وپه‌ڕی بڕواو ئیمانه‌وه ساڵی تازه‌مان له‌باوه‌ش ده‌گرین‌و به‌وپه‌ڕی باوه‌ڕبه‌خۆبوونه‌وه ده‌یکه‌ینه ساڵێك که ڕه‌کجاره‌کی به‌سه‌ردوژمنی ده‌ستدرێژیکه‌ردا زاڵ‌ببین‌و هه‌رچی‌یه‌کی له دەستماوه چ له هێزی به‌ڵکه‌وتوو چ له‌بنکه‌ی دوژمنکاریه‌تی هه‌مووی تێکرا له‌ناو به‌رین‌و دەردێکی نه‌وتۆی بده‌ینێ تا بگه‌ڕێته‌وه سه‌رعه‌قلی خۆی‌و مل بۆ ئاشتیخوازی که‌چ بکا ، ئه‌و ئاشتی‌یه‌ی که ئێمه له به‌هێزی‌و به‌توانایی خۆمانه‌وه دەیخوازین .

ئه‌گینا عیراقی‌یه‌کان به عه‌زمی سه‌رکرده‌ی سه‌رکه‌تووی‌ان صدام حسین‌و - خوا بیپارێزێ - به‌ده‌ستی بۆڵایینی هێزه چه‌کداره پاڵه‌وانه‌کانیان وا له حاکمه گومان‌لێکراوو دواکه‌وتووه‌کانی ئێران ده‌که‌ن که به‌ده‌ستی خۆیان قه‌بر بۆ خۆیان هه‌ڵکه‌ن‌و به‌کجاری ئه‌و لاپه‌ڕه ڕه‌شه پیسه لوول بدرێ که به خراپه‌و شووره‌یی پیسیان کردو بوونه شایسته‌ی نه‌مان‌و توانج هه‌تا هه‌تایه .

به‌ڵکه‌ش بۆئه‌وه ئه‌و زنجیره سه‌رکه‌وتنه قاره‌مانانه بوو که ساڵی را بوردوو له (تاج المعارك)دا به‌دی هێنرانو خه‌ونو خه‌یاڵی ئاووچی دوژمنی هه‌ڵته‌کاندو زۆنگاوه‌کانی عیراق هه‌ڵی لووشین .

ساڵی رابوردوو ده‌رفه‌تێك بوو بۆ ئه‌وه‌ی جیهان زیاتر له‌و راستی‌یه تێبگا که کاتێ عیراق ده‌ستەوبه‌خه‌ی دوژمن ئه‌وه‌ستێ‌و ڕووبه‌ڕووی ده‌بێته‌وه ، ده‌بێ ئه‌وه ده‌ربخا که له‌گه‌ل ئه‌وه‌شدا که شه‌ڕخواز ئیمو حه‌زی له ئاشتی‌یه‌و هه‌میشه داوای ئاشتی ده‌کا ، تواناو هێزێکی ئه‌وتۆشی

● هاوکاری ●

بڕوانه ل ١١

ئێران به‌شداری‌ناکا له کۆنگره‌ی وەزیرانی ده‌ره‌وه‌ی وڵاته ئیسلامه‌کانا .

کوەیت : ئاژانسی ده‌نگوباسی کوەیت به ده‌م هه‌ندێ سه‌رچاوه‌ی

بڕوانه ل ١١

نه‌ته‌وه‌که‌تان نه‌ته‌وه‌ی به‌یامه ئاسمانی‌یه‌کانه ئه‌رزه‌که‌شتان مه‌ڵبه‌ندی شارستانی‌یه‌ته

به‌ڕێز سه‌ره‌کی فه‌رمانده صدام حسین وتی ، ئاهه‌نگ‌گێرانمان به جه‌ژنی له دایك‌بوونی مه‌سیحی به‌ڕێز ئیلهامه بۆ ئه‌و ماڵا پیرۆزو نیشانه گه‌ورەو نه‌ریته به‌رزانه که له له‌داییك‌بوونی گرنگیه‌تی ئه‌مانه‌ی له ژیانی مرۆڤ‌و نه‌ته‌وه‌دا دووپات کرده‌وه .

هه‌روه‌ها به‌ڕێزی له نامه‌یه‌کی پیرۆزبایی‌دا بۆ ڕۆڵه‌کانی گه‌ل عیراقمان به بۆنه‌ی جه‌ژنه‌کانی زایینی‌و سه‌ری ساڵی زایینی‌ه‌وه وتی ، مایه‌ی ئه‌وبه‌ڕی پێخۆشحاڵی‌و سه‌ربه‌رزیمانه که ئاهه‌نگی ئیمساڵمان به‌ده‌ستپێکردنی ساڵی نوێ له‌گه‌ڵ ئه‌و وێنه گه‌شه په‌یتا په‌یتایانه‌دا یه‌ك ده‌گرێته‌وه که ڕۆڵه‌کانی گه‌له‌که‌مان له بنیاتنان‌و به‌خششی به‌ده‌وام‌و بێدرێغی به‌چه‌شنێك ده‌نوێنن که ڕووی عیراقی مه‌زن به‌نیشانه‌ی سه‌ربه‌رزی‌و شانازی ده‌نه‌خشێنن ، ده‌یگێڕن . ئه‌مه‌ش ده‌قی نامه‌که‌یه :

به‌ناوی خوای به‌خشنده‌و میهره‌بان
ڕۆڵه‌کانی گه‌ل مه‌زنمان

له‌م ڕۆژانه‌دا جه‌ژنه پیرۆزه‌کانی له‌دایك‌بوون‌و سه‌ری ساڵی زایینی ، به‌سه‌رماندا دێ ، ئێوه شانازی به سه‌رکه‌وتنه مه‌زنه‌کانتانه‌وه ده‌که‌ن‌و بۆ هه‌موو جیهان که هاوبه‌شی جه‌ژنتان ده‌که‌ن هه‌وڵ‌و ته‌قه‌لای به‌رده‌وام، عیراق ساغ ده‌که‌نه‌وه که له مه‌وقیعی حه‌ق[illegible]اری‌یه‌وه بۆ خۆشه‌وبه‌سی‌و چاکه‌و ئاشتی ده‌یگێڕێ .

به‌م بۆنه ئازیزه‌وه خۆم به پێخۆشحاڵ ده‌زانم ئه‌ی ڕۆڵه‌کانی گه‌ل مه‌زنمان‌و به‌تایبه‌تی مه‌سیحی‌یه‌کانتان له کانگای دڵه‌وه به‌سۆزترین پیرۆزبایی‌تان ئاراسته بکه‌م‌و به‌رده‌وامی ئه‌و ژیانه سه‌ربه‌رزو شه‌رافه‌تمه‌نده‌تان بۆ بخوازم که وه‌ك به‌ریکی پێکه‌یشتووی قوربانی‌یه ڕۆژه‌کانتان‌و نه‌به‌ردی‌یه پاڵه‌وانه‌کانتان ڕووبه‌ڕووی هێرشه وه‌حشیه‌گه‌ری‌یه‌کانی دوژمن‌و تێکشکاندنی به‌توانا‌تان بۆ هێرشه یه‌ك به‌دوا یه‌که‌کان‌و کۆششی خێرخوازی‌و به‌خششی پڕشنگدارتان که دوایی نایه له سێبه‌ریدا ده‌حه‌سێنه‌وه .

ئه‌ی عیراقی‌یه جوامێره‌کان ، داڵانه‌کانی تاریکیتان تێکداو لاپه‌ڕه‌یه‌کی پڕشنگدارو گه‌شتان له لاپه‌ڕه گه‌شه‌کانی ئێستای نه‌ته‌وه‌دا تۆمارکرد که له‌گه‌ڵ ئه‌و لاپه‌ڕه پڕشنگدارانه به‌رده‌وام ده‌بێ که مێژووی پێروزی نه‌ته‌وه شایسته‌ی پێوه ده‌کا .

نه‌ته‌وه‌که‌تان ، نه‌ته‌وه‌ی نامه‌کانی ئاسمان بوون‌و خاکنان لانه‌ی شارستانیه‌ت‌و لێهاتنه دنیای پێغه‌مبه‌ران بووه .

ئاهه‌نگمان به جه‌ژنی له‌داییك‌بوونی مه‌سیحی به‌ڕێز ، ئیلهامی ئه‌و ماڵا به‌رزو به‌ڵگه گه‌ورەو نه‌ریته به‌رزانه‌یه که له‌داییك‌بوونی ئه‌و گرنگیه‌تی له ژیانی نادەمیزادو نه‌ته‌وه‌دا دووپات کرده‌وه .

مایه‌ی پێخۆشحاڵی‌و شانازیمه که ئاهه‌نگی ئیمساڵمان به‌ده‌ستپێکردنی ساڵی‌تازه له‌گه‌ڵ ئه‌و وێنه گه‌شه په‌یتا په‌یتایانه‌دا یه‌ك بگرێته‌وه که ڕۆڵه‌کانی گه‌له‌که‌مان له بنیاتنان‌و به‌خششی به‌رده‌وام‌و بێدرێغی به‌چه‌شنێك ده‌نوێنن که ڕووی عیراقی مه‌زن به‌نیشانه‌ی سه‌ربه‌رزی‌و شانازی ده‌نه‌خشێنن‌و له به‌رده‌ممان‌و له‌به‌رده‌می ئه‌وه‌کانی داهاتوودا ئاسۆی دواڕۆژ به‌رفراوان بکا به‌رۆای چه‌سپیومان به به‌زینی یه‌کجاری دوژمنی چه‌په‌ڵ‌و به‌زینی پڕشووره‌یی دوژمنان پته‌وتر بکات‌و هیواکان به به‌رده‌وام بوونی خۆشی‌و به‌ختیاری عیراقی‌یه‌کان بچه‌سپێنێ‌و ئه‌وه بنوێنن که سه‌رکه‌وتنی مه‌زن هه‌ر له‌ده‌ست ئه‌واندا بێ .

سه‌ره‌کی به‌ڕێز گه‌لێ پیرۆزبایی تری به‌بۆنه‌ی ساڵی تازه‌وه پێده‌گا

به‌ڕێز سه‌ره‌ك صدام‌حسین به‌بۆنه‌ی سه‌ری ساڵی نوێی زایینی‌یه‌وه گه‌لێ پیرۆزبایی تری پێده‌گا .

به‌ڕێزی پیرۆزبایی له به‌ڕێزان علی ناصر محمد ئه‌ینداری گشتی لیژنه‌ی ناوه‌ندی پارتی سۆشیالیستی یه‌مه‌ن سه‌ره‌کی دەسته‌ی سه‌ره‌کایه‌تی ئه‌نجوومه‌نی به‌رزی گه‌ل سه‌ره‌ك کۆماری یه‌مه‌نی دیموکراتی‌و تیۆدۆر چیفکۆف سکرتێری گشتی لیژنه‌ی ناوه‌ندی پارتی کۆمۆنیستی بولگاریاو کریشافیلیبوف سه‌ره‌ك ئه‌نجوومه‌نی وەزیرانی بولگاریاوخوان کارلۆس‌پاشای ئیسپانیاو ڕۆبه‌رت مۆگابی سه‌ره‌ك وەزیرانی کۆماری زیمبابۆی‌و خاتو مارگریت تاتشه‌ر سه‌ره‌ك وەزیرانی به‌ریتانیا پێکه‌یشت .

به‌هه‌نگاوه‌ره قاره‌مانه‌کانمان دڵی دوژمن ده‌له‌رزێنن

چه‌ند جارێکی تر ئه‌م هه‌فته‌یه‌ش جه‌نگاوه‌ره‌دلێره‌کانی عیراق ئه‌وبه‌ڕی ڕق‌وقینو داخیان به‌هێزه به‌زیوه‌کانی ڕژێمی ئێران ڕشتو به‌چه‌که هه‌مه‌جۆره‌کانیان دەستی وایان لێوه‌شاندن که بزانن هه‌رگیز سه‌رکه‌وتن هه‌ر بۆ سوپای دلێری عیراق‌و گه‌ڵی عیراقی مه‌زنو به‌زین‌و تێکشکانیش بۆ هێزی ڕژێمی گومڕای ئێرانه .

ئه‌م هه‌فته‌یه‌ش هه‌ڵۆ دلێره‌کانمان سه‌دان جار هێرشیان برده سه‌ر هێزه‌کانی دوژمن‌و که‌ره‌سه جه‌نگی‌یه‌کانیان ئاگرتێ به‌ردان‌و چه‌ند جارێکیش ئه‌و دەوری‌بانه‌یان له‌ناوبرد که له هه‌ندێ له‌به‌ره‌کانی جه‌نگدا دوژمن له‌ترسی خۆیان بۆ نزیك به‌ره‌کانی ئێمه‌ی ده‌ناردن .

ئه‌مه جگه له تێکشکان‌و سوتاندنی ئه‌و که‌شتی‌یانه‌ی که هه‌ڵۆکانمان له نزیك ڕۆخه ده‌ریایی‌یه‌کانێ دوژمنه‌وه به‌دی‌یان ده‌کردن‌و که له‌وانه لێدانی دوو که‌شتی بوو که نه‌وتی ده‌گواسته‌وه .

هه‌روه‌ها له‌م هه‌فته‌یه‌دا چه‌ند جارێك سه‌ربازه ئازاکانمان به‌توپ سه‌نگه‌رو مۆلگاکانی دوژمنیان له گشت به‌ره‌کانی جه‌نگدا داگرته‌وه .

له‌م هه‌فته‌یه‌شدا وه‌ك هه‌فته‌کانی پێشوو دوژمنی چه‌په‌ڵ چه‌ند جارێك هه‌ندێ له‌شاره سنووری‌یه‌کانمانی دایه به‌رتۆپه دوور هاوێژه‌کانی که له ئه‌نجامی ئه‌و دەستدرێژی‌یه نامه‌ردانه‌یدا چه‌ندان له ڕۆڵه خۆشه‌ویسته‌کانمان له کارێزه‌ی سه‌ر به قه‌زای چوارتاو به‌کێك له ئوردوگا نیشته‌جێ‌یه‌کانی پارێزگای میسان شه‌هید بوون‌و چه‌ندانیشیان لێ‌بریندار‌بوو و گه‌لێ خانووشس تێکڕوخان .

سوپای قاره‌مانی عیراق ئه‌وه‌نده ماوه‌ی نه‌دا به‌سه‌ر ئه‌م تاوانه پیسه‌ی دوژمناندا تێپه‌ڕێ به‌ڵکوو به‌گورجی هه‌ڵۆ ئازاکانی نارده سه‌ر دوورگه‌ی خه‌رج‌و ئوردوگا سه‌ربازی‌یه‌کانی موسك‌و جلدیان‌و خانه‌و بسوه‌و تۆڵه‌ی عیراقی‌یه جوامێره‌کانی له سه‌ربازه به‌زیوه‌کانی خومێنی سه‌نده‌وه‌و جارێکی‌تر به توندی شه‌نگه‌رو مۆلگاکانی کوتانه‌وه‌و بۆی ده‌رخستن که مه‌یدان هه‌ر بۆ سوپای سه‌رکه‌وتووی عیراقه .

سه‌رچاوه گه‌شتی‌گه‌ری‌یه‌کان

ئێران واز له دوورگه‌ی خه‌رج ئه‌هێنێ

سه‌رچاوه گه‌شتی‌گه‌ری‌یه‌کان رایان‌گه‌یاند که ئێران به‌هۆی ئه‌و زیانو تێکڕووخانه‌ی هێرشه ئاسمانی‌یه‌کانی عیراق‌به‌دوورگه‌ی خه‌رجیان گه‌یاندووه ، بڕیاری‌دا وه‌ڵاب‌ه‌ندی‌یه‌کی نه‌وت ناردن واز له‌و دوورگه‌یه بهێنن .

سه‌رچاوه‌کان ده‌ڵێن ، هێرشه یه‌ك به‌دوای یه‌که ئاسمانی‌یه‌کانی عیراق زیانێکی گه‌وره‌ی به تانکه نه‌وته‌کانو جوارده شۆسته‌ی نه‌وت لێ‌بارکردن گه‌یانده‌وه‌و ئه‌مه‌ش بۆته هۆی ئه‌وه‌ی که

بڕوانه ل ١١

له‌گه‌ل یه‌که‌م ڕۆژی ساڵی نوێدا

ده‌سکه‌وت بۆ قوتابیانمان له ده‌ره‌وه‌ی وڵات

ڕۆژنامه‌ی (الثوره) بیستی که ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکرده‌یه‌تی شۆڕش بڕیاری‌دا ئیمتیازات بدا به‌و قوتابیانه‌ی که له سه‌رحیسابی خۆیان له ده‌ره‌وه‌ی وڵات ده‌خوێنن که پێش ئه‌و ماوه‌یه‌ی بۆیان دیاری کراوه بۆ ده‌سکه‌وتنی باوه‌ڕنامه‌که‌ی له‌سه‌ری ڕێك‌که‌وتوون ، خوێندن ته‌واو بکه‌ن .

ئه‌مه‌ش ده‌قی‌بڕیاره‌که‌یه :

به‌پێی ئه‌حکامی بڕگه‌ی (١) له ماده‌ی چل‌و دووی ده‌ستوور ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکرده‌یه‌تی شۆڕش له کۆبوونه‌وه‌ی ڕۆژی ١٩٨٥/١٢/٢٩دا ئه‌مه‌ی خواره‌وه‌ی بڕیاردا .

یه‌که‌م :ئه‌و قوتابیه‌ی له‌سه‌ر حیسابی خۆی له‌ده‌ره‌وه ده‌خوێنێ وله خوێندنه‌که‌ی ده‌بێته‌وه‌و ئه‌و باوه‌ڕنامه‌یه‌ی ده‌ست ده‌که‌وێ که له‌سه‌ری ڕێك‌که‌وتووه پێش ئه‌و ماوه‌یه‌ی بۆی دیاری کراوه‌و ده‌گه‌ڕێته‌وه بۆ نیشمان ئه‌و ئیمتیازاتانه‌ی خواره‌وه‌ی ده‌درێتێ

١ - گه‌ڕانه‌وه‌ی خۆی وخێزانی‌و ئه‌و منداڵانه‌ی به‌شه‌رعی ئه‌م به‌خێویان ده‌کا بۆ نیشتمان له‌سه‌ر ده‌وڵه‌ت ده‌بێ .

٢ - ڕێ بۆ قوتابی‌یه ئه‌درێ که باوه‌ڕنامه‌ی ماجستێری ته‌واو کردوه‌و حه‌ز له دڕێژه‌پێدانی خوێندنی به‌رز ده‌کا بۆ وه‌رگرتنی باوه‌ڕنامه‌ی دکتۆرا ، وه‌زاره‌تی خوێندنی باڵاو لێکۆڵینه‌وه‌ی زانستی ده‌یخاته باڵ ئه‌ندامیه‌تی یه‌کێك له بیمشه زانستی‌یه‌کانی به‌پێی ئه‌و ڕێو شوێنانه‌ی پێوه‌و ده‌گرێن .

دووه‌م : وه‌زیره‌کان ئه‌حکامی ئه‌م بڕیاره جێ‌به‌جێ ده‌که‌ن

صدام حسین

سه‌ره‌کی ئه‌نجوومه‌نی سه‌رکرده‌یه‌تی شۆڕش

Institut Kurde de Paris

کۆڕیکی فراوان لە هەولێر

بە چاوەدێری بەرێز ابراهیم زەنگەنە پارێزگاری هەولێرو لە هۆڵی یەکێتی گشتیی نەقابەکانی کرێکاران لە هەولێر ، کۆڕێکی فراوان دەربارەی هەڵمەتی گشتیی راهێنانو ئامادەکردن سازکرا

لە سەرەتای کۆرەکەدا کە بەرێوەبەرانی دامو دەزگا خزمەتگوزاریەکان تیایدا ئامادەبوون ، بەرێز پارێزگاری هەولێر ووتەیەکی خوێندەوەو تیایدا دەست نیشانی بایەخی دیاری ئەم هەڵمەتە شارستانییەی کرد لە خولقاندنی دەستی لێ هاتووی شارەزا لە بوارەکانی کارکردنداو داوای لە کارگێرانی دامو دەزگاکانی هەولێر کرد کە کۆششی . نموونەیی بنوێنن لە پێناو بەجێ هێنانی تەواوی مەبەستو ئامانجی ئەم هەڵمەتە نیشتمانییە کە کارێکی تەواو دەگاتە سەر رادەی بەرهەم هێنان .

دوای ئەوە ، بەرێز فیصل پیرداود سەرەکی نەقابەکانی کرێکاران لە هەولێر لە راپۆرتێکدا باسی ئەو نەخشەیەی کرد کە نەقابەکە تەرخانی کردووە بۆ سەرکەوتنی هەڵمەتەکەو بەدیهێنانی ئامانجەکانیداو ئەو کۆششەی خستە روو کە لەم رووەوە پێش کەش کراوە.

— شێرزاد —

پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ کادیرە سەرکردەییەکانی دەبەستێ

پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ کادیرە سەرکردەییەکانی بەست .

کۆبونەوەکە بەوەستان بۆ ماوەی دەقیقەیەك بۆ رێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی جەنگی پیرۆزی قادسیەی صدام دەستی پێکردو لە پاشاندا بەرێز هاشم عەقراوی سکرتێری پارتی وتەیەکی تێدا داو لە وتەکەیدا ئەو ئەرکو بەرپرسیاریەی دووبات کردەوە کە کادیرەکانی پارتی لەم قوناخەی ئێستادا کە گەلی عیراقمان لە بەشەرەفترین جەنگی نیشتمانیدان بۆ بەرگری کردن لە ئابرووی سەنگینی عیراق، بەجێی دەهێنن .

هەروەها وتی ، هاوپەیمانیەتی پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەل پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا کە سەرکردەی شۆڕش و کۆمەڵە نیشانەی شانازیو سەربەرزیە بۆ هەموو تێکۆشەرانی پارتیو رۆڵەکانی گەلی کوردمان :

بەشدارانی کۆبونەوەکە لە کۆتایی کۆبونەوەکەیاندا بروسکەبەکیان بۆ بەرێز سەرەکی فەرمانده صدام حسین بەرزکردەوەو تیایدا پەیمانیان بە بەرێزیدا کە هەموویان هەر تێکۆشەری دڵسۆزو بەوەفاداری نیشتمانی خۆشەویستو گەلی مەزن بنو هەموو هێزو توانای خۆیان بۆ خزمەتکردنی جەنگی سەربەرزو شەرافەتمەند لە ژێر سەرکردایەتییە مێژووییەکەیدا تەرخان بکەن.

کۆنگرەی ساڵانەی کشت وکاڵی ناوچەی کوردستان

لە نێوان رۆژانی ٢٨-٣٠و لە هۆڵی بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری جەماوەری هەولێر ، دەست کرا بە بەستنی کۆنگرەی ساڵانەی کشتوکاڵی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان .

لەم کۆنگرەیەدا کە جێداری سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستانو ژمارەیەکی زۆری لێپرسراوان ئامادە بوون ، بەرێز دوکتۆر حمید محمد سعید ئەمینداری گشتیی کشتوکاڵ ووتەیەکی خوێندەوە کە تیایدا بە درێژی لەو پێشکەوتنە فراوانە دوا کە باری کشتوکاڵ لە ناوچەی کوردستاندا بەخۆیەوەی دیوە ، بەتایبەتی لە رووی زۆربوونی بەرهەمو ئەو کۆششەی لەم رووەوە پێش کەش کراوە ... هەروەها لەو نەخشە کشتوکاڵییەی کە لە نێوان کۆنگرەی رابردوو ئێستادا هاتۆتە دیو ئەو پلانەی بۆ پاشەرۆژی پەرەپێدانی باری کشتوکاڵ تەرخان کراوە ..

دوای ئەوە ، ووتەی نووسینگەی کرێکاران لە لایەن بەرێز مجید علیوی ووتەیی یەکێتی گشتیی هەرەوەزی جوتیاران لە لایەن مجید رشید جباری خوێندرایەوە کە خۆزگەیان خواست کۆنگرە لە بریاروپلانەکانیدا ئەنجامی چاك بداتە دەستەوە لە رووی پەرەپێدانو پێشکەوتنی کشتوکاڵ .

ئەنجا ووتەی نەقابەی ئەندازیارانو راپۆرتی بەسەرکردنەوە خوێندرایەوە ، ئەم راپۆرتە تەواوی ئەو نەخشەیەی خستە روو کە لە وەرزی هاونیەی ١٩٨٥و وەرزی زستانەی ١٩٨٥-١٩٨٦ دێتە دی.. دوای ئەوە هەر یەك لە لێژنەکانی کۆنگرە کەوتنە گفتوگۆکردنی ئەو کاروبارانەی لە بەرنامەی کارکردنیان داندرابو ، بۆ رۆژی دوایش چەندان راپۆرتو گفتوگۆ پێش کەش کرا کە بریتی بوو لە راپۆرتی بەرهەمی رووەکیو بەرهەمی ئاژەڵو خزمەتگوزاری کشتوکاڵو هەرەوەزیو ئاوو زەویو یاسای چارەسەرکردنی کشتوکاڵو باری کشتوکاڵو ئاسۆی پاشەرۆژی ... شایانی باسە کە ئەو راپۆرتانە بە ژمارە ئەو پێشکەوتنە گەورەیان دەربڕی کە لە باری کشتوکاڵ هاتۆتە دی ، هەروەها کۆنگرە لە ماوەی گفتوگۆکانیدا کە سێ رۆژی خایاند لەو رێو شوێنانەی کۆلیەوە کە دەبێتە هۆی چاك بۆ زیاتر بەرەو پێشەوە چونی کەرتی کشتوکاڵ .

— شێرزاد —

کۆمەڵی مافی ئادەمیزاد کۆڕێك سازدەکا بۆ گفتوگۆکردن لە بارەی رەفتارە تاوانبارو جانەوەرانەکانی رژێمی ئێران

رۆژی هەوتەمەمەی ڕابوردوو کۆمەڵی مافی ئادەمیزاد کۆڕێکی سازکرد لە ژێر دروشمی (کوشتنی دیلە عیراقییەکانی شەڕ دەستدرێژییەکی ئاشکرایە بۆ سەر مافی ئادەمیزاد) .

کۆڕەکە کە هاوڕێ عبدالجبار عبدالمجید الکرخی جێنشینی ئەمینداری ئەنجومەنی نووسینگای ناوەندیی پیشەکاران لە حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستدا ئامادەی بوو بە دەقیقەیەك ڕاوەستانی بێدەنگ دەستی پێکرد بۆ شەهیدانی قادسیەی صدامی پیرۆز .

پاش ئەوە بەرێز صباح یاسین سەرەکی کۆمەڵی مافی ئادەمیزاد وتارێکی خوێندەوەو تیایا ئەوەی دەسنیشان کرد کە کۆمەڵی مافی ئادەمیزاد کە ئەرکێکی نیشتمانیو نەتەوایەتی هەیە بەرامبەر بە دیلە عێراقییەکانو پاش ئەوەی ڕەفتاری جانەوەرانەی ڕژێمی ئێران لای هەموو جیهان ئاشکرابوو و بە تایبەتی لە تاوانی کوشتنی دیلە عیراقییەکان لە ئوردوگای گورگاندا ، لە هەموو بوارێکدا کەوتە جموجووڵو چالاکیو لەبەر ڕۆشنایی ئەو بیروباوەڕانەی کە نەتەوە یەکگرتووەکانو رێکخراوە مرۆڤایەتییەکان بریاریان لەسەر داوە بۆ ئەوەی کۆشتی جیهانی توندتر ببێ بۆ ئابروبردنی ڕەفتارەکانی ڕژێمی ئێرانو هاندانی ڕای گشتیی جیهان بۆ وەستان دژی ڕێبازی کاربەدەستانی تاران نەك هەر لە ڕەفتاری جانەوەرانەباندا دژی دیلە عیراقییەکان بەڵکو دژی ڕێبازی دەستدرێژیکەرانەیشیان بەرامبەر بە عیراقو ناوچەی عەرەبی .

دوای ئەمیش بەرێز شبیب المالکیی ئەمینداری گشتیی یەکێتی قانوونییە عەرەبەکان سەرەکی یەکێتیی قانوونییە عیراقییەکان وتارێکی بەم بۆنەیەوە خوێندەوەو تیایا دقی کۆبوونەوەی ئاهەنگی یوبیلی زیوینی کۆمەڵی مافی ئادەمیزادو یادی سیوحەوت ساڵەی ڕاگەیاندنی جیهانیی مافی ئادەمیزاد وامان لێدەکا کە بیروباوەڕی ئەم ڕاگەیاندنە گرنگە پێنینەوە یاد لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کە کۆمەڵی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٨دا بریاری لەسەر دا .

پاش ئەمیش بەرێز اکرم سلمان وتەی لێژنەی نیشتمانی عیراقی خوێندەوە بۆ مافی کاتەدا قوولیی بیروباوەڕی ئادەمیزادانە دەردەخا لە دەروونی گەلەکەماندا کە پێنج ساڵ زیاترە دژی گەورەترین دەستدرێژی وەستاوە کە کرابێتە سەر قانوونی نێو دەوڵەتانو بیروباوەڕی مافی ئادەمیزاد .

ئەنجا کۆڕەکە لەسەر کاروبارەکەی خۆی بەردەوام بوو .

عیراقا ئەڤرو

● مختار فائق ●

هەکە مرۆڤ هویر هزرێن خو بکەت دفی شەڕێ ئیرانێ فەرزکری لسەر عیراقا شۆرەشێ .. دێ بینیت نەخاسمە لوان رۆژێن شنوی دژمنکاریا ئیرانی دەسپێکری دژی عیراقێ .. گەلەك دەولەتێن دژمنو هندەك هەڤالان ژی وەلێ هزر دکرن کو ئەڤ شەڕە دێ کارەکێ دژوارو سلبی کەتە سەر عیراقێو دێ عیراق پێ لاواز بیتو نەشێت بەرسینگا پێنجەم لەشکرێ جیهانێ بگرت چ ژلایێ عەسکەریڤەو چ ژلایێ ئابوورییڤە .. هەروەسا گەلەکێن باوەریا وان بعیراقێ لاوازو بێ هێز وەلێ هزر دکرن کو عیراق ژسەرێ شەڕی دێ لاواز بیت و ئابوریا عیراقێ نەشێت خو لبەر شەڕی بگریت ، ئەو ژی لدویف وان بیرو باوەرێن کەڤنەپەرێس لسەر دەمێ شەڕێ جیهانیێ دوێو سەردەمێ سەڤەر بەرێ ..

لێ وان نەزانیو ئەو گەلەك دخەلەت بۆن بوان هزرو بیرو باوەرێن خۆ یێن کەڤنە پەرێس دەرحەق عیراقێ .. وان نەزانی کو کورێن مللەتێ عیراقی ب کوردو عەرەبو هەمی کەمایەتییێن خۆڤە ئێك دلو ئێك دەست پێگڤە راوەستاینە دژی هەر تەماع کارەکی ..

لەشکەرێ عیراقیێ پالەوان نهو نوی‌ترین چەك و تفاقێ دەدەستیدا .. وپێش کەفتی‌ترین چەکێ گرانێ فێو بباشترین رێك بکار دئینیت .. هەروەسا سەربازێن چەلەنگین عیراقی ژکەلو ژدل شەڕی دکەنو هەمی ئێك بیرو باوەرنو هەمی ئێك هزرن .. هزرو بیرو باوەرێن پارتا مەیا شۆرەشگێر .. پارتا بەعسا عەرەبیا هەڤبشکی ولژێر شویرەتو ئاگاداریێن سەرکێشێ کاروانێ مەیێ سەرکەڤتی .. سەرەك صدام حسین . لێ هەکە مە بەرێ خۆ کرە ناڤ ئیرانێ و سەرو بەرێ لەشکرێ ئیرانی .. دێ بینین کو بێ دبارو زرووفەکێ گەلەك دژواردا دژیت .. وسەربازێن ئیرانیو پاسدارێن خومەینی بخورتێ بەرێوان ددەنە شەڕی .

هەروەسا بارێ ئابورێ ئیرانێ رۆژ بۆ رۆژێ بێ بەرەڤ خرابیو وێرانیێ دچیت، ..

لێ عیراق .. عیراقا شۆرەشی رۆژ بۆ رۆژێ بۆ پێشڤە یا دچیتو پرۆژێن قورسو گران یێ ل عیراقێ دهێنە ئەکرن و پیشەسازیو تکنولوژیا پیشکەفتی یا هاتیە دناڤ عیراقێدا .. کو نهو عیراقێ پێنگاڤێن بەرهزەهێن هاڤێتین بەرەڤ پێشکەفتنو سەرکەفتنێ .. عیراقێ ناڤو دەنگێ خۆ دیارکر لناڤ هەمی جیهانیدا دەمێ دفنا وی پێنجەم لەشکرێ جیهانی شکاندیو ل عەردی دایو بهزاران ژ سەربازێن وی لەشکەرێ ئیرانی کوشتین و بریندار کرینو پەلقوت کرین ..

ئەڤەیە عیراقا ئەڤرو عیراقا شۆرەشێ .. عیراقا رەنگین .. عیراقا سەرەکی قوماندار صدام حسین .

پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ کادیرە سەرکردەییەکانی دەبەستێ

هەوانی پارێزگاکان

هەولێر :

یەکێتی نیشتمانی قوتابیان لاوانی عیراق لقی هەولێر کۆبوونەوەیەکی فراوانی بۆ سەرۆك لێژنەکانی پێشەنگەکان بەست بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو کۆسپانەی رێ لە کاروباری لاوان دەگرێو چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم کۆسپانەش لە قۆناخی داهاتوودا .

لە کۆبوونەوەکەدا بریار لەسەر بەرنامەی داهاتووی لێژنەی پێشەنگەکان درا کە بریتی بوو لە بەستنی کونگرەی زانستیو رۆشنبیریو زیادکردنی خولی راگەیاندنو [illegible]انی میهرەجانی وەرزشیو هونەریو باوەش کردنەوە بۆ مەوهیبەو توانا داهێنەرەکان لە پێناو خزمەتکردنی نیشتمانی خۆشەویستماندا .

دهۆك :

چاوەدێریتی بازرگانی لە پارێزگای دهۆك کۆبوونەوەیەکی گەورەی بۆ کارهەلسوڕێنەرەکانی دایەرە بازرگانییەکانو وەکیلەکانی کەرتی بازرگانیو سۆشیالیستی پارێزگاکە بەست بۆ ئەوەی لە چۆنیەتی ئیش بەجێهێنان لەناو ئەو دایەرانەداو چۆنیەتی یێشکەوتنیان بکۆڵرێتەوە .

هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا لە مەسەلەی شت خستنە بازاڕەوەو پێویستی خەلك بەو شتانەو نەهێشتی کەندو کۆسپەکانی بەرریگەیانو سزادانی ئەوانەی شت بە نرخی خۆی نافرۆشن کۆڵرایەوە .

چەند زەماڵەیەکی ماجستیرو دکتوراه بۆ قوتابیان

وەزارەتی فێرکردنی بەرزولێکۆڵینەوەی زانستی

چەند زەماڵەیەکی خوێندنبۆ وەرگرتنی بارەنامەی ماجستیرو دکتورا لە پزیشکیتیو ئەندازیاریو فیزیاءو رباضیاتو ئیدارەومحاسەبەو زمانەکاندا هەبەو داوای لەو قوتابیانە کرد کە حەز ئەکەن یەکێك لەم دوو بارەنامانەیان دەست بکەوێو مەرجەکانی وەرگرتنیان تیدا هەیە ، لە رۆژی (٣٠)مانگی رابوردووەوە تا کۆتایی دەوامی رەسمی چواردەی ئەمانگە داواکانیان پێشکەش بە دایەرەی (بعثات) بکەن .

قیستفاڵی پێنجەمی واسطی

دەرفەتی لاوانە بۆ شتداهێنان

ئێستاکە لە بەغدا لە هۆڵی مۆزەخانەی نیشتمانی بۆ هونەری نوێ پێنجەم قیستفاڵی واسطی کە گەورەترین قیستفاڵی رۆشنبیریی وڵاتە دەگیرێ کە ئەمەش نمریتێکە وەزارەتی رۆشنبیریو راگەیاندن لەسەری دەڕوا .

لە قیستفاڵی ئەمسالدا دەستەیەکی پوختی هەڵبژاردە لە هونەرمەندە لاوەکان بەشداریان کردوەو دایەرەی هونەرە تەشکیلیەکان ئەم دەرفەتەی بۆ رەخساندن بۆ ئەوەی بەشداریو کارە داهێنەرەکانیان بە قەبارە تر بێ .

ئەم ناونانی واسطییەش دەگەڕێتەوە بۆ (یحی محمود الواسطی) کە وێنەکێشی بەناوبانگی زەنگیانە بوو لە چەرخی عەباسیدا .

ئەم پیاوە یەکەم سەرکردەی هونەری زەنگیانە بوو لە هونەرایەتی ئیسلامیداو لە سەدەی بیستەم لە عیراقدا قوتابخانەی ئەم هونەرە بوو.

ئێستاش کە عیراق روو بە رووی بەهێزترین شالاوی دڕاندانەی رژێمی ئێرانی دژ بە وڵاتی مەزنمان وەستاوە ، ئەم قیستفاڵە دەگێڕدرێو کاروباری هونەرمەندەکانیش ئەم دۆخو بارە دەنوێنن کە وڵاتی پێدا تێدەپەڕێ .

وێنە لەگەل رووداودا یەکی گرتووە ، وێنە شێوەکانی سەرکەوتن دەردەبڕێ ، وێنە نەبەردیەتی عیراقییە جوامێرەکان دەنەخشێنێ .

ئەوەی شایانی باسە خەڵاتەکانی چوارەم قیستفاڵی واسطی کە لە ساڵی ١٩٨٤دا گێڕرا درا بەم هونەرمەندە لاوانە :

١ - خەڵاتی یەکەم بۆ سعدی عباس .
٢ - خەڵاتی دووەم بۆ کریم سیفو .
٣ - خەڵاتی سێیەم بۆ زیاد مجید حیدر .
٤ - خەڵاتی رێزلێنان بۆ فاخر محمد .
٥ - خەڵاتی رێزلێنان بۆ حامد مهدی .
٦ - خەڵاتی رێزلێنان بۆ سمیر القاضی
٧ - خەڵاتی رێزلێنان بۆ فهمی الخفاف
٨ - خەڵاتی رێزلێنان بۆ سعدی داود
٩ - خەڵاتێکی تایبەتی بۆ عامر فتوحی .
١٠- خەڵاتێکی تایبەتی بۆ حیدر خالد فرمان .

ئەم قیستفاڵە کە لە ژێر جاودێری بەرێز لطیف نصیف جاسم وەزیری رۆشنبیریو راگەیاندندا گیراکارە هونەری -یەکانی بەسەر چەند هۆڵێکی بەغدادا دابەش کرا .

ذکریات محمد حسن

Institut Kurde de Paris

بارودۆخی ئێران و زۆرانبازی ئاخوندەکان

دوو سەد کەس لە نەندامانی ئەنجومەنی شەورا نامەیەکی هەرە درێژیان بۆ علی‌خامنەیی نووسیوەو ، تیایا ئاشکرایان کردوە کە رژێمی‌خۆمەینی کە ئەوان خۆیشیان ئەندامانی ئەو رژێمەن ، بەپێچەوانەی ئەو هەموو درۆو ،دەلەسەو پروپاگەندانە وەبەپێچەوانەی درۆشمی «نەشەرقی ، نەغەربی»، لە کردەوەدا هەم سەر بەرۆژاوایە و ، هەم سەربەرۆژهەلات(!) .

نووسەرانی ئەم نامەیە پاشان سەبارەت بە دزی‌هەردەگەورە لە «سوپای پاسدارانی خۆمەینی»دا .بەم جۆرەیان لەپێنووس داوە : «جۆنی ئەسەلێتن کە (حەمیدی نەقاشیان پارمەتی دەری‌تایبەتی وەزیری پاسداران) پاش دەرکەوتن‌و ئاشکرا بوونی ئەو هەموو دزی‌و پارەخواردنەی.کە ئەنێن جۆتایبەتی‌دابەش‌کردنی ئەوە بوو بەهۆی ناکۆکی نێوان ئەو و. وەزیری پاسداران . پاش بەجێ هێشتنی سوپای پاسداران . لەوەزاتی ناوخۆدا بووبە لێ‌پرسراوی گەورەترین بڕۆژەی ئابووری !»

داوودەستەی ڕەفسنجانی ئینجا ڕوونەکەنە خامنەیی‌و . بەم جۆرە بەنامەکەیان درێژە ئەدەن : «..ماوەیەکی دوورو .درێژ . بۆ وەزارەتخانەی جەنگ وەزیر هەلنەبژێراوە .ئەوترێ لەبەر ئەوەی بووە کە لێ‌پرسراوانی کریاری شتومەک و ، جەک‌و تەقەمەنی سوپای پاسداران ، بۆ خواردن‌و ، بردنی خۆیان‌و ، هاوبەشەکانیان ، بتوانن بە بیانووی ئەبوونی وەزیرەوە .ڕاستەوخۆ ئەم ئەرکەش - واتە کڕینی چەک‌وپێداویستی‌یەکانی ئەرتەشیش بە ئەستۆ بگرن کە لەم ڕێگەشەوە هەزاران هەزار ملیون دۆلار بخەنەبانکە خارجی‌یەکانەوە !»

ئاخوندەکانی سەر بە ڕەفسنجانی لە نامە کەیانا پاشان هێرش ئەبەنە سەر خامنەیی‌و ، تانەو تەشەری ئەوەی لێ‌ئەدەن کەلە کاتێکا ئەو لەدەوڵەتی فەقیرو هەژاران ، پاس ئەکات .چۆن ئەتوانێ بە کەلانی ئێران بسەلێنێ کە کوڕی ئەو مافی خۆیەتی لەکەل بنەماڵەیەکی ملیاردر لەئوروپادا زەماوەن بکاو بۆ ئەم زەماونە کەتەنها بۆشازادەکان کرابێت ،ملیونها تمەن پارە سەرف‌بکات ؟!

لەم نامەیەدا بەچەپاو ، بیاوکۆژی ، راسپاردنی ئیش -وکاری بازرگانی بە دەستەیە لە ئاخوندەکان ، بەرتیل خۆری لەئایرەکانی دەولەتی وەدەیان‌شتی ناپەسەندی‌تر ، بەدرێژی‌و ڕوونا‌کی ، ئیشارە کراوە کەلەڕاستی‌دا ئەتوانین ئەم نامەیە وەکوو حۆکمێکی مەحکومیەت بۆ رژێمی خۆمەینی دابنێین .

میرسەلیم راوێژکەری بەرزی علی‌خامنەیی لە وەلامەکەی خۆیا کە دیارە ئەم نامەیەی لەبەر چاو بووە و، قین لەدلی خۆشی ، لەبەر ئەمەی کە ئەکرامە بەسەرەک وەزیر ، ڕاستەو خۆ ڕەفسنجانی ئەداتە بەر پەلاماری پێنووس‌و ئەلێ : «ئەگەر ئەوانە دوێنی بەو شێوەیە کرداریان ئواندو ، «بەهەشتی»یان لە ئێمەسەند ،ئەمڕۆ جل‌و بەرگێکی‌کەیان لەبەر کردوەو ، لەدەرکایەکی ترەوە هاتوونەتە ناوەوە ..

ئەمە ئیشارەیەکە بەوەی کە ئەوترێ ڕەفسنجانی لەمەسەلەی کوشتن‌و بڕی‌تر لە ئاخوندەکانی سەربەرۆژئاوا خۆمەینی ، وەکوو «طالقانی»، «مطهری»، «مفتح» و..... دەورێکی بالای هەبووە .

بۆ ئەوەی چاکتر لەوەزعی ئالۆزی ناوەوەی رژێمی خۆمەینی بگەین تەنها چەند دێڕێکی‌کە لەنامە بلاوکراوەی کەی دژبەخامنەیی کە لەڕاستی‌دا ئەتوانرێ حۆکمێکی دان‌پیا نراو بۆ نەمانی رژێمی خۆمەینی‌بێت، لێرەدا ئەهێنین :

«... بێ‌گومان ئێوە ناگادارن کە پاش تێ‌پەڕ بوونی شەش‌ساڵ لە ئەمەنی حکومەتی ئیسلامی(!)، ئەوەندە ئامار و ئەرقام لەفەسادو بەرتیل خۆری‌و هەق بەناهەق‌کردن‌و ، کوشتن‌و بڕینی بێ‌بەلگەو ، خۆڕایی لە لایەن‌کار بەدەستانمان ، بەتایبەت لەبڕێ ناوچەی پاسدارنشین-دا بەرزو ، بلاوبوەتەوە کە ئەک تەنیا «قزمی»و، «شەریعتمداری»، بەلکوو زۆربەی پیاوەئائینی‌یەکانی‌تر ، مەشروعیەتی رژێمی ئێمەیان بردوەتە ژێر پرسیارەوە ..»

- کاروان -

بەشی دووەم

ئێران

شوورەی مەرگ

● سیاووش بەشیری ● نووسیویەتی

● ب . شەپۆل ● کردوویەتی بە کوردی

بۆ دووەمین ڕۆژ بۆ گەرماویان بردم خۆیشم ئەمزانی بۆچی ئەنجا لە زیندانەکەمەوە بۆ ژوورێکی ڕێک‌و پێکیان کوێزامەوە .. ئەو پاسدارەی لەگەلم‌دا هات جگەرەیەکی پێشکەش‌کردم .. هەموو ئەوەم لەلا سەیر بوون ! چارەنووس چی‌ی بۆ شاردوومەتەوە ؟ لە ناکاودا : عەلی قدووسی، غەفار بوور ، محەمەدی گیلانی‌و مەهدەوی کونی هاتنە ژوورەوە ! چوار کەس لە لێپرسراوە گەورەکانی ڕژێمی ئاخوونەکان .. چوار کەس لەوانەی بەخوێن دەست‌نوێژ دەکرن‌و پەیڕەوی کوشتن‌و کوشتار دەکەن ! ڕاوەستام سلاووم ئاراستە کردن جگەرەکەم کوژاندەوەو ئەو پیالە چایەی بۆم هێنرابوو لەسەر مێزەکەم دانا .. بەبێ قسە دانیشتن‌و مەهدەوی کونی ئەو کاغەزانەی تێ‌دەڕوانی کە بە دەستیەوە بوون .. ویستم سەرنجی ڕووی (غەفار بوور)بدەم بەشکەم نهێنی‌یەکم لە چاوەکانی‌دا بۆ دەربکەوێت ..... سەرنجی ڕووی (گیلانی)م دا هیچ شتێک تێ‌نەگەیشتم .

(مەهدەوی کونی) گوتی (باشە) پاشان ڕووی تێ‌کردم‌و گوتی.

دۆسێکەمان خوێندتیەوەو دەبێت ئێستا بە شێوەیەکی خێراو کورت ئاگاداری ئەو شتەمان بکەیت کە دەیزانیت چونکە تۆ لەژێر بالی ئیسلامدایت ئەگەر بێ‌تاوان بوویت ئەوا ئازاد دەکرێیت ، ئەگەریش تاوانەکەت دەرکەوت ئەوا دادگاکانی شۆڕش بڕیاری سزای پێویست دەدەن .... ڕووداوەکەم بۆ باس‌کرد لەگەل هەڵبەستنی هەندێک بیانوو و درۆدا ..

(مەهدەوی کونی) گوێی بۆ ڕاگرتم پاشان بە بزەوە ئەوەی بەجێ‌هێشت !

پاسەوانەکەی تەکم پاش ئەوەی چوار کەسەکە ڕۆیشتن جگەرەیەکی پێشکەش‌کردم ! لە هیچ شتێک تێ‌نەگەیشتم .. لە هیچ شتێکیش نەدەگەیشتم .. ئامادەبووم ئەوەی ژیانم ببەخشم کە بە دەستیەوە دەئالم‌و ئەم هەموو ئازارە دەچێژم تەنیا بۆ ئەوەی بزانم چی لەو دیوی دەرگا داخراوەکانەوە ڕوو دەدات .. بۆچی لە زیندانی (قەسر)ەوە بۆ زیندانی (ئیڤین)یان گوێزامەوە ؟ بۆچی لە سەرەتاوە تووشی ئەشکەنجەدانی دڕندانە بووم ؟ پاشان بۆچی لە بڕ ئەشکەنجە کە ڕاگیرا ؟ بۆچی‌و بۆچی و سەدان پرسیاری سەرسوڕهێنەرانە کە وەلامیانم نەدەزانی ..!

پاسەوانەکە زنجیرەی بیرەکانی پچراندم کاتێک داوای لێ‌کردم لەم ژوورەدا بنووم چونکە ئەوەندەی نەمابوو ڕۆژ ببێتەوە .. لێم‌پرسی ئەمڕۆ چی ڕۆژێکە بە بزەوە وەلامی دامەوە ... هەینی ، ووتیشی زیندانی تاکە کەسی زۆر ناخۆشە سوپاسی خوا بکە کە تەنیا نو ڕۆژت تێدا بەسەر بردووە .

سەرم هاویشتە سەر ئەو تەختەی لەسەر دانیشتبووم .. چاووم لێک‌ناو بیرم لەو نو ڕۆژە ڕەشە تاریکانەوە دەکردەوە .

کە زیندان تاقی‌دەکەیتەوە دەزانیت هێندی پیاوەتی‌ی مرۆڤ بە چەندێتی‌ی ئازارچەشتن‌و چەوسانەوەو جەزرەبە دەپێورێت کە تووشیان دەبێت ! نازانم بۆچی گەیشتمە ئەم ئەنجامە لە کاتێک‌دا دوو ڕۆژە لە بەندیخانەی (جەمشیدیە)م پاش ئەوەی لە بەندیخانەی (ئیڤین)ەوە بۆ ئێرە گوێزرامەوە ..(ڕێشەهری) کە ئێستا وەزیری موخابەراتە سەربەرشتی‌ی ئەم زیندانە دەکات کە بۆ سوپایی‌یەکان تەرخان‌کراوەو بە بەندی‌یەکانی ئەم زیندانە دەلێن شەبقە سەوزەکان ئەک لەبەر ئەوەی شەبقەی سەوز لەسەر دەکەن بەڵکوو لەبەر ئەوەی سەریان تاشراوە .. من‌و ئەو کابرایەی ناوی (جەلالی)یە تەنیا لە شەبقە سەوزەکان نەبووین .

(جەلالی) خاوەندی چایخانە بوو ئەوەبوو شەش جار هات‌و چۆی نێوان زیندانی ئیڤین‌و قەسرو لیژنەی ناوەندی بێ‌کراوە ئەویش بە تاوانی لەچاپدانی بلاوکراوەی ڕێ‌وون‌کەر ! جگە لەو ڕۆژنامەیانەی کە سەر بە ڕێکخراوی سیاسی‌ی (موفسدی فیل گەرز !)ن وەک موجاهیدین ، پەیکار ، توفان ..هتد.ئ

(جەلال) پێ‌گوتم ئەم بەندیخانەیە بۆ سوپایی‌یەکان تەرخان‌کراوەو ناسوپایی ئیدانی‌یە تەنیا هەردووکمان نەبێت بۆیە لەوانەیە کومانمان لێ‌بکەن واتە (زیندانی‌یەکان)و بەو کەسانەمان دادەنێن کە مرۆڤ دەفرۆشن بۆ تێ‌رکردنی ئارەزوو و ویستەکانیان .

لەپڕ نوو بە مایکرۆفۆنەکەدا کرا، داوای لە هەموو کرد بچینە ناو حەوشەی زیندانەکەوە .. یەکێک لە ئاخوونەکان چاوەڕێ‌ی دەکردین ..

کاغەزێکی بە دەستەوە بوو ... وامانزانی (ئامۆژگاری)یەکی نوێ‌یە کە پێ‌ی‌ڕاهاتووین ! کەچی سەرمان سوڕما کە لیستەیەک ناوی خوێندەوە .

١ - ج . ئە ...
٢ - چاووش ...
٣ - باش چاووش ...
٤ - گروبان ...

لە شوێنی خۆماندا چەقین وەک بڵێیت پەلەوور لەسەر سەرمان ڕاوەستاوە بەڵام پشوومان بێدا هاتەوە پاش ئەوەی ژمارەی ناوەکان لە (١٥) تێ‌پەڕی کەواتە مەسەلەکە مەسەلەی لەسێدارەدان نی‌یە چونکە تا ژمارەی (١٥) مەسەلەکە ئاسایی‌بانە مەترسی‌ی تێدایە .. هەر کەسەو ڕەمێکی لێ‌دەدا. هەندێک دەیگوت بەرەڵامان دەکەنو هەندێکی تر دەیگوت بۆ ئۆردوگای ترمان دەبەن هەندێکی دیش دەیان گوت لەوانەیە بۆ (ئیڤین)مان بگوێزنەوە ..هتد.

هەمووان بۆ زیندان‌و هۆزەکانیان گەڕانەوە تەنیا ئەو ١٠٧ کەسە نەبێت کە ناویان خوێنرایەوە .. لەوانەیە بەرەڵابکرێن .. ئازادی تاقی‌دەکەنەوە. کە بۆ زیندانەکە گەڕامەوە (جەلالی) بە حەماسەتەوە لە تێکۆشان‌و خەباتی خۆی بۆم دەدووا .. چۆن بە تەنیا شەو بەدزی‌ی کرێکارەکانیەوە کە سەر بە ڕێکخراوو دەستەی سیاسی‌ی دیار بوون .. ئیشی دەکرد .. بە شەو ڕۆژنامەی چاپ دەکردو بەیانیان ئەو ڕۆژنامانەی بە بەدەستی ئەمو ئەوو.. بە دەستی ژنەکەی خۆی‌و ، خوشکی ژنەکەی‌و .. کرێکارەکانیەوە دەبینی.. زۆر پێخۆشخال دەبوو گەز گەز بالای بێ‌دەکرد .

لەپڕ گوێمان لە گیزەی کوللە بوو ، هەڕاو هوریای زیندانی‌و بانگ‌و هاواریان بەرز بووەوەو پاش سەعاتێک زانیمان کە هەموو ١٠٧ کەسەکە گوللەباران کران‌و یەک لە دووای یەک بەسەر یەکدا داکەوتن بە لاشەی بێ‌گیان ! خۆشەویستەکانیان کوشتین ئەوانەی پێش چەند ساتێک لەگەلماندا بوون .. خۆزگە توانیمانایە پێش گوللەباران کردنیان قیچێک یارمەتیمان دابنایە .. ئاوومان پێشکەش کردبان. شتێکمان لێوە بیستبان کە نیازیان هەبووە بە خێزانەکانیان ڕابگەیانین..

شەومان بەبێ‌دەنگی‌یەکی کوشندە بەسەر بردو دووکەلی جگەرە شوێنەکەی تەنیبووەوە . ئەو شەوە پێلوومان ئاشنای خەو نەبوو .. فرمێسک بە لاجمانمان دەهاتە خوارێ‌و ڕدێنی تەڕ دەکردین . تەرجەمەیەکی ڕاستەقینەی ئەوەیە تێیدا دەژێین .. کوت‌وبڕ (ڕمزا ئیرانی ، شەهنام ، پەرویز مناسکی‌و ڕەجائی)م بیر کەوتنەوە کە بەبەرچاومەوە لەسێدارەدران بێ‌ئەوەی چاو بنرووکێنن پاڵەوانی بەجەرگ‌بوون یەکێک لە بەندی‌یەکان بە دەنگی‌یەکی ڕاگەیاندم کە باسەوانەکە داوام دەکات. جارێکی تر پاسەوانەکە بانگی‌کرد (حوسەین جەلالی ، حەیدەر عەلی ، سیاووش بەشیری) ئەمزانی چۆن توانیم لەو کاتەی لەوبەری پەزارەو بەرۆشی‌دا بووم وەلام بدەمەوەو بڵێم (بەلێ).. کەل‌وپەلەکانتان کۆ بکەنەوەو وورن .. کەل‌و پەلی چی ؟ تەنیا بەتانیەیەکی چلکنەو بەس !

(حەیدەر عەلی) ماچی کردم‌و گوتی بەرەڵامان دەکەن .. تۆ ئازاد دەکرێیت بیرۆزبایت لێ دەکەم .. پێنووسەکەت لە یاد نەچێت ..

هەموو شتێک بنووسە .. سەرم نایە سەر سنگی .. دلی توند لێ‌ی‌دەدا وەک دلی (محەمەد میر بلووکی) کە بە گریانەوە لە ئامێزی گرتم بەر لەوەی بەندیخانەی قەسر بەجێ‌بهێڵم .. لەو ڕۆژەوە نەم‌دیوە .. لە خواوەند تەعالا داوا دەکەم لەژیان‌دا مابێت ..

گەیشتینە نووسینگەی بەڕێوەبەری بەندیخانە .. دەستەی (خەڵخالی) چاوەڕێ‌یان دەکردین کە بریتی بوون لە : ڕیشۆ ، حاج حەقانی ،ئەمیر ... ئەو سێ کەسەی دەستیان بە خوێنی چاکترین ڕۆڵەکانی گەلەکەم سوور کردووە کە خستینیانە ئێوە ئۆتۆمبیلی شۆفرلێتەوە دەم‌و چاوی (حەیدەر عەلی)م بە زەردی بینی وەک ڕەنگی مردووەکان ..

بەر لە چەند ساتێک بیرۆزبایی ئازادبوونی لێ‌دەکردم کە بێ‌ی شاد دەبین ، کەچی ئێستا هێزی لێ‌براوە وا خۆی دەبینێت وەک بڵێیت بۆ مردن دەچێت ئەک بۆ لای خەڵخالی ! هیچ کەسێک لەو پێنج کەسەی ئێوە ئۆتۆمبیلەکە وورتەیان لە دەم ئەهاتە دەرێ تا گەیشتینە بەندیخانەی (قەسر).

● ماویەتی ●

لە هەندەران چ باسە :

بە هەزاران دەربەدەری بەریتانیا بێ‌چارەسەر ماونەتەوە

وەرگێرانو ئامادەکردنی
عەزیز ڕەشید حەریری

ئەگەر چی وولاتی بەریتانیا بەوە ناسراوە کە لە ڕووی زامن‌کردنی باری کۆمەڵایەتی‌و خانوو بەرە بۆ دانیشتوانی وولات مێژوویەکی کۆن‌و دیاری هەیە، بەڵام ئەوەی دەبێ بگوترێ ئەوەیە کە لەم ماوەی دوایی‌بەدا خەریکە مەسەلەکە پێچەوانە دەکەوێتەوەو ، ئەوەتا ژوورداوی ڕۆژانەی نێو شارەکانی وولاتی بەریتانیا ئەو ڕاستی‌یە دەسەلێنن کە ئەویش بریتی‌یە لە ڕواڵەتێکی سەیرو سەر سوڕهێنەر ، کە لە قالبی بێ جێگەو شوێنی‌ی بەشێکی دانیشتوانی وولاتەکەدا سەری هەڵداوە ، بە جۆرێ کە ئەو کەسانەی بێ جێگەو شوینی حەوانەوە ،ماونەتەوە گەیبوەتە «٢٤» هەزار کەس .

هەر ئەم هۆزەیشە وای کردووە کە شارەوانی «لندن» گلەیی لە خاتوو «تاتشر» دەکات ، چونکە حکومەتەکەی ئەو ، ئەم مەسەلە گرینگەی وەپشت گوێ خستووەو بایەخی بێ نادات‌و ،ئەو پارە کەمەی کە وەکو یارمەتی دەدرایە بێ نادات‌و ، ئەو پارە کەمەی کە وەکو یارمەتی دەدرایە بێ جێگەو شوێن‌و دەربەدەرەکان و ، بریتی بوو لە «٧٠-جونیە» لە ڕۆژێکدا ، ئەوەیشیان بڕاوە و نایان درێتی ، چارەسەرکردنی دەوڵەتیش بۆ ئەم مەسەلە ترسناکە شپرزەیی تێ‌کەوتووەو شڵەژاوە ، بە بیانووی ئەوەی کە باری دارایی بواری ئەوە نادات ئەپارتمان‌و خانووی لەبار بۆ ئەو لێ قەوماوو بێ جێگەو شوێنانە دروست بکرێت ، ئەوەتا لە سالی پارو ،لە یەکەم شەوی جەژنی سەری ساڵدا نزیکەی هەزار کەس لەبەر بێ جێگەیی ئەو شەوەیان لە سەر شەقامەکاندا بەسەر بردووە ، ئەو کەسانەیش بە زۆری لەوانە بووین کە گیروگرفت‌و کێشەکانی نێو کۆمەڵگەکەیان زوو بە ڕووی ئەم کارەساتەی کردوونەتەوە ، وەکو : «مەسەلەی تەڵاق دان‌و زێدە خواردنەوەو بەکار هێنانی حەب‌و کەرەستەی لە هۆش خۆبەر» ،کە لە ئەنجامی بەکارهێنانیا گرفتی گەورەیان بۆ دروست دەبێ‌و جێگەی حەوانەوەیان نامێنێ ، بۆیە شارەوانی گەلێ جار ناچار دەبێ ڕووری تایبەتی بۆ ئەو جۆرە کەسانە زامن بکات‌و کێشەکە تا ڕادەیەک هێمن بکاتەوەو ، بارگرانی‌یەکی زۆر بخاتە ئەستۆی خۆیەوەو ، لەوڵاشەوە گلەیی لە دەوڵەت بکات چونکە ئەو لایەنە فەرامۆش دەکات . .

لە لایەکی دیکەشەوە کێشەی دەروونی‌ی کە ئەویش لە ئەنجامی ئەوەدا هاتووە ، چونکە هەموو ئەندامانی خێزان لە ژوورێکدا دادەنیش ، واتە تەنها ژوورێک شک دەبەن بۆ حەوانەوەیان ئەمەیش هەر دیسان بۆتە هۆیەکی سەرەکی بۆ زێدەکردنی مەسەلەی لە یەکتری جیابوونەوەی ژن‌و مێرد ، هەروەها نەبوونی مەرجەکانی تەندروستی لە ژوورەکەدا بۆتە هۆی مردنی بەشی زۆریان .

لەوولاشەوە خاوەن کۆشک‌و ئەپارتمانەکان بە هۆی دەوڵەمەندی‌و دەست ڕۆژێشتنیانەوە ، بە هەوەستی خۆیان کەوتوونەتە گیانی ئافرەتە هەژارو لێ‌قەوماوەکان ، بە زۆر دەستیان بەسەردا دەکرن ، کە لە ئەنجامدا بەڕووی زۆر کارەساتی نا هەموار دەبنەوە . .

ئا ئەمەیە لایەنێکی ڕووە ناشیرینەکەی ئەو وولاتە سەرمایەدارە کە ئێستایش کەسانێ هەن زۆر بە پەرۆشەوە ئارەزووی بینینی دەکەن، کەچی دانیشتوانی وولاتەکە خۆیان ئەمە حالیانەو ، بەم شێوازە ترسناکە دەژین‌و ڕۆژ بەسەر دەبەن !.

* ئەم نووسینە لە ژمارە ٣٠٠٠ی ڕۆژنامەی «عیراق»ی ڕۆژی ١٠-١٢-١٩٨٥دا بڵاوبۆتەوە .

فؤاد حسین

ڕۆژ دوای ڕۆژ بارودۆخی ئابووری و دارایی ئێران بەرەو خرابی ڕوودەنێت ..کێشەکەی بانی‌بەسەر لایەنەکانی تری ژیاندا کێشاوە ... بەتایبەتی لایەنی کوزەڕانی‌و سوپایی بەکشانی قورسایەکی گەوردی خستۆتە سەر بەرێوەبەرانی ئێران‌و لەژێر بەدا دەنالێنن‌و تووشی سەربەشە ڕۆن..

هەروەها لەگەل ئەم بارودۆخانەدا گەلێ دباردەی تری پڕ لە ژاوەژاو گیرمەکێشەو ناکۆکی هەن .هۆیەکانی دەگرێنەوە بۆ ئەبوونی پلانی پرۆگرامی بەردەیدان . تێکچونی سەنگ‌و یەکسانی‌ی تای تەرازوو قەوارەی لەش‌ولاری ئابوری‌و لاوازیی ڕژێم‌و کەم‌دەسەلاتیی بۆ دۆزینەوەو دانانی چارەسەریی ڕاستەقینەو دروست بۆ کێشەکان .. ئەم وێنەیە لەو ڕۆژەوە دەرکەوتووە خۆی بەسەر ژیانی ئێرانیەکاندا زال کردووە کە مەلاکان دەسەلاتی ئێرانیان بە دەست کرتووە. بەڵام کێشەکە زیاتر پەرەی سەندو تەشەنەی‌کرد کاتێ قارەمانەکانی عیراق بڕیاری ئەهێشتنی دوورگەی خەرج‌یان دا .. دوای بۆردمان‌کردنی خەرج‌و بەکەوتنی بۆ هەتا هەتایی . بارێکی تری کوشندەی خستەسەر . کە هەرگیز ڕژێمی داخ‌لەدل ئەتوانێت چارەسەرێک بۆی بدۆزێتەوە . بیان هەر نەبێت بینەیان بکات‌و وا بۆ گەلانی ئێران بیشان‌بدات کوابە بیریان لە مەسەلەکە کردۆتەوە کێشەکان لەناو دەبەن ..!!

با ئەوەش لەیاد نەکەین .کێشەی ئابوری‌و دارایی بەکێکە لە کێشە هەرە گەورەو بزرگەکانی نێو ئێران کە بەربەرەکانی‌و زۆرانبازیەکی بەردەوامی خولقاندووە نێوان دەستەو دایەرەی ڕژێمی گەندەل ، بەتایبەتی نێوان ، خامنئی‌و موسوی‌دا لەوانە ووتوویژو لێکۆڵینەوەیان بۆ دۆزینەوەی چارەسەریەکان بۆ بارودۆخی ئێران ... هەرچەند زۆر جار خومەینی کەوتۆتە نێوانیان‌و داوای کردووە خۆیان لە شەڕوشۆڕو ناکۆکی دوورخەنەوەو ئاگری وولات بکژێننەوە پێش ئەوەی ببێتە هۆی سوتاندنی ڕژێمەکەیان .. لەڕاستیدا هەندێ چارەسەریان دۆزیوەتەوە ، لەوانە وەرگرتنی ملکەچی‌تی ئێرانیەکان‌و خەرج‌کردنی بۆ پێداویستیەکانی سوپا ..!!

بەتایبەتی دوای ئەوەی هەڤالەکانیان لە پشتگیری‌کردن‌و یارمەتیدان وازیان لێیان هێنا .. کە بەردەوام پشتی بۆدجەی سوپاییان دەگرت ... دیسان پەلکەوتنی دوورگەی خەرج ئەک تەنها کاری‌کردەسەر باری ئاوەوەی ئێران‌و تەنکوچەمەیەکی زۆر کەورەو کوشندەی دروست‌کرد ، هەروەها کارێکی گەورەشی کردەسەر پەیوەندیی ڕژێم لەگەل هەندێ دەوڵەتاندا ،چونکە ئەمانە خۆیان لە ڕژێمە دوورخستنەوە ..ڕژێمەکەش دوورەبەرێز مایەوە ..

Institut Kurde de Paris

نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتوو لە هەولێر

شێرزاد ـ لقی هەولێر

لە ڕێگای شەقلاوەو لە بینایەکی هەرە ڕازاوە ، ڕوو بە ڕووی نەخۆشخانەیەکی پێشکەوتوو ئەبینەوە، کە بڕێتی‌یە لە نەخۆشخانەی منداڵو لە دایکبوونو بە یەکێك لەو پرۆژە زیندووانە دانەنرێت کە لە زەمانی شەڕدا هاتۆتە کایەوەو دیاردەیەکی شارستانی گەورەیە .. .

بۆ ڕوونکردنەوەی بایەخی دامەزراندنی ئەم نەخۆشخانەیەو دیارترین بەشەکانی چووینە سەردانی بەڕێز دوکتۆر سەردار عبدالرحمن امین بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکەو لە وەڵامدا ووتی :

نەخۆشخانەکە لەسەر زەویەك دامەزراوە دو جای پانزە دۆنمەو پانزە ملیۆنی تێچووە لە لایەن کۆمپانیەیەکی بیانیو توانای ٢٦٠ تەختی تێدایەو هەموو هۆیەکی خزمەتگوزاری پزیشکی‌ی پێویست بۆ منداڵو دایك تیایدا مسۆگەر کراوە ، لەگەڵ خانووی تایبەتی بۆ پزیشکی نیشتەجێ و دایەنگەیەکی منداڵ بۆ کارگێڕانی نەخۆشخانە .

● دوکتۆر ، تکایە باسی گرینگترین بەشەکانی ئەم نەخۆشخانەیمان بۆ بکە ...

ـ بە تێکرا نەخۆشخانەکە بێجگە لە بەشی بەڕێوەبردنو هۆڵی کۆبوونەوەو بەشی ئەندازیاری ، بڕێتی‌یە لە بەشانە :ـ

١ ـ بەشی «طواری» بۆ نەخۆشی ژنان : کە بۆ ئەو ئافرەتە سك‌پڕانەیە کە لە کاتی تەنگانەدا پێویستی تەواویان بە «کورتاج»و شێوەی دەست‌وبردی تر هەیە .

٢ ـ بەشی عیادە : کە تیایدا چارەسەری چەشنەها نەخۆشی ژنان دەکرێت بە شێوازێکی نوێ کە بڕێتی‌یە لە بشکنین بە شێوەی شەپۆلی دەنگو تازەترین ئامێری ـئارمۆنـ .

٣ ـ هۆڵی عەمەلیات : کە بێك‌هاتووە لە پێنج هۆڵی سەرەکی بۆ عەمەلیات‌کردن بە نوێترین ئامێری بە نج‌کردنو بڕینی عەمەلیات بە کارەباو هۆڵێك بۆ بە هۆش هاتنەوە .

٤ ـ هۆڵی منداڵبوون : بڕێتی‌یە لە دوانزە تەختی تازە بابەتو هۆڵی چاودێری منداڵ بوون .

٥ ـ بەشی منداڵە تازە بووەکان: کە تایبەتە بە منداڵە نەکامڵەکان ، واتە بەر لە تەواوبوونی نۆ مانگی ئاسایی ، یاخود ئەو منداڵانەی کە کێشیان کەمە، یا تووشی نەخۆشی زەرتك ئەبن .

٦ ـ بەشی سرووشتی : کە بە ڕێگەوەیە بکرێتەوەو بڕێتی‌یە لە چارەسەرکردنی نەخۆش بە ڕێگاری سرووشتی .

٧ ـ بەشی «اشعە» : کە ئامێری تازەو پێویستی ئەم لایەنەی تێدا زامن کراوە .

٨ ـ بەشی خزمەتگوزاری : کە گەلێك لایەن دەگرێتەوەو ئەو بەشانە چەندان دەستی کرێکاری تێدایە ..

● بەم بۆنەوە ، حەز ئەکەین باسی شێوەی خزمەتگوزاریی‌یانە بکەن ،بەتایبەتی بۆ بەراووردکاری لەگەڵ نەخۆشخانە لە بینا کۆنەکەی پێشوودا ؟!.

ـ بەلای منەوە ، بەشە خزمەتگوزاری‌یەکان تەواوکەری لایەنی پێشکەوتنی نەخۆشخانەکەن کە بڕێتین لەم لایەنە سەرەکی‌یانە :

١ ـ چێشتخانە : ئەم بەشە هەموو شتومەکی خواردەمەنی ئامادە دەکات بە ئامێری ڕێك ، جگە لە کافیترا کە سەر بەم بەشەیە .

٢ ـ کۆگای کەلو پەل : کە کاروباری پزیشکی تێدا دەپارێزرێ لەگەڵ دەرمان بۆ نەخۆش .

٣ ـ بەشی شووشتنی کەلو‌پەلی نەخۆشو دوورمانو ئوتوو بەشی ـتعقیمـ بۆ کەلو پەلی پێویست ..

٤ ـ چوار کەرتی تایبەتی بۆ خەوتنی منداڵی نەخۆشو هۆڵی چارەسەرکردنو سەرشۆر بۆ نەخۆشو هەر کەرتەی لە ـ٣٥ـ تەخت پێك هاتووە .

٥ ـ دوو کەرت بۆ نەخۆشی ژنانو دووی تر بۆ منداڵ ، یا ئەو نەخۆشی‌یانەی لەگەڵ سك‌پڕی ئەبێت، ئەوی جێی سەرنجیش بێت ، سەرباری ئەوانە هەمووی ، سەرابای هۆڵو بەشەکانی نەخۆشخانە هۆڵی ساردیو گەرمی‌ی بە شێوەی مەرکەزی و سماعەی تایبەتی لە نێوان نەخۆشو خوشکی سستەر بۆ ئاگاداربوون لە دوا قۆناغی نەخۆشی‌یەکەی .

● هەنگاوێکی چاك کە هەستی پێ دەکرێ ، بەشی چاودێری دایك‌و منداڵ بوونە ... چی تازە هەیە لەم بارەوە ؟!.

ـ ئەم بەشە زیندووە بایەخ بە باری تەندروستی دایك دەدات لە کاتی سك‌پڕی‌داو لە قۆناغەکانی‌دا چارەسەری دەکات ، هەروەها چاودێری منداڵ لە کاتی لە دایك‌بوونی‌دا ، لێرەدا هەرچی پێویستی کوتان هەیە بۆی زامن دەکرێت ، تا قۆناغی گەورەبوونو فایلی بۆ تۆمار دەکرێت ... بە کورتی لەم بەشەدا لە هۆیەکانی لە دایك‌بوونو منداڵ دەکۆلدرێتەوە بەو شێوەیە کە باری تەندروستی بۆ زامن بکرێت ، بێ‌گومان جگە لەوەی کە بەشی عیادەی دەرەوە هەیە بۆمنداڵ کە چەندان پزیشکمان بۆ داناوە کە پسپۆری خۆیان لە نەخۆشی‌یەکانی منداڵانە ، دیسان ئەزمونگەیەکی گەورە کە چەندان ئەزمونگەی نوێی تێدایە .

بێ‌گومان ، لێزنەیەکی ڕاوێژکاری پێك هاتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئیش‌و کاری نەخۆشخانەو چالاکی‌یەکانی .

ـ ئێمەش لە کاتێکا کە ئەم نەخۆشخانەیە بە دیاردەیەکی پیرۆز دەزانین ، هیوامان وایە ، کە هاووڵاتیان هاوکاری تەواو بنوێنن بۆ پاراستنو خاوێن ڕاگرتنی ...

تکایە کێش بۆ بەڕێوەبەرایەتی تەلەفۆنی هەولێر کە بیر لە زامن‌کردنی تەلەفۆنی تر بکاتەوە بۆ ئەم نەخۆشخانە گەورەیە کە چەندان هاووڵاتی ڕووی تێدەکەن ، بەتایبەتی لە کاتی ئێش‌و ئازاری منداڵە خنجیلانەکانمان ..

ـ میهرەجانی میربەدی ئەم ساڵ بەوە لەساڵان جۆی دەکرێتەوە کە سەرەڕای بارودۆخی جەنگ ژمارەی ئەدیبو نووسەران زۆر لە ساڵان زیاتر بوو .گەیشتە هەزار . هەروەها ئەدیبو شاعیری کوردیش جێگای خۆی هەبوو دەنگی ڕەسەنی شیعری کوردی بە هەموو ئەدیبە بێگانەو عەرەبەکان گەیاند .

ئەدیبە کوردەکان لە میهرەجانی مربەدا

سەرگول تەیمور

دکتۆر نافع ئاکرەیی کە شاعیرێکی کوردە بەشداری‌ی ئەم میهرەجانەی کردو لە دەمەتەقێیەکدا ئەم دوو پرسیارەمان لێ‌کرد :

ـ ڕاتان بەم میهرەجانە چی‌یە بەتایبەتی کە لە بارودۆخی جەنگی ڕەواماناـ دەگیرێ ؟

● یەکەم جارە ئەم بەکۆکرنەو بەکناسینە دێتە دی لە نێوان شیعری کوردی‌و عەرەبیدا ... دوور نی‌یە

گەلێك جار ئەدیبو شاعیری کوردو عەرەبی پێکەوە شیعریان خوێندبێتەوە ،بەڵام وەك ئەم جارە بەشێوەیەکی ڕەسمی‌و لەگەڵ یەکدا کە دەزگایەکی دەولەت ئەم شتە بگرێتە ئەستۆ پێشتر ڕووی نەداوە .

ئەمەش دیاردەیەکی گەلێ چاکە بەتایبەتی لەم بارو زروفەی وڵاتەکمان تیدا دەژێت ... بارو دۆخی جەنگ .. بەڵێ لەم کاتەدا

یەك دەگرن وشیعری کوردی بەئەدیبی عەرەبو وجیهان دەناسێنین ، ئەمەش خزمەتێکی هەرەگەورەی یەکیەتی نیشتمانی عیراق دەکاتو ڕێزی وڵاتەکەمان بتەوتر دەکات دژی هەر دوژمنێك بیەوێت لەیەکمان بکات یان لە عیراقی‌یەتی ئێمە کە شانازی پێوە ئەکەین کەم بکاتەوە .

ـ ئەو شیعرانەی خوێنرانەوە چۆن بوون ؟

● ئەوەی ڕاستی‌بێت زۆربەی شیعرەکانم نەبیست چونکە زیاتر لە کۆرەکانی لێکۆڵینەوە بەشدار دەبووم کە لە یەکێك لەم کۆرانەدا من وەك کوردێك موقەریری دانیشتنەکەو کۆرەکە بووم . بەڵام شیعرە کوردی‌یەکان لایەکی ڕوناکی شیعری میللەتەکەمانی پێشان برا شاعیرە عەرەبەکانو جیهانی‌یەکان‌دا .

هەروەها گەلێك لەو شیعرانەی خوێندرانەوە لە ئاستی باش‌و ئومێدا بوون . بەڵام شیعرە جیهانی‌یەکان هی عومەر عەزرا پاوند شعیرێکی گەلێك چاك‌و جوان بوو بەڵام ئەبێ ئەوەش بڵێم کە شاعیرانی عیراقی ئەستێرەی ئەم میهرەجانە بوونو شیعریان وەك هونەری شیعری گەلێك لەوانەی تر جوانترو چاکتر بوو .

قوتابخانەی نەخۆشەوانی سلێمانی

ئاوێنەی پاشە ڕۆژێکی ڕووناك

لە ناو بەشێکی نەخۆشخانەی « طواری » شاری سلێمانی بەشێکی تایبەتو جیاواز هەیە ، ئەوەش قوتابخانەی نەخۆشەوانی سلێمانیە ، ئەم قوتابخانەیە کە ئاوێنەیەکی گەش بینە بۆ پاشە ڕۆژی ڕۆڵەکانی ئەم شارە خۆشەویستیە ، کە کچە قوتابی تیایدا فێری کارە پیرۆزەکانی نەخۆشەوانی‌و تیمارسازی‌و بڕین پێچی‌و چارەسەرکردن ، سەرەڕای فێربوونی زمانی عەرەبی‌و ئینگلیزی‌و دابو ڕەوشتی کۆمەڵایەتی‌و فریاکەوتن .

ئەمەش لای هەموو مرۆڤێکی ڕۆشنبیر دیارە ، کە پاشە ڕۆژی ڕووناك‌و کەشەدار لە ئەنجامی کارکردن‌و بەتەنگەوە هاتنی خەلکیەوە بەدیار ئەکەوێت بەتایبەتی تەماشاکردنی پیرۆزی ئەو کارە کە فریشتە خاتونەکانی ئەم شارە پێی هەڵدەستن ، ئەنجامی ئەوەش لەوەدا بۆمان دەرئەکەوێت ئەکەر هاتوو هەر یەکی لە ئێمە بۆ ماوەیەك سەربدا لە نەخۆشخانە یان خوانەخواستە لەو کاتانەی کە نەخۆش ئەبێت‌و لە نەخۆشخانە ئەکەوێت .. گومانی تیدا نیە کە ئەوانەی لە دەوروپشتمان ئەیانبینین هەر بە پزیشك‌و تیمارسازو نەخۆشەوان‌و کرێکارو کارگەری نەخۆشخانە خوشك‌و برامانن ، ئەوەی ئەوان لەو کاتەدا بۆمان ئەکەن ، لە ناو خێزاندا بۆمان ناکرێت، کەواتە پێویستە بە چاوی ڕێزەوە تەماشا بکرێن .

لە سەردانێکا بۆ ئەم قوتابخانەیە چاومان کەوت بە بەڕێز خوشکە ئاورنگ ئەسعەد بەڕێوەبەری

قوتابخانەکە کە بەم شێوەیە لە پیرۆزی ئەو کارەو قوتابیانو قوتابخانەکە بۆمان دوا :ـ

گومانی تیدا نیە کە خوێندنی کچان لەم قوتابخانەیە ، لای هەموو لایەکمان جێگای ڕێزە ، ئەم قوتابخانەیە لە ساڵی ١٩٦٧وە هەتا وەکو ئێستا قوتابی پێ‌ئەگەیەنێت ، بۆ ئەوەی ئەو ئەرکە مەزنو پیرۆزە بگرنە ئەستۆ ، ئەو بۆشایانە پڕ بکەنەوە ، کە لە مەیدانی نەخۆشەوانیدا هەیە ، بەڕاستی ئەو دەستە خۆشکە بەڕێزانەی کە ئێستا لە پۆلەکانی یەکەمو دووەمو سێیەم ئەخوێنن ، زۆر دڵخۆشکەرن، ئەمەش یەکەم ئەگەرێتەوە بۆ خۆیان کە بە دڵسۆزیەوە ڕوو بە ڕووی کارەکە بونەتەوە ، لە لایەکی کەوە بۆ ئەو ڕەوشتە بەرزەی خێزانەکانیان کە ڕێگایان ئەدەن لەم مەیدانە پیرۆزەدا بخوێنن ، بەداخەوە ئەلێم کە هەندێ خێزان بە چاوی کەم ڕێزیەوە ئەڕوانێتە ئەم پیشەیە ، بەڵام ڕاستی پیرۆزی ئەم پیشەیە ، ئەو بیرانە بەرپەچ ئەداتەوە ڕۆژ بە ڕۆژ بیری خەڵکی بەرامبەر ئەم کارە ڕوناکتر ئەبێت . ئەو قوتابیانەی لەم قوتابخانەیە وەرئەگیرێن ، پێویستە بۆلی شەشەمی سەرەتایان تەواو کردبێت ، تەمەنیان لە نێوانی ١٣ تا ٢٥ ساڵدا بێت ، قوتابی کە لەم بەشەدا وەرئەگیرێت لە کاتی ماوەی ڕاهێنان‌و خوێندن‌دا مەچەی مانگای بۆ ئەبڕێتەوە (٢٥) دینار ، جگە لە دابین‌کردنی پێویستیەکانی تر لە جێگاو شوێنی حەوانەو خواردن‌و جل‌وبەرگ بەخۆڕایی . ئەو قوتابیەی کە حەز نەکات لە بەشی ناوخۆیی بمێنێتەوە ، لە بری خواردن ڕۆژانە ٧٠٠ فلسی ئەدرێتێ ، هەروەها پاش تەواوکردنی خوێندن سێ‌یەکەمیان لە ئامادەیی نەخۆشەوانی وەرئەگیرێن، لە کاتی دامەزراندیشا موچەی مانگای خۆی وەرئەگرێ ٨٢٫٥٠٠ دینار جگە لەسەر موچەی پیشەیی‌و هاندان‌و دژی نەخۆشی وێشك‌گرتنو شوێنی کار کە نزیکەی لە ١٨٠٪ تا ١٩٠٪ی موچەکەی ئەبێت .

قوتابخانەکەمان وەکو پێویست لە گەلێك ڕووەوە ناتەواوی هەیە ، ئەوەش کە ئەمانەوێت لێرەدا باسی بکەین ، شوێنی قوتابخانەکەیە کە زۆر بچکۆلەیە ، پاشان بەشی ناوخۆیی ئەویش پێویستی بە لالێکردنەوە هەیە ، هەرچەندە ئێمە بە هۆی گەلەکاریەوە توانیومانە زۆر شت لەم قوتابخانەیە جێ‌بەجێ بکەین ، ئەمەش وا برانم ئەرکی خۆمانە .. بەڵام هەندێ شت هەیە ، کە پێویستیان بە چارەسەرکردن هەیە بەکێك لەوانە وەك باسمان کرد شوێن ، پاشان نەبوونی مەکتەبەیەك، هەروەها گۆڕەپان بۆ ئەوەی ڕۆژانی پێنج شەممەوان قوتابیانی تیا کۆبێتەوە .. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ڕادەی هوشیاری قوتابیەکانمان زۆر بەرزە لە ڕووی

کادر پزیشکی‌و مامۆستاوە هیچ کەم‌و کوڕیەکمانیە ئێمە هەموو کات هەوڵی ئەوە ئەدەین کە پلەی زانیاری‌و زانستی قوتابیەکانمان بەرەو بەرزی بچێت بۆیە هانیان ئەدەین بۆ دەربڕینی هەستی خۆیان بە نوسین بۆ ئەم مەبەستە بەشداری بلاوکراوەی قوتابخانە ئەکەن .. هەروەها قوتابیانمان لە هەموو نەخۆش‌خانەکان ڕاهێنان ئەکەن ، کە ئەمەش هۆیەکی کاریگەرە بۆ زیاتر فێربوونیان‌و خوش‌ویستنی کارە پیرۆزەکەیان وەك فریشتەی دڵسۆز ، ئامانجیشمان هەردەم بەرز کردنەوەی ڕادەی زانیاری‌و زانستیە پێ‌گەیاندنی وەچەیەکی هوشیارو خزمەتگوزارە .

لە کاتی سەردانی هەندێ لەو قوتا بیانەی کە خەریکی ڕاهێنان بوون لە نەخۆشخانەی « طواری سلێمانی » بینینی ئەو کچە قوتابیانەو دڵسۆزیان بەرامبەر کارەکەیان چەندە دڵی‌خۆش‌کردین ،

بڕوانە ل ١١

پشتە : ئامادەی‌کردن

Institut Kurde de Paris

مۆمێك بۆ ناخی تاریکی

نومێد ناشنا

هەمرو شەوێ مۆمەکانی ئـــەم شارە لە ژوورەکەمدا کـز دەکەمەوە و هەلیان دەگیرسێنم ، دەمکەی بـــە گلۆلەیەك ، بەم هەلدێرەدا دەستم لێ بەر دەدەی ، کە جەمسەرێکم بەدەست تۆوە نەبێ پتر لەم تاریکیە چاوەڕێی چیت ؟!.

لە بەر تیشکی مۆمەکانی ئـــەم شارەدا هەتا بەیانی پێکەوەین ، وەك ئەوەی دوا شەوی تەمەنمان بێـت ، بەخەبەر دێم هەر خزم دەبینـــم ، تەنانەت نابیتە دەستێك چاوی خەیالم هەلگلۆخی و دڵێ گریاوم ژیر کەیتەوە، کە ئەم باسەت بۆ دەگێڕمەوە کەمێـك ڕادەمێنی ، بە خەیالم پێ دەکەنـی و دەڕۆی ؟!.

خۆت نەدیوە چۆن لە تەمێکی پەمەبیەوە دەردەکەوی !.

فوو لە چرا دەکەی و نینۆکەکانت لە دڵم دەجەقێنی ؟!.

تۆ هێندەی مـن چاوەکانی خۆت خۆش ناوێ ، تۆ بەچاوەکانی خـــۆت شێت بوونی من دەبینی و منیش جوانی هەموو دنیایان تیا دەبینم ؟!.

بهێڵە لەژێر تیشکی ڕۆژدا یـەك سێبەر بین ، لە ژوورەکەودا کـــەی دەبیتە تیشکی مۆمەکانی ئەم شارە ؟ لە ئەستێرە بروانەو لە دەریا بگە .

دەشێ شەوێك بیرت لەمـــن کردبێتەوە ، بە ساویلکەیم پێکەنیبی، ئێمە چۆن لـە خۆشەویستی دەگەین هەتا منداڵ نەبینەوە ؟!.

لە ڕێگاکاندا کە دەبمە پەلاش وەك ڕەشەبا هەڵ مەکە !، خۆت هەمیشـــە دەڵێی «لەتۆ دەکەم» کەتێم دەگەی بۆ وەك هەورێکی سپی پەرت دەبـی ؟!. دڵۆپێ باران بە خاکێکی وشـــــك نابەخشی ؟! گەرووی کام چیا نـــەو تەلیسمەی تێدایە وا هەڵت دەڕوشێ؟!

بۆ سبەینێش کە هەڵ دێیتەوە ناهێڵی باسی ئاوابوونت بۆ بکەم ؟!.

هەرچی تیشکە پەی بە شـــەوی ناخم نابات ، کە مجارە تێم گەیشتیتەوە هەست دەکەی لەم شەوە تاریکتر لـە ناخمایە ، ناچار دەبیە مۆمێك و دادەگیرسێی . لە شیعرێکی مێشك کرۆژو هەناو سووتێن دەچـــی ؟!. ئازاری پرسیارێك دەمارەکانم دەرزی لـــاژن دەکات ، فێرم بکە لەسەر ئـــــەم زەویەدا دوو چاوی نرم خۆش بوێ ، لـەزەت لـە نیگایەکی کـە ببینم ؟!. ئەستێرە بانگم دەکات دڵداری لـــــە کەلدا بکەم ، شەپۆلێك گێژم دەداو لە دەریایەکدا بێ سەروشوێن دەمێنمەوە!! ئەوەی بزر نابێ تەنها تۆی ، ئـــەوەی بەرامبەر خەو چاوم پێ دەکاتەوە تۆی، بەرەو قوولایی دەریا لێت نزیـــــك دەبمەوە ، کە دەخنکێم دەکەومە کۆشی بەزەیی و ڕقی تۆوە . ئەم خەوە چەند ناخۆشە ، ئێواران لە کەناری شـــار هەرچوانیەك دەبینمەوە شێوەیەکی تۆی تێدایە . جوانیەکانی ئاسمان و زەوی ، ڕەوی باڵندەکان ، کۆدەبنەوەو دەبنـــە تۆ . لە خەیالی قوولی خەلوەتێکـــدا دەبمە دێوانەو دەتپەرستم ،! تۆ تەنیا دەستێکی ئەم هێڵانەیە ناڕوخێن تەنیا دەریایەکی هەموو کەشتیەك ناگریە خۆ ،ئای کە خۆشەویستی سەختو بـــر ئێشە ؟!.

دەست دەبەم بەرەو ئاسمان ، ئەستێرەیەك دادەگرم ، ئەستێرەیەکی گەش ڕووناکی بدا بە هەموو زەوی ، وەك چاوەکانت خۆشەویستی فێـری پەڕدوازەکانی شار بکات ، تیشـــکی چاوەکانت ئەو تینەم پێ دەبەخشن لـــە هەڵ لەرزینی بەر ئەم سەرمایە ڕزگار بم ، بەڵام ســـەد داخ ، بەردەوام دەم سووتێنن ؟!.

مەلا وەسمان

شاعیرو سۆفی کوردی میرنشینی بابان

د. امین موتابچی

ئاسمانی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی هەمیشە رازاوەبە بە ئەستێرە گەشە نەمرەکانی لە شاعیرو ئەدیبی کورد لە باباتایەرموە بیانگرە تا جزیریو تەیرانو خانای قوبادیو مەولەوی و نالیو کۆیی و رەزاو ئەدیب ...هتد..

ئەمانە هەر یەکە لە ســـــوری خۆیاندا تاقە ستارەی گەشی ناوچەکەیان بوونو بە بیرو خەیالی بەرزیانەوە شیعرو ئەدەبیاتی کوردیان رازاوەو پر مایەو بەرەکەت دەکرد جا پێویستە لەسەر خوێندەوارانی کورد جگە لەوەی کە بەرهەمو شیعرو نووسینیان بـــە ریزەوە بنووسنەوەو لێکی بدەنەوە تـا کتێبخانەی کوردی پێ دەولەمەندکەن جگە لەوە دەبێ جار جارێکیش لەســەر لاپەرەی ڕۆژنامەکان یادیان بکەنەوە تا هەمیشە لە دڵی میللەتا بژینو تا بـــە بیری وردیان هۆشو گۆشی نەوەکەیان پێ ناو بدرێ .

جا هەر لەبەر ئەو پێویستیەبە کە لێرەدا چەند ووشـــەیەك دەربارەی شاعیرو سۆفی بەناوبانگی کـــوردی دەورەی بابانی سەدەی سیانزەهەمـی کۆچی جەنابی مولانا عمادالدین «مـــەلا وەسمان» دەنووسم .

شاعیری بەرزو دانامان «مـــەلا وەسمان «عثمان» کوری حجی اسماعیل کوری مەلا میرە»یە بنە ماڵەکەیان لـــە دێی دەگەزێنی «هەمەدان» بووەو لـــە نەوی بابا تایەری هەمەدانی ، لە سالی «١٢٢١» کۆچی دا لە شاری سلێمانی لە گەرەکی دەرگەزێن لە دایك بووە . بە دوای زانستو دەرس خوێندنـی دینی گەلێ ناوچەی کوردستان گەراوە تا لە تەویلەی هەورامان خوێنـــدنو ئوسولی سۆفیتی لەوێ تەواو کردووەو «اجازە»ی مەلایەتیو شێخێتی لـــــە «شـــێخ سراج الدین» بە واتا «شـــێخ عوسمانی نەقشبەندی» وەرگرتووەو لە ســـــەر فەرمانی ئەو گەراوەتەوە سلێمانیو .

ـ لەو خانەقایەی کە ئێســـــتا بەناوی کورەکەیەوە «حجی مـــەلا علی» بە ناوبانگەو دەکەوێتە خواروی شاری سلێمانی نزیك سەر شەقام دەســـتی کردووە بە پێش نوێژیو دەرســـــــی کوتنەوە ، لەگەڵ ئیرشادیش لە ســـەر تەریقەی نەقشبەندی .

تا بووە بە شـــێخێك و مەلایەکی پایە بەرزو خۆشەویست لە ناو خەلکی شاری سلێمانی :

مەلا وەسمان هەروەکو هەمـــوو شاعیرو ئەدیبانی کورد گەلێ بەرهەمی لەپاش بەجێ ماوە کە ئەمانەی لەبـەر دەستتدایە .

١ ـ کوللیاتەکەی کە لـــە دوای خۆی بە ساڵێك بەواتا لە ساڵی ١٣٠٨ کۆچیدا بە فەرمانی حجی مەلا علـی کوری لە لایەن یەکێ لە مریدەکانیەوە نووسراوەتەوە ، کە بریتی لە دیوانی شیعری بە کوردیو دیوانی شـیعری بە فارس لەگەڵ تاکە تاکەیەك بـــــە عەرەبی جگە لە چەند نامەی بـەرزو رەوان بە فارسیو عەرەبی .

٢ ـ «جوهرە العرفان» بـــــە عەرەبی لەگەڵ لێکدانەوەو شـــەرحیکی بروانا .

مەلا وەسمان لە ساڵی «١٣٠٧» کۆچیدا کوچی دوایی کردووەو لـــــە خانەقاکەی خۆیدا نێژراوەو ئایەتـــی

بروانە ل ١١

مەغدید سۆران

گەرانەوەی شـەهید

یادت هاتو رەمـزی ژیانـم هاتـــەوە
تیشـــکی خۆریو لە ئاسمانم هەڵاتیـــەوە
گەراتیـــەوە . وەکـو تازەبێتـــە دوونیـــا
لەگەڵ خۆتا خۆری هیواو موژدەت هێنا
لە سەنگەرا جامـــی گەوردبیت بـــردەوە
لە سەنگەرا جامـی گەوریبیت بـــردەوە
شـــتێ نەبوو . پیرۆز تر بێ لەگیانـی تـۆ
گەورەتربێ لـــە بەلێنو پەیمانـــی تـۆ
تـۆ عاشقی خاڵو لێوو گەوهـــەر نەبووی
تـۆ پەروەردەی ناو تەلارو سێبەر نەبووی
تـۆ عاشقی لووتکەو تەلانو ئاسمان بووی
تـۆ عاشقی خەندەی لێوی منداڵان بووی
ئەو عاشـــقە عاشقێکی قـــەت نامـــرێ
ناوی لە ناوبـــەرەی مێژوو قەت ناسرێ .

* * *

نامـەی شەهیـد

کە دل سەرکێشی کاروانی خـــەم بـــوو
کەژاوەی مەفتەن کێشـــەی سەرددم بوو
لەناو ســـەنگەری چومـی بەنەوشـــــە
لەرۆژی ڕەشـی گـــردی مامەشـــــە
بەرزکردنـــــەوەی ئاڵا بۆســـەر شـــاخ
بەگێڕانەوەی گـوللەی ژێـــر بەیـــداخ
لەشـــەڕی گەوردی چـواریاخـی پێنجوین
کـە خەڵات کـرام بـــە ملوانکەی خـوێن
نەمـــم . نەفەرهاد ، نەبەروانـــەو مـۆم
لە ڕێگەی عیشـــقا نەسووتان وەك خـــۆم
ئێســـتاش هەر وێڵم بەدوای عیشـــقەوە
سەدجـار بکوژرێـــم زندوو دەبمـــەوە .

ئەف هوزانە پێش ئێشە بۆ مروڤێت شەهیدا .

ڕابن

ڕابن مە بەســـە ژفی حالی
خوینا مـــە مێت کورەماری
بەرێ خو بدەن ئەژدەهاری
لهەمی رەخـا تێنە هاری
مـا تـا کەنگی ؟
دێ خوینێ مێژیت کورەمار
نـــە لاوازبـــن نەبنـــە ژار
هندی بکەری بکێشین دار
ئەم چ جارا رزگار نابین ژمار
ڕابـــن ڕابـــن
بـــابو بـــرا
خـالو خـــارزا
مـــامو بـــرازا
هەمی بێکفە دابچینێ دابچینێ

عبدالحکیم نادر گوهەرزی

چونە ناو دارستان

وەرگێڕانی : تافگە احمد مرزا

دەگێڕنەوە لە زەمانـی کۆندا پیاوێکی دەولەمەند گایەکـی هەبوو لە ناو کێڵگەیەکی گەورەدا دەژیا .. خاوەنەکەی زۆر لە گەڵی خراپ بوو .. چەندەها ساڵ تێپەڕیو گا چوو بە تەمەندا پیری زۆری بۆ هێنـاو نەیدەتوانی ئەرکەکانی ناو کێڵگەوەکوو جاران بەرێ بەڕێوە .. جارێکیان گوێی لە خاوەن کێڵگەکە بوو بە منداڵەکانی خۆی ووت :

کاتی چاندنو کشتوکاڵکردن هاتووە .. گاکەمان پیر بووە کـەلکی پێوە نەماوە بڕیارم داوە سـەری ببرم .. گا گوێی لە قسەکان بوو زۆر بەزەیی بە خۆیدا هاتەوەو دڵتەنگ بوو بڕیاری دا سەری خۆی هەڵگرێو لەوێ نەمێنێ بچێتە ناو دراستان .. پاش ئەوەی ماڵ ئاوایی لـە هەموو گیانەوەرەکانـی ناو کێڵگەکە کـرد بەرەو دارستان کەوتە ڕێ .. لە ڕێگـا تووشـــی کەلەشێر بوو لێی پرسی :

ئەرێ گا بۆ کوێ دەچی ؟ گاکەش بەسەرهاتی خۆی بۆ کەلەشێرەکە گێڕایەوە تێی گەیاند بۆچی دەچێ بـۆ ناو دارســتان .. پاشان کەلەشـێر بە گاکـەی ووت :

ـ لەگەڵ خۆت بمبە چونکـە خاوەنەکەی منیش زۆر خراپـە لەگەڵم .. گا قسـەی کەلەشێرەکەی پەسەند کردوو پێکەوە ڕۆیشـتن لە ڕێگا تووشـیان بوو بە تووش کەرەوە .. کەرەکـە پرسیاری لێکردن : ئەوە بە جووتـە بـۆ کوێ دەچن ؟

گاو کەلەشیر بەسەرهاتی خۆیان بـۆ کـەر گێڕایەوە بۆیـان ڕوون کردەوە کە بۆ چی دەچـن بۆ ناو دارستان .. کەر ووتی لەگەڵ خۆتان بمبەن ؛ منیش گیرم خواردووە بە دەست خاوەنەکەمەوە هەموو ڕۆژێ ئەوەنـدە بارم لێدەنێ کە لە توانامدا نەبێ هەڵـی گـرم زۆریشم لێدەکات بیبەم بۆ بازاڕ منیش ئێستاکە کەوتوومەتە تەمەنەوە توانای ئیش کردنـی قورسم نەماوە . سێ قۆلی ملی ڕێگایان گرتە بەر لە ڕێدا تووشی کەروێشـك بوون .. کەروێشك هاتـە قسەو پرسـی : ئەوە بە کۆمەلە بۆ کـوێ دەچن ؟ هەر یەکەیان بە جیا دەسـتی کـرد بـــە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی ..

کەروێشك ووتی : لەگەڵ خۆتان بمبەن چونکە ئەم ناوە پڕبەتـی لە ڕاوکـەر هەمیشـــە بەم لاو بەو لادا ڕاوم دەنێن .. بەم شێوەیە کە روێشـکیش چووە باڵیان هەموو بەرەو دارستان ڕۆیشـتن چونکە باش ئەوەیان دەزانی کـە ژیان لە ناو دارستاندا مسۆگەرەو جێی خواردنـو حەوانەوەیە .. ڕۆژان ڕۆیشت زستان کەوتە خۆنیشاندان . سەرما دەستی پێکـرد ئاسمان دەستی کردە هەڕەشەکردن نیازی وا بوو بە فرێکی ئەستوور بباریێنێ بەسەر دارستاندا. گا هاوڕێکانی کۆکردەوەو پێی ووتن : گـوێ بگـرن هاوڕێیان ئەوا زستان هات تا ئێســتا خانوویەکمان نیـە بچینە ناوی تا لەسەرماوسۆلەی زمـــستان بمانپارێزێ . دەڵێن چی خانوویەکی بچکۆلانە بـۆ خۆمان دروست بکەبـن تا لە سەرمای زستان خۆمان بپارێزیـن ؟

کەر ووتی : کە سەرما هات مـن پشـت دەکەمە هەوای سارد تا زسـتان دەڕوا وا دەکـەم .

کەلەشیر هەڵی دایەو ووتی : منیش دەچمـە سەردارێکـی بەرز لەوێ زستان بەسەر دەبـەم . کەروێشك نۆرەی هاتوو ووتی : منیش حەز لە ژیانی ناو خانووی بچووك ناکـەم ئارەزووی سەربەسـتی دەکـەم دەمەوێ هەمیشـــە لە شوێنێکەوە بچم بۆ شوێنێکیتـر لە ناو ئەم دارستانەدا .. گازانی کە هاوڕێکانی بارمەتی نادەن لە دروستکردنی خانووەکەدا خۆ بە خۆ بڕیاری دا خانووەکـە دروست بکات دەستی کرد بە کۆکردنەوەی دار لە دارستانەکە خانوویـەکی بچکۆلانەی دروست کردوو بنمیچەکەی بە پێســتی گورگـیداپۆشی کە لە ناو دارستانەدا دۆزیبووبەوە لە کاتـی گەڕانـدا شەوێك زۆر سارد بوو گا خۆی کـرد بە ناو خانووە بچکۆلانەکەیدا لە ناو سەرما . پاش ماوەیەکـی کـەم گوێی لە دەرگا لێدان بوو لـە پەنجەرەکەوە سەری کێشاو بینی کەرەکەیەو لەسەرما هەڵدەلەرزێ . کە ووتی هاوڕێگیان تکات لێ دەکەم ڕێم بدە بام بێمـە ژوورەوە چونکـە هەوا زۆر ساردە من بەرگە ناگرم گا وەڵامی دایەوەو ووتی : ئەی تۆ نەت ووت : من کـە سەرماو بای زستان هات پشـتی تێ دەکەم گوێی نادەمی تا زستان تێدەپەڕی .. کەر دەستی کرد بە گریان زۆر لە گا پاڕایەوە تا ڕێیبدات بچێتە ژووری . گا بەزەیی پیادا هاتەوەو دەرگای لێ کردەوەو چووە ژووری . دوا ماوەیەکـی کەم دیسان لەدەر گا درایەوە لەپەنجەرەکەوە گا سەیری دەرەوەی کـرد تەماشای کرد کەلەشیرە لە سەرما دەلەرزێ . کەلەشیر هاواری کرد: هاوڕێی خۆشەویست ماوەم بدە بام بێمە ژوورەوە سەرماکاری تێکردووم .. گا ووتی کەلەشیر ئەی تۆ نەت ووت دەچمـە سەردارێکـی بەرز تا زسـتان تەواو دەبێ نایەمـە خـوارەوە .. کەلەشیر دەسـتی کردە شیوەنو هاوار زوربشـــ پاڕایەوە تا وای لە گا کرد بەزەیی پیدا بێتەوە بیباتە ژوورەوە .. زۆری پێ نەچوو جارێکی تریش لـــە دەرگـا درایەوە گا لە پەنجەرەوە سـەیری کـرد کەروێشـکەکەیەو لە سـەرما هەڵدەلەرزێ ..

بروانە ل ١١

ئەستێرانێن گۆڤەندا

● **زیاد برواری** ●

ـ ١ ـ

((ئەفرو نوی وەختـە))

ئـەفـرو نـوی وەختـــە — های یەمان ویەمان
دیســـا نـوی وەختـــە — دلـۆ یەمانا خودێ
بارانکەك باری مەپێچان رەختە — های یەمان ویەمان
بارانکەك باری مەپێچان رەختە — دلـۆ یەمانا خودێ
بنرنە کچکێ چەندا بێ بەختە — های یەمان ویەمان
بنێرنە کچکێ چەندا بێ بەختە — دلـۆ یەمانا خودێ

ئـەفـــرو بهـــــارە — های یەمان ویەمان
دیســـا بهـــــارە — دلـۆ یەمانا خودێ
بارانکەك بـاری مەنەکر چارە — های یەمان ویەمان
بارانکەك بـاری مەنەکر چارە — دلـۆ یەمانا خودێ
بنێرنە کچکێ چەندا سـەبارە — های یەمان ویەمان
بنێرنە کچکێ چەندا سـەبارە — دلـۆ یەمانا خودێ

ئـەفـــرو هـــافینـــــە — های یەمان ویەمان
دیســـا هـــافینـــــە — دلـۆ یەمانا خودێ
بارانکەك باری مەڤەدان کوینە — های یەمان ویەمان
بارانکەك باری مەڤەدان کوینە — دلـۆ یەمانا خودێ
بنێرنە کچکێ چەندا خاتوینە — های یەمان ویەمان
بنێرنە کچکێ چەندا خاتوینە — دلـۆ یەمانا خودێ

ئـەفـــرو پـــاییـــزە — های یەمان ویەمان
دیســـا پـــاییـــزە — دلـۆ یەمانا خودێ
بارانکەك باری هات لبەلگێت گیزە — های یەمان ویەمان
بارانکەك باری هات لبەلگێت گیزە — دلـۆ یەمانا خودێ
بنێرنە کچکێ چەندا عـەزیزە — های یەمان ویەمان
بنێرنە کچکێ چەندا عـەزیزە — دلـۆ یەمانا خودێ

ـ ٢ ـ

((ملانێ))

هـــای مـلانێ مـلانێ — ب شـاد ولەیلان ملانێ
شـــادە شادا تە کانێ — ب شـاد ولەیلان ملانێ
شادە شادا تە ڕەشـــە — ب شـاد ولەیلان ملانێ
جهکێ دەستێ من خوەشە — ب شـاد ولەیلان ملانێ
شادە شادا تە ســورە — ب شـاد ولەیلان ملانێ
بشـــکۆژا دور ماندورە — ب شـاد ولەیلان ملانێ
جهکێ دەستێ من زورە — ب شـاد ولەیلان ملانێ
شادە شادا تـە سپیە — ب شـاد ولەیلان ملانێ
جهکێ دەستێ من نیە — ب شـاد ولەیلان ملانێ
بشـکۆژا سێ ڕێـزیە — ب شـاد ولەیلان ملانێ

● **ئاڤـرە :**
ئەڤ ســـــترانە من ژ زار دەفێ دەیکا خو نفیسینە ل ڕۆژا ١٩٨٤/١/١٠

Institut Kurde de Paris

چیـــــرۆکی سەربازێکی وەفـــــادار

سلیمان گەلالی

هەموو رۆژێ پاش ئەوەی ماوەی ئیشك‌گرتن تەواو دەبوو گشتمان دەچووینە ژێر چادرەکەو هەر یەکە باسی ژیانی خۆی دەکردو کاتمان بەم جۆرە بەسەر دەبرد ئێمە لە گفتو گۆکردن بووین ، ئەفسەرە چاودێرەکە هاتو لاوێکی چاپوکی لەگەلدا بوو .

گشتمان بە گورجی سلاو ـمان بۆی وەرگرتو ئەویش مادەی پشوودانی دایـــن وگوتی :ـ

رۆڵەکانم ، ســـەربازە ئازاکان ئەوا ئەم جارەش ئەم لاوە خوێن کەرمەم بۆ هێناون تاکو شـــوێنی هاوڕێی شەهیدتان کاك شێرکۆ پـر بکاتەوە .

ئێمەش بەسەر ســـامی سەبری لاوەکەمان کـــردو دامانە قاقای پێکەنین .

ئەفسەرەکە لیمان زویـر بوو گوتی :ـ

ئەوە بە چی پێدەکەنن ؟

منیش گووتم ، گـــەورەم ئەم لاوە منالەو تەمەنی لـــە بیست ساڵ تێپەر ناکات چۆن دەتوانێ شوێنی شـــێرکۆ بگرێتەوە ؟ ئەو شـــێرکۆیەی کە هەموو سەربازەکان دانیان بە ئازایەتی دەنا .

ئینجا ئەفســـــەرەکە بەخەندەوە گووتی : کـــورم بایز ئەم سەربازەم بۆیـــە هێناوە تاکو شوێنی شێرکۆ پر بکاتەوە ئەك جێگـــای بگرێتەوە . ئینجا بەخێـــر هاتنێکی گەرمەمان لە سەر ـ بازەکە کردوو ئەفسەرەکەمان بەرێ خست . هاوڕێیەکەم وەکو ئەرێتی پێشـــووی دەستی کرد بە پرسیار کردن لە لاوەکە ئەویش خۆی بـــە ئێمە ناساند وگووتی مـــن ناوم (ئازا)یەو خوێندنـــی ناوەندیم تەواو کـــردووە وماوەیەکی کەمە هاتوومـــە رێزی سەربازی باشـــ ماوەیەکی کەم بووین بـــە هاوڕێی گیانی بە کیانـــی یەکتری گیانی ئازا باسی شتێکی خۆشی بـــۆ دەکردین .

رۆژێکیان پاش نـــــەوەی هێرشـــەکەی دوژمنمان رەت کردەوە بۆ پشوودان گەراینە ـوە ژێر چادرەکەو هاوڕێکەم لە ئازای پرسی :ـ باشە کاك ئازا تۆ بۆ باسی ژیانی منالیت ناکەیت ؟ کاکە ئازای مێـرد منال دەستی کرد بـــــە گیرانەوەی بەسەر هاتـــی منالی وگووتی ... کاتێ کە منال بووم لەگەل هاوڕیکانم یاریم دەکرد ئێمە نزیکـــەی پانزە یان شانزە منال بووین لەیەك گەرەکدا لە ژێـــــر دەستی هاوڕێیەك بووین کـــە یە تەمەن لە ئێمە گەورەتـــر بوو بادەستی بەسەر ئێمەدا دەشکا ، هەرچی بگووتـــایـــە دەبوایە جێ بەجێ بکـرێ ، رۆژێکیان ئیستاش بە بیرم دێ پێی گوتم ..

ئازا تۆ لەگەل قادری برام دەچنە سەر ئەو کیفەکەکانەی ئەو گەرەکەی ئەولامان چەند کۆنە پانزی‌و سەرە تەنەکەو تەل دەدۆزنەوە بیهێنن ،تاکو ئێمەش ئۆتۆمۆبیلۆکەی لـــێ دروست بکەین‌و یاری پـــێ بکەین . منیش گووتـــم ، ئەمە دەکەی گەورەم !!.

لەگەل کاك قادری بـــرای کاك خدری سەرۆکمـــــان کەوتینە ڕێ ، کاتێ کـــــە گەیشتینە ســـەر کیفەکەتە چەند منالێك لیمان بـــەدەر کەوتن‌و کێچەلیان پێ کردین ونەیان هێشت هیچ شتێك لەگەل خۆمان بکەرێنینەوە ، ئیتر هەر ئەوە بوو کاك خدر لیمان تووڕە بوو وهەمـــوو منالەکانی کۆ کردەوەو هـــەر یەکە دارلاستیك وبەردەکانی‌و شتی بەرد هاوێژمان دروست کردو هێرشمان بردە ســـەر منالەکانی گەرەکەکـــەی رۆژ هـــەڵاتـــی گەرەکەکەمان و بەردبارانمان کردن ، ئەوەی ڕاست بێ لەم رۆژە ســـەری سێ هاوڕێمان شکاو دووانی تریش کەوتنە ناو چالەکەی پێشمان‌و دەستیان لە چـــێ چوو ، بەڵام ئێمەش سەری چەند منالمان شکاندو چەنـــد منالمان دەست بە سەر گرت وبریارمان لێبان وەرگرت ئیتر لە پێشمان نەوەســـــتن ویارمەتیمان بدەن ، ئینجـــا دەشمان لە سەریان هەڵگرت و ئەوانیش گەڕانەوە نـــاو هاوڕیکانی خۆیان . ئالـــەم رۆژەوە ئیتر جەندان کەسی تر پەیوەندیان لەگەل بەستین و یارمەتیان دایـــــن . هەفتەیەکی نەبرد ئیتر کەس نەما لە پێشمان بوەســـتێ ئەوە بوو جۆنمان بویستایە ئەوها دەبوو بە سەر بەستی خۆمان لە سەر کیفەکەکانـــی گەرەکەکە دەسوڕاینەوە وکەل وپەلی پێویســـــتی یاریمان هەڵدەگرت‌و یاریمان پێ دەکرد بەڵام منالەکانی ئەو گەرەکـــە ئەیان دەتوانی بێنە ســـــەر کیفەکەکانی گەرەکی ئێمـــە هەتا بە سەردانیش دەبوایـــە لەگەل دایك‌و باوك‌و بـــــرا گەورەیان بهاتنایە . ئەکینا تێرو پر لێدانیان دەخوارد .

رۆژێکیان لە سەر یەکێ لە کیفەکەکانی گەرەکەکـــەی رۆژهەڵاتی گەرەکەکەمـــان هاوڕێیەکمان بۆ کەل و پـــەل دەسورایەوە هەر ئەوە بـــوو چەند منالی لێ پەیدا بـــوو بە دار لاستیك و بەردەقانی بەرد بارانیان کرد و بەردێك بە چاوی راســـتەی کەوت‌و چاوی رژا .

بۆیە کار گەورە بوو تاکو پیاوانی میریش هاتنـــــە ناوبژیمان . هەتا هەموو دار لاستیك‌و بەردەکانیان تێك‌و پێك شکاندو چەند زللەیەکیان لە ئێمەو ئەوان دا. ئا ئەوە بوو ناکۆکی ئێمەو ئـــــەوان ناکۆکی گەرەکی ئێمە وگەرەکی دراوسێمان .

ئەوەی راست بێ ئێمەش هاوڕێکانی ئازا لەناو چادرەکە دانیشتبوین هەستمان بە هیچ نەدەکرد تەنها گویمان بـــۆ قسە خۆشەکانی کاك ئازاش کردبوو .

بەڵام جەعفەری هاوڕێمان کەوتبوە دنیای خەیـــالات و رۆژانی منالی ، ئێمـــــان پرسی .؟. ها کاك جەعفەر بیر لـــە چی دەکەیتەوە ئەویش هاتە وەڵام و گووتی هاوڕێیان ئەو منالەی کە کاك ئازا باسی کرد مەبەستم ئەو منالەیە کە چاوی راستەی رژا من بووم بەڵام لەگەل کاك ئازا یەکتر ناناسینەوە چونکـــــە لە مێژەوە لێك‌دا براوین ئەوا ئەم جارە ئەم سەنگەرە بـــە یەکتری ناساندین ، بەڵام ئەم جارە ئەك جەنگی نیوان دوو گەرەك‌و دوو کۆمەل منال بێت بەڵکـــو جەنگـــی نێـــوان دوو وولاتی مەزنەو پێویستی بـــە کۆششێکی دووجا هەیە ئەبێ بازووومان بەهێز کەین‌و بیرو باوەری ئازایەتی لە ناخماندا بچەسپێنین من بەش بە حالی خۆم ، خۆم گیان فیدا کردوە و هاتوومە ئێو ئەم سەنگەرەو پارێزگاری دەکەم پێویســـتە لە سەر ئێوەش کۆشش زیاتر بکەن . کاك جەعفەر لە سەر قســـەکانی بەردەوام بوو ،هەر ئەوەندەمان زانی زەنگـــی ئاگادار بوونەوە لێـــــدداو گشتمان بە جارێ دەرپەرینە دەرەوە ، ئەوەی لە دەرەوە بینیمان چەند سەربازێکـــی دوژمن بوون هێرشـــــیان هێنابوو ، ئینـــر کـــاك ئازاو هاوریان ئازایانە کەوتنـــــە ناویان وهەلیان برین تاکـــو ناوچەی داگیر کراویش ئازاد کرا ، لە شوێنێکدا گشتمان گرد بووین سەیری یەکترمان کرد ، ئینجا لەنیو لاشـــەی کوژراوەکان کەوتینە گەران بۆ دوژرینەوەی لاشەی ئـــازای ئـــازا .

ستراندکا بێ ئاواز

نجیب صالح بالایی

ـ ١ ـ

« لاوك » مامۆ
بیری .. پیری
تۆ چ د بێژی
بو دەردێ منۆ ڤی خابیری
تو چ د بێژی
بو ڤێ ژینێ
ڤێ ئەڤینا ب زارو ژویری
ئەرێ ڕاستە
لروژا ئەفرو
ژ کاروانێ ئەمیندارا
هەرو هەر خەرج‌و خویـــك دڤێت
ئەرێ ڕاستە
خابیر مروف بو .. عاشق بو
بێ ژ خەما حەلیای
بوی ئاخ‌و ئاف
بویە خوین‌و خوناف
بوی کولیلك‌و بهار
بوی برینداره‌کێ بێ تیمار
ژ سیپەلێت وی خوین دزێت
لاوك مامو
لاوك بـــرا
ئەرێ ڕاستە
تە نێجیرڤانی هێلایە
لولیا تەنەکانە
ژ بێ دەنگین ژەنگی بویەو..
کلێ جامێ ، گولێ ، دڤێت
کلێ ئاخا ، مەعدەنێ ، دەڤێت

× × ×

ـ ٢ ـ

هایێ .. هایێ
سەری ڕاکە ژ خەما
مە بەسە لۆ
ژ ڤی دەردی
ژ ڤێ ئێش‌و ئایێ
جبکەی تۆ !
جبکەم ئەز
جبکەن تەف عاشق
گەر سولتانێ عەشقێ
نە روینیت لکوچك‌و سەرایێ
ئەف خار کەڤیت
ژ بلندیاو ژ بێلایێ
گەر ل شاهیا
لشەڤا خازگینیا
لروژا مزگینیا
ستران بێ ئاواز بێن گوتن
ئاواز ژەن ئەهێنەڕایێ !!
جبکەین کەر لمە
پـــەری‌و ئـــەڤیـــن
ببنـــە « پاستیل »
ببنـــە « بورصـــە »
ببنـــە « ئیڤیـــن »
ببنـــە « ئیڤیـــن »

× × ×

لاوك : مەبەســـت لاوکێ مەعدەنی‌یە ستراندا فولکلو ـری «گولێ» دلبەرا لاوکی‌یە
پاستیل : مەزنترین زیندان بو لـــەر وەختێ لویســـا لولاتێ فرەنسا
بورصە : ئەو گرنێخانەیە یاکو شاعرێ مەزن «ناظم حکمت» تیدا هەمبێزکری .
ئیڤیـــن : گـــەورەتـــریـــن‌و بســـەهمترین زیندانە ل ئیرانی ئەخاسمە لفـــــێ دوماهیێ بشتی رژێمـــا «خومەینی» هاتی .. بەهزاران رویس‌و برسی بێت دبنێ ڤێ زیندانێدا دنالن .

فەرهەنگی ئاری‌و چەند سەرنجێك

نووسینی ● اسماعیل تەنیا ●

فەرهەنگ دانان کارێکی گران بەهاو بەکەلکە لەڕووی خزمەت کردن‌و دەولەمەند کردنی زمـــانو جێگیرکردنی ووشەی ڕاست‌و دروســـــت‌و پەرەپێدانی . زمان بڕبڕەی پشتی نەتەوەیەو یەکێکە لە سیما هەرە دیارەکانی ناسینی نەتەوەو خاسیەتێکی گرنگیشە بۆ دامەزراندنی قـــەوارە (کیـــان)ی نەتەوەیی . هەموو میللەتێك لە پێناو پاراســـتنی زمان‌و کولتووری خۆیان هەنگاوی فراوانیان نـــاوە بۆ نووسینی فەرهەنگ‌و دەولـــــەمـــەند کردنی زمانەکەیان بە دیالێکتە جۆربەجۆرەکانیانەوە ، زۆری دیالێکتیش دەولەمەندی‌و ڕەسەنی زمان دەگەیەنێ . ئێمە چەند فەرهەنگێکمان هەیە چ لەکـوردی بـۆ کوردی بێت یاخود لە کوردیەوە بۆ بێگانە . لـــــەم کارە پیرۆزەشدا چەند نووسەرێکی کارامەو لێهاتوو ئەسپی خۆیان لە گۆڕەپانی بەرفراوانی زمـــــانو فەرهەنگ نووسینی کوردی تاو داوە ، هەر چەندە کارەکەشیان خاڵی نیە لە کەموکوڕی .

فەرهـــەنگی ئـــاری(١) « کوردی ـ کوردی ـ عەرەبی » یەکێکە لە کارە ئەدەبیەکانی کاك « سابیر کردعازەبانی » لەم دوایەدا گەیشتە دەســـــت خوێندەواران . ناوبراو وەك نووسەرێك لە ســـاڵی « ١٩٧٢ »ەوە هاتۆتە مەیدانی ئەدەب‌و تاکو ئێستاش بەبێ بچران بەرهەمەکانی خۆی بڵاودەکـــاتـــەوەو بیســـــت کتێب‌و نامیلکەی هەمە جۆری لەبواری « زمان‌و فەرهەنگ نووسی‌و چیرۆك‌و ئایین‌و شیعری وەرگێڕدراو » بڵاوکردۆتەوە . ئەم کارەی کـــــاك « سابیر » کارێکی پڕ قیمەت‌و کەم هاوتایە چونکـــە بەشـــــی هەرە زۆری دیالێکتەکانی زمانی کوردی گرتۆتە خۆ ، سەرەڕای چەند ووشـــەیەکی بـــاوی « شائع » زمانەکانی بێگانە .

ئەوەی شایانی باسیشە کاك « ســـــابیر » لەم کارەیدا پشتی بەزیاتر لـــە « ٤٤ » فەرهەنگ‌و کتێبی جۆر بەجۆرو زانایان بەستووە کە بەزمانەکانی کوردی‌و عەرەبی‌و فارسی‌و ئینگلیزی نووســـراون . هەروەك لە سەرەتاوە ووتمان هیچ کارێك بێ کەموو کوڕی نابێت ، ئەوا کارەکەی کاك « ســـابیر »یش چەند کەموو کوڕیەکی هەیە وا لەم چەنـــد وورده سەرنجە دەیانخەمەڕوو ، چونکە کاکی ناوبراو لـــە سەرەتاوە ئەم مافەی پێداوین . هیوادارم لـــــە بەشەکانی داهاتووی فەرهەنگەکەی ســـوودیان لێ وەربگرێ‌و بە تێڕوانینێکی برایانە ســـــەرنجەکانم بخوێنیتەوە .

● (ئاتەشـــــکێش) ، ئاگرکێش ، جۆرە ئامرازێکە وەکو خاکە نازێکی بچووك وایە دەمەکەی کەمێ بە دیبوێکا نووشتاوەتەوە ، پۆلووی ئاگـری لە پشتەوەی سۆبەی دارانی پێ دەکێشنە پێشەوە یا پێی دەر دەدەن ، ل٤٨(٢) .

ڕاستی‌یەکەی مەقاشە یان (ماشـــــە)یە ، ئامرازێکە لە ئاسن دروست دەکرێت نانەواکان بۆ نان دەرهێنان بەکاری دەهێنن هـــەر هـــەمـــان ئامرازیش بۆ دەرهێنانی پۆلووە ئاگرو شـــــتی تر بەکار دێت . ئەك وەك کاك « ســـــابیر » دەڵێ « وەکو خاکە ناز وایە » .

● پێویست بوو چۆن باسی ووشـــــەیەك دەکرێ بەکوردی هەرواش باســـــی بکرداین بـــە عەرەبیەکەی (یان بـــە پێچەوانەوە) . وەك لـــە ووشەی (ئەکادیمی ... ل١٣٢) کە کوردیەکەی تەنها پێناسەی ووشەکەیە کەچی عەرەبیەکەی زۆر لەوە فراوانتر باسکراوەو باسی سەرهەڵدانی ئەو ووشەیە کراوە لە سەر دەستی (ئەفلاتوون) لـــە (ئەثینا)و (٣٨٧ ساڵ پ . ز) . هەر بۆ نموونە چەند ووشەیەکی تر بە شێوەی هەمان ووشـــەی سەرەوە پێناسەکەی لەیەکتر جیاوازە وەك (ئابووری دەستووری ... ل٣٩ ، ئاذربێجان (ی) ئیرانی ... ل٦٤ ، ئاذربێجان(ی) ڕووســـــی ... ل٦٥ ، ئارسنیك ... ل٧٤ ، ئاستان ـ ه ... ل١٠٢ ، ئاســـنی داڕشتن ... ل١٠٨ ، ئاغا ... ل١٢٣ ، ئاکاد ... ل١٣٣ ، ئاڵ ... ل١٤٨ ، ئاڵتوون ... ل١٤٩ ، ئاڵوبەڵاووك ... ل١٥١ ... هتـــد) . ئەگەر کاك « سابیر » بڵێ بۆیـــە وامکردووە چونکە کورد باشتر شارەزای ئەم ووشانەن‌و پێویســـتی بە زیاتر ڕوونکردنەوە نیە ، ئەوا دەڵێم ئەم ڕایـــە جێگای خۆی ناگرێ چونکە ئەو سەرچاوانەی ئـــەم ووشانەی تێدا باسکراوە زیاتر بە عەرەبیـــە نـــەك کوردی ، جا خوێنەری کورد چۆن باشتر شارەزای ئەم ووشانەن ؟

● (ئاثار) ـ [ع] ، نیشانەکان ... ل٥٢ .

ڕاستی‌یەکەی (پاشماوە)یە نەك (نیشانەکان) بۆ نموونە دەڵێن : ئاساری بابل هەر ماوە . واتـــە پاشماوەی بابل ماوە .

● (ئاچوغ ـ ڕەنگی تاریك . تۆخ ، ڕەنگی کال ... ل٥٣ .

ئەگەر کـــاك « ســـابیر » نەیووتبایە (ڕەنگی تاریك . تۆخ) ئەوا ڕاســـــت دەبوو چونکە بەشێوەیەکی گشتی (ئاچوغ) ڕەنگی کراوەیـــە . بەڵام ئێســـتاکە هەردوو ڕەنگی (تۆخ و کال)ی تێکەڵ بە یەکدی کردووە ، کە دوو ڕەنگی دژ بەیەکن مەحاڵە یەك مانا ببەخشن . ســـــەرەڕای

بروانە ل ١٠

دەیکا شەهیدی

محەمد نوسمانا

رۆژ بۆ رۆژێ
ساڵ بۆ ساڵێ ؟
کولوخێت سەرێت دوژمنا
ل میدانا شەری مشە ...
کەنجێت کوردستانێ
دێ هێرشا بنە
سەر چە بەرێت دوژمن
دێ بێژن وا کشە ...
کەس نە بێژت
نێ شەهید بێت مرین ..
ئەو زێندینە
ددلێ مەدە
قد تا مرین ...
من گۆلێ بی
ژ دەیکا شەهیدی ...
ئەوێ لێ لێکاندو هێدی ..
گۆت چۆمە سویکا حەدادا..
خۆزی من کێرەك کریبا .
نێ ژڤان کێرێت قەسابا .
من دلێت دایێت شەهیدا ..
کە لاشتبا ئەو چ تێدا ...
ژ دل سوتن ...
دیڤین‌و گۆتن ..
دێ چینە چەنگ
ژ بۆ تول ڤە کرنا
مێرو کورو برا ..
ئەم دێ ستینین هەمی دڕا..

شیعری : ئەنوەر محمد رەشید « سلێمانی »

(١) بۆچی ژیـــان ..!؟
چەکـی زیان ،
جبەخانەو مەخزەنی دلمـی کردە شان ..!؟

* * *

(٢) نان لە گەرووی نەهەنگایە ..
نەهەنگ خاوەنـی دەریایە ..!
نەهەنگ خوایـــە ..!
کـێ ئەتوانـێ .. ؟
گەرووی نەهەنگ هەڵ تلیشینێ
نان لە گەرووی دەربێنی .. !

* * *

(٣) ئەوە بابـە بۆچـی ،
گۆشـتی لاڕانـی مـنو
لاڕانـی تـۆو
خوشـك‌و برا بچووکـەکەم ..؟
تفت‌و تاڵ‌و ناخوورێن ..
کەچی بە چە قۆ ئەبررێن .. !

* * *

پەیمان ئەحمەد

دڵی خەمبار
لەکەناری دەریاچەی شـاری خەمانا ..
خـەم بار ئەکـا !
خـەم هیوایـە !!
بۆیـە هێندەی خەمـی ناو گۆڕستانەکان !!
خەمـم لایـــە ...
خەم فرمێســکەو
لەتاریکـە شـەوی خەمـا .. شـەونم ئەکا
هەتا تیشکی (خۆر) نەبینێ
ئارەقـی غـەم هەڵم ناکـا :
خـەم بەهارە ...
چونکـە هەتا بەهار نەیەت
درەختەکـان سەوز نابـن !
خـەم بارانـە
چونکـە بە بارانی نرمێسك
چاوی سووری لێو رەشەکان پشکۆ ئەکەن
رك‌و کینەی هەورە گرمـە ، بێ دەنگ ئەبێ .
ئازیزەکـەم
توخوا وەرە ..
با ملوانکەیەکـی خەمت
لە جوانترین گەوهەری خـەم !!
بۆ دروسـت کـەم !
تالە شـەوی بووکینی‌دا .. لەملی کەیت
گەردنـی سپیت داپۆشێ ...

* * *

ئەی ئەوانەی (خـەم) (ئەچێنن !) ...!
(خەم) گولێ باخەکانتانە !! ؟
بۆیە لە هەر باخـەی (گولێك !) ...
چەپك ئەکـــەم
تا لە شـەوی مال ئاوایـی ..
یارە (بێ بارەکانتانا) ...
چەپکـێ گولێ
خەمباریتان !
پێشکەش بکەم ...؟!

سی پۆستەر

خەم

Institut Kurde de Paris





خوێن و پێك نەكەوتنی

نووسینی
● دكتۆر هیوا عمر احمد ●

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا بوو ، جۆرەكانی خوێن دۆزرایەوە . پێش ئەم دۆزینەوەیە بە هەرەمەكی خوێنی مرۆڤی ئەدرا بە یەكێكی تر ، جا بە رێكەوت یان بۆی ئەشیاویان بێی نەئەكەوت‌و تووشی ماكەكانی ئەكردو زۆر جار خوێن وەرگرەكەی ئەكوشت . ئەمرۆ چەند رۆژێمێك هەیە بۆ پۆلبن‌كردنی خوێن ... بۆ نموونە رۆژێمی (A ، B ، O) ، ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ ئەو (دژەژیان) انەی لە سەر رووی خرۆكە سورەكان هەن ، بریتین لە شەكرێكی ئالسۆز . بەم جۆرە لە گرۆپی (A)دا ، دژەژیانی (A) لەسەر خرۆكە سورەكانەو پلازمای خوێنەكەش (دژەتەن)ی تیایە بۆ دژەژیانی (B) ، واتە ناتوانین خوێنی (B) بدەین بەگرۆپی (B) چونكە ، دژەژیانی (A)ی سەر خرۆكەكانی لەگەل دژەتەنی (B)ی ناوپلازمای گرۆپی (A)بە یەك ناكەون‌و بۆ یەك ناشین . لە گرۆپی (B)دا دژەژیانی (B) لەسەر خرۆكە سورەكانی‌یەتی‌و پلازماكەشی دژەتەنی تیایە بۆ دژەژیانی (A) . خرۆكەی سوری گرۆپی (A ، B) هەر دوو جۆرە دژەژیانی (A ، B) لە سەرەو پلازماكەی دژەتەنی بۆ ئەم دژەژیانانە تیا نییە ، كەواتە گرۆپی(AB) ناتوانێ خوێن بدات بە هیچ گرۆپێك خۆی نەبێ ؛ بەڵام خوێنی هەموو گرۆپێكی بۆ ئەشێ .

لە گرۆپی (O)دا ، هیچ جۆرە دژەژیانێك لەسەر خرۆكە سورەكان نییە ، لەبەر ئەمە ئەتوانێ خوێن بدات بە هەموو جۆرە خوێنێ ، بەڵام لە پلازماكەیدا دژەتەن هەیە بۆ هەردوو جۆرە دژەژیانە (A ، B) كە . لەبەر ئەمە تەنیا خوێنی گرۆپی خۆی بۆ ئەشێ‌و تەنیا لە گرۆپی (O)ەوە ئەتوانێ خوێن وەرگرێ .

لە تاقیگادا پاش ئەوەی گرۆپی خوێنی خوێندەرو خوێن وەرگرداری ئەكرێ كە بە یەكشیان وا ئەزمونێكی تریان بەسەرا ئەكرێ بۆ ئەوەی بزانرێ ئەو دوو خوێنە بە یەك ئەشین‌و بۆ یەك ئەبن ... بۆ نموونە خوێنی خوێندەر گرۆپی (O)ەو خوێن وەرگریش (O)یە . نموونەیەك لە خوێنی‌و وەرگرەكە ئەخرێتە (سینترفیوج)ەوە تا خرۆكەو خەبلەكانی خوێن لە پلازماكە جیا بكاتەوە ، پاشان دلۆپی خوێنی خوێندەر لەگەل كەمێ لە پلازمای خوێن وەرگرەكە تێكەڵ ئەكرێ‌و تێك ئەدرێ‌و بە خێرایی یاو ڕون ئەكرێتەوەو لە ژێر وردبین‌دا سەیر ئەكرێ . گەر خرۆكەكان بە یەك دانوسان‌و كۆبونەوە وا ئەو دوو خوێنە گەر چی یەك گرۆپ بن بەڵام بە یەك ناكەن‌و بۆ یەك ناشێن . بەڵام گەر خرۆكە سورەكان بە یەكدا نەنوسان‌و بە سەربەستی جوڵان‌وا ئەو دوو خوێنە بۆ یەك ئەبن .

جگە لەوەی لەسەرەوە باسمان كرد چەند رۆژێمێكی تری هەیە . سەرەكی تریان رۆژێمی (ڕیسەس)و هۆكاریان دژەژیانی ڕیسەس بریتی‌یە لە تۆبەلە دژەژیانێك ، بۆ یەكەم جار لە مەیمونی (ڕیسەس)دا دۆزرایەوە و لە (٨٥٪)ی خوێنی مرۆڤدا هەبەو پێیان ئەووترێ (Rh^+)و لە (١٥٪)ی مرۆڤدا نییەو پێیان ئەووترێ (Rh^-) ... وەكو گرۆپەكانی تری خوێن زگماكەو گرنگی‌یەكەی لە دوو باردا دەرئەكەوێ :

یەكەم :

گەر مرۆڤێك لە جۆری (Rh^-) بێ‌و خوێنێك وەرگرێ ، گەر چی بێ‌ی نكاو بۆی بشێ ، بەڵام لە جۆری (Rh^+) بێ ... وا خوێنی مرۆڤەكە دژەتەن بۆ دژەژیانی (R^+) دروست ئەكاو گەر جارێكی تر لە ژیانی‌دا خوێنی لە جۆری (Rh^+) وەرگرت ، وا تووشی ماكەكانی بە یەك ئەكەوتنی خوێن ئەبێ‌و لەوانەیە بیكوژێ .

دووەم :

گەر دایكێك خوێنی (Rh^-) بێ‌و باوكەكە (Rh^+) بێ ، بێگومان بە پێی یاسای ـ مەندل ـ خوێنی كۆرپەی سكی دایكەكە (Rh^+) ئەبێ . جا لە كاتی لە بارچوون یان خوێن بەربوونی‌یش منال بوون یان لە كاتی منال بوون‌دا ، هەندێ لە خرۆكەی سوری كۆرپەكە ئەچێتە خوێنی دایكەكەوە . خرۆكەی كۆرپەكە (Rh) ، واتە دژەژیانی (Rh)ی تیایەو خوێنی دایكەكە (Rh^+)ە ، واتە دژەژیانی (Rh) نی‌یەو ئەم دژەژیانی خوێنی كۆرپەیە ، بێگانەیە بە خوێنی دایكەكەو وای لێ ئەكات دژەتەنی بۆ دروست بكات ، ئەم دژە تەنانە لە خوێنی دایكەكەدا ئەگەڕێن‌و هەندێكی ئەگەڕێتەوە بۆ خوێنی هەمان كۆرپە یان كۆرپەی سكی داهاتوو ، لەگەل دژەژیانی ( ) ی سەر خرۆكەكان تێك ئەشكێنن‌و خوێنی كۆرپەكەشی ئەكەنەوە . وا كۆرپەكە پێش كاتی خۆی لە دایك ئەبێ ، تووشی زەردوویەكی توندو بێ خوێنی‌یەكی سەخت‌و ئاوساوی ئەبێ‌و لەوانەیە بە مردوویی لە دایك بێ ... جگە لەو ترسناكی‌یەی ئەو دژەتەنانەی دژی دژەژیانی (Rh)ی كۆرپەكە دروست بوون ، لە خوێنی دایكەكەدا ئەمێنەوەو بەلاماری خوێنی هەموو كۆرپە یەكی داهاتووی ئەدەن .

ئابێ ئەوەش لە یاد دەركەین گەر ئافرەتێك لە جۆری (RK) ، لە كاتی پێوبستی‌دا خوێنی جۆری (Rh^+) وەرگرێ ، وەكو باسمان كرد خوێنەكەی دژەتەن بۆ دژەژیانی (Rh) دروست ئەكاو گەر شووی كرد بە پیاوێكی (Rh^+)وسكی لێ پڕ بوو ، وا ئەم دژەتەنانەت ناوخوێنی بە وێلاش (المشيمة)دا ئەچنە خوێنی كۆرپەكەی‌و هەمان زەردوویی‌و بێ‌خوێنی بەسەر دێنن‌و لەوانەیە كۆرپەكە بكوژن .

چارەسەر :

ئەوەی دڵ‌خۆشكەرە ئەمرۆ دەژەتەنێ دروست كراوە ، كە بە كەلكی ئەو دایكانە بێ كە جۆری (Rh^-)و مێردەكەیان (Rh^+)و كورپەی (Rh^+) یان لە سك دایە . وەكو لە خوارەوە باسی ئەكەین ئەم دژەتەنە (Rh Ig) ، لە كاتی دباری كراوی خۆی‌دا ئەكرێتە خوێنی دایكەكەو هەموو ئەو خرۆكە سورانە تێك ئەشكێنێ كە لە كۆرپەكەیەوە دێتە خوێنی‌یەوەو (Rh^+)ن . بەمە بواریان نابێ وا لە خوێنەكەی بكەن دژەتەنیان بۆ دروست بكەن‌و بگەڕێنەوە بۆ خوێنی كۆرپەكەو گرفتاری بكەن .

ڕێگەی بە كارهێنانی :

ئەبێ دەرزی (Rh Ig) لە ماوەی (٧٢) كاژێر پاش :

١ ـ لە بارچوون

بڕوانە ل ١١

گوللەی بێ زیان و كاڵەكی بۆمبا

گۆڕینی
ئەندازیار ـ حەمە قادر



هەر وەكو لە ڕۆژنامەكاندا نوسراوە ، جارێكیان لە جەنگی جیهانی یەكەمدا ، فرۆكەوانێكی فەرەنسی دوو چاری ڕووداوێكی چاوەڕوان نەكراوو سەیر بوو . لە كاتێكدا ئەم فرۆكەوانە لە بەرزایی دوو كیلومەتردا بوو ، تەماشای كرد شتێكی بچكۆلە لە نزیك دەمو چاوییەوە دەجولێت . فرۆكەوان وا یزانی ئەو شتە مێرووە بۆیە دەستی بردو گرتی . كە دەستی كردەوە ، لە ناخەوە سەری سوڕما چونكە ئەو شتە گوللەیەكی هاوێژراوی ئەلەمانەكان بوو .

ئەم بەسەرهاتە ئەگەر چی لە چیرۆكێكی ئەفسۆ ناوی دەچێت ، بەڵام ئەوی ڕاستی بێت گرتنەوەی ئەو گوللەیە لە لایەن فرۆكەوانەكەوە كارێكی لە توانا بەدەرو نەبووو نەكراو « مستحيل » نیە . چونكە ئەو گوللە هاوێژراوە هەمیشە بە خێرایی سەرەتایی یەكەمجاری كە دەگاتە ٨٠٠ تا ٩٠٠ مەتر لە چركەیەكدا نامێنێتەوە . لە ئەنجامی بەرگری هەوادا ، ئەم خێرایە وردە وردە كەم دەكات ، وەلە بنە تای ڕێگاكەیدا دادەبەزێت بۆ تەنیا ٤٠ مەتر لە چركەیەكدا . وەجاری جاران بەم خێرایە كەمە فرۆكە دەفڕێ . ئەمەش مانای وایە بە ئاسانی دەتوانرێت خێرایی گوللەكەو خێرایی فرۆكەكە وەك یەكیان لێ بێت . لێرەدا بۆ ئەو فرۆكەوانە ئەو گوللەیە ، وەكو گوللەیەكی ڕاوەستاو وایە یان خێرایەكی زۆر لەسەر خۆی هەیە . وەئەگەر هاتوو ئەو فرۆكەوانە بە دەست گرتیەوە تووشی هیچ مەترسیەك نابێت . بەتایبەتی لە كاتێكدا دەست كێشی لە دەستابێت ، چونكە ئەو گوللەیە كە بە ناو هەوادا دەڕوات زۆر داخ دەبێت . ئەگەر چی ئەم گوللەیە لە بارو دۆخێكی دیاری كراودا هیچ جۆرە زیانێكی نیە . بەڵام لە كاتێكدا « تەنی نەبزوك » بە خێرایەكی زۆر كەم بهاوێژرێت ، لەوانەیە حالەتی پێچەوانەش ڕوو بدات‌و ببێتە هۆی ڕووداوی كارەساتی ڕوخێنەری پر مەترسی . بۆ نمونە لە ساڵی ١٩٢٤دا پێش بركێ یەكی ئۆتوموبێل لە نبوان شاری « لێنینگراد » و « تبیلیسی » دا كرا . لە كاتێكدا ئەم ئۆتوموبێلانە بەلای گوندە قەوقازیەكاندا تێپەڕین ، خەڵكی ئەم گوندانە لە خۆشیاندا پێشوازی ئەو ئۆتوموبێلانەیان بە شاباش كرد . ئەم شاباشەش بریتی بوو لە هاوێشتنی كاڵەك‌و شەمامەو سێو بەسەریاندا . بەڵام لە ئاكامدا دەركەوت ئەم خەڵكە ساكارانە چ گۆبەندێكیان نایەوەو چ كارەساتێكی خراپ‌و دژوارو زیان بەخشیان دروست كرد . كاڵەك‌و شەمامەكان توانیان ئەو ئۆتوموبێلانە بقوپێنن و تێكی بشكێنن ، خۆ سێوەكان ئەوە هەر باسی ناكرێت بە چ شێوەیەكی ترسناك شۆفێرەكانی بریندار كرد . هۆی ئەمانەش ڕوون‌و ئاشكرایە ، خێرایی ئۆتوموبێلەكان چوە سەر خێرایی كاڵەك‌و سێوە هاوێژراوەكان‌و دەمو دەست گۆڕینیان بۆ دوو موشەكی تێك دەر . بەمەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی جوولە وزەی ئەو گوللەیەی قورسایی ١٠ گرامە ، چەشنی جوولە وزەی ئەو كاڵەكەیە كە كێشی ٤ كیلوگرامە و هاوێژراوە بۆ ئەو ئۆتوموبیلانەی خێراییەكانیان ١٢٠ كیلو مەتر لە كاژمێرێكدایە . بەڵام لەم بارو دۆخەدا ناتوانرێت بەراوردی كارتێكردنی كاڵەكەكە لەگەل گوللەكەدا بكەین . چونكە ڕەقی كاڵەكەكە لە ڕەقی گوللەكە كەمترە . وە ئەوەی شابانی باسە لەگەل پێشكەوتنی پیشەسازی فرۆكە تیژرەوەكاندا ، كارەساتی بەریەك كەوتنی ئەم فرۆكانە لەگەل باڵندەكانی ئاسماندا دووبارە بۆتەوە . ئەمەش بۆتە هۆی خراپكردنی ئەو فرۆكانە یان كەوتنە خوارەوەو تێك‌شكاندنیان . باشە چۆن ئەو باڵندە بچكۆلەیە تا ئەو ڕادە گەورەیە مەترسیە بۆ ئەو فرۆكە مەزنە قورسەی ئەو هەموو شتومەكانەی لە ناو دایە . ئایا ئەمە شتێكی نامۆنیە ؟ . لە كاتێكدا خێرایی ئەو فرۆكەیە دەگاتە ٣٠٠ تا ٥٠٠ مەتر لە چركەیەكدا لەشی نەرمی ئەو باڵندەیە دەتوانێت لەشی ئەو فرۆكەیە یان شوشەكانی پێشەوەی كون بكات‌و بچێتە ژورەوە . خۆ ئەگەر بەر بزوێنەرەكەی بكەوێت ئەوا دەمو دەست لە كار دەوستێت‌و دەكەوێتە خوارەوە . لە ساڵی ١٩٦٤دا كارەساتێك لەم چەشنە بەر یەك كەوتنە ڕوبداو بوبە هۆی كوشتنی پیاوی ئاسمان « رجل الفضاء »ی ئەمەریكی « تیودور فریمان » لە كاتێكدا لەسەر فرۆكەیەكی تیژرەو مەشقی دەكرد . وەئەوەی مەترسی‌و گیروگرفت زیاتر دەكات ئەم باڵندە گەورانە لە فرۆكە ناترسن‌و خۆیانی لێ لا نادەن .

خۆ ئەگەر هاتوو تەنەكان بەیەك ڕێبازو یەك خێرایی یەكسان جوڵان ، ئەوا هیچ مەترسیەك لەسەر یەكتری دروست ناكەن ئەگەر هاتوو بەریەك كەوتن لە ساڵی ١٩٣٥دا « بۆرشۆف » كە شۆفێری شەمەندەفەرێك بوو ، توانی سوود لەو ڕاستیە وەربگرێت ، كە بەر یەك كەوتنی تەنی بزوك بە یەك خێرایی‌و یەك ڕێباز لە كاتێكدا یەك دەگرن لەگەل یەكدامەترسیان نیە. بورشۆف بەمە شەمەندەفەرەكەی لە كارەساتی بەر یەك كەوتنی شەمەندەفەرێكی بزوكی تر كە ٣٦ گالیسكەی لەگەل بوو قوتار بكات ئەمە لەكاتێكدا ڕوویدا كە بورشۆف شەمەندەفەرەكەی

بڕوانە ل ١١

فۆبیا

" Phobia"

بەرهەمكرنا : تیلی صالح موسی

ـ ئەفە ژئەساخی‌یێت‌دەروونی‌یە یێت گرنگو گەلەك كەسا دگریت ، دهەمی‌فوبناغێت ژیانێدا مروڤی دگریت ، ئەخاسمە ئەوكەسێت ژبچویكاتی هندەك ئەخوشی بسەرهاتین یان‌ل‌دەوروبەرەكێ ئەخوشی ژیابیت .

فوبیا :ـ ترسەكا مەزن‌و بێ‌رامانە ژهندەك تشتا یان ژهندەك كاریكەرا یان ئەنجامێ هزركرنا مروڤی بهندەك كارا یان بهندەك ئاستەنگا ژناستەنگێت ژیانێ .

دێتە جوداكرن ژترسا خوڕست «ئەبانەساخی» . ترس ئەل‌دویف كاریكەری‌یە یانكو ، ترس یامەزن‌و ئەگەری وێ ترسێ تشتەكێ خوڕستە وهەر مروەكێ دی ژێ ناترسیت . هەروەسا ئەساخ «یان كەسێ دترسیت . ئەشێت فێ ترسێ دباربكەت‌و رافەبكەت . ئەساخ دێ خو ژكاریكەری دویرئێخیت‌و دێ ژێ ردەیت بێ‌كو بەرەنكاری بیت‌و خوزێ ئێزیك بكەت .

ئەگەرێت فێ ئەساخی‌یێ :ـ

گەلەك جارا ئەو كەسێ فوبیا لجەم دەردكەڤیت . كەسەكێ تورەبی‌یە دژیانا خودا . یان كەسەكێ شەرمینە یان بێ‌ترسنوكەو هەست ب كێماتی‌یێ دكەت لجەم هەڤالا ، ئەڤ ئەساخی‌یە بارا پتر فان كەسا دگریت ئەوێت ئەڤ ڕەوشتە لجەم هەبن ، ئەخاسمە ئەگەر ئاستەنگەك كەتە درێكاواندا ، یان تشتەك بسەری هات ، ئەفێ ترسێ دێ دسەریدا مەزن كەت وبتر لێ‌كەت‌و دێ لجەم دباربیت برەنگەكێ باش .

گەلەك جارا ئەڤ ترسە دبار دبیت ئەنجامێ رویدانەكێ لجاخێ بجویكینی‌یێ‌دا بێ‌یەری هاتی‌و یامابە لسەر دل هەتا مەزن‌بووی . وەك : ئەوكەسێ ژبجویكینی بشیكەكێ بەنجەك لێ‌دای یان ئەخوشی‌یەك كەهاندبێ ، ترسا بشیكا دێ مینتە سەر دلێ‌وی‌و چ جارا ژبیر ناكەت‌و دویرنینە كو ئەویرب خو ئزیكی بشیكا هەمیا بكەت .

هندەك جارا ئەڤ ترسە ئەنجامێ كەلەك ترسایەو هەمی بێكفە ترسەكا مەزن بو ئەساخی چێدكەن . یان هندەك جارا ئەساخ فێ ترسێ بو خو دكەتە رێكەك بو خو دویر ئێخستنێ ژهندەك كارێت ئەفبای . یان گەلەك جارا ئەڤ ترسە بەیدادبیت ئەنجامێ گونەهباری‌یێ ، ل‌چاخێ كارەكێ ئەباش بكەت‌و بترسیت ژسزا دانێ .

جورێت فێ ترسێ :ـ «فوبیاء» :ـ

ـ ترس ژچێت بلند "height"

ـ ترس ژچێت تەنگ‌وگرتی "Closed"

ـ ترس ژچێت تاری "darkness"

ـ ترس ژئەساخی‌یا "illness"

ـ ترس ژچێت قەرەباڵغ "Crowds"

ـ ترس ژچێت بەرفرە "Spaces"

ـ ترس ژهندەك گیانلەبەرا "animals"

هەروەسا گەلەك رەنگێت دێ بێت هەین وەك : ترس ژئافێت بووش ، ترس ژئاگری ، ترس ژمریا و گەلەك تشتێت دێ .

نیشانێت فێ ترسێ :ـ

فوبیا هەروەك ترسا خوڕست ، ئەساخ دێ خو ژكاریكەری دویر ئێخیت‌و بدەنگەكێ بلند دێ كازی‌كەت ، دێ ڕەجفیت و ئەگەر بشێت دێ ڕەڤیت‌و خو دویر ئێخیت ژفان كاریگەرا یان ژفان جها . هەروەسا گەلەك نیشانێت دی دێ لجەم دەركەفن وەك :ـ

لێدانا دلێ‌وی دێ پترلێ‌ـ ئێت ، بێهنا وی دێ تەنگ بیت ـ دێ خوهدەت ، هندەك جارا دلێ ئەساخی دێ رابیت ، دی گێژبیت ، سەرێ وی دێ زفریت ، میزا وی دێ پترـ بیت . ئەڤ نیشانە هەمی نامینن‌و دێ بەرزەبن لگەل دویركەتن‌و نەمانا كاریگەری یان تشتێ ژی بترسیت .

چارەسەر :ـ

بڕاستی باراپتر ژئەساخی یێت دەروونی پەیدادبن ژدەوروبەرێ مروڤی ، ژبەرـ هندێ چارەسەركرن‌و خوشـ كرنا دەوروبەرێ ئەساخی باشترین چارە بو هەمی ئەساخی‌یێت دەرونی ، هەروەسا ئەوكەسێت دكەل ئەساخی دژین كارەكێ مەزن یێ هەی لسەر چاك بوونا ئەساخی . یاهەژی‌یە هاربكا ـربا ئەساخی بدەن‌و فان كاریكەرا بو باش ڕوبنكەن‌و فێربكەن ئەساخ بشێت دگەل فان كاریكەرا بژیت ، ئەوژی كونەساخی فێركەن‌و پیچ پیچە نزیكی وان كاریكەرا بكەن یێت ژێ دترسیت ، هەتا ئەڤ ترسە ددلیدا نەمینن وچاك ببیت . هەروەسا زارۆكێت خو ئەدانن دژووریت بەرفرەهو دویر ژدایك‌و بابا بونفستنێ ، یان ئەهێلن بتنێ دمالێدا ، هەروەسا زارۆكا گەلەك ئەترسینن ژوان كاریگەراو ئەهێلن بشەڤێ بتنێ بگەرن ، دانەڤ هزرەو ئەڤ ترسە ددلیدا شین ئەبن‌و هەتا مەزن ببیت لجەم پەیدا بن .

مەن مفاین ژفان پەرتوكا وەرگرتی :ـ

1- Benjamin B. Wolman, The therapist's handbook, London, 1976.

2- John M., Abnormal Psychology, 2end edition, New York, 1978.

Institut kurde de Paris

کورتەیەك دەربارەی

زمان و ڕێنووسی کوردی

لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری کورتە لەنێوان ڕێنووس و شێوەی زمانی هەندێ گوڤارو ڕۆژنامەکانی سەرەتای سەدەی بیست و ئەمڕۆدا

یوسف ڕؤوف علی

ڕەنگە زۆر نووسەرو بایەخ پێدەرانی زمانی کوردی ئەمڕۆ بیر لەوە بکەنەوە کە ڕێنووسی کوردی بە هەموو شێوەو دیالێکتو لقە دیالێکتەکانیەوە یەك بخەنو یاسایەکی زمانەوانی بۆ ئەم کێشەیە دا بنێن تا قالبێکی داڕێژراو بە خۆیەوە ببینێو ئەو تۆزە تەمو مژەی کە لە ئارادا هەیە لە ناو بچێو ڕێنوسیش ، شان بە شانی بەشەکانی تری زمانی کوردی دوور لە ئالۆزیو کێشەوبەرە بمێنێتەوە . بەڵام ئایا ئەم پێشنیازە شتێکی هێندە ئاسانە کە لە ماوەیەکی کەمدا جێ بەجێ بکرێو هێڵی دیاری کراوی خۆی بۆ بکێشرێت ؟ ئایا ئەم هەوڵە شتێکی نوێیە یان لە مێژە بیری لێ کراوەتەوە ..؟ ئایا ڕەوتی چەند ساڵەی نووسینی کوردی ، تا چ ڕادەیەك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو پێشکەوتنی بەدەست هێناوە ؟

دبارە وەڵامی ئەم پرسیارانە کەمێ ناوکێشەو پەلوپۆی زۆری دەبێتەوەو پێویستیان بە ڕوونکردنەوەیە .

پێشکەوتنو گەشەکردنی زمان وەك شادەماری بوونی نەتەوایەتی ، بە پێشکەوتنو گۆڕانی باری ژیانو گوزەرانی کۆمەڵ لە هەموو لایەکەوە بەستراوەتەوەو کۆمەڵێ هۆی کاریگەریش هەن کە دوور لە ویستی زمانەکە خۆی کار دەکەنە سەر پێشکەوتن یان دواکەوتنی .

لە سەردەمو بارودوخێکدا کە گەلی کورد بەخۆیو زمانو خاکو داب‌و نەریتو ڕۆشنبیریو کەلەپوورو مێژوویەوە .. پا بەندو گیرۆدەی دەستەو دایەرەی ڕۆمو عەجەم بووە ، هەر شتێك کە بوونی نەتەوایەتی گەلی کوردی سەلماندبێت،لە مەترسیەکی گەورەی لەناو چوونو فەوتانو لێك ترازاندا بووە . خاکی بەش بەشو فەرهنگی شێواوو زمانی گرێدراو بووە . کورد وەك دەستەو گروپی خێڵەکی سەیر کراوە ، بێ ئەوەی لە ئەوشیفی مێژوویی ئەم گەلەیان کۆ لێبێتەوە ، زمانەکەی وەك لقو بەشێکی زمانەکەی خۆیان تەماشا کردووە ، بێ ئەوەی لە ڕەگو ڕیشەیان شارەزا بوبن . دبارە خاکەکەشی هەمیشە شانۆی شەڕو پێکادانو جێ چاو تێبڕینی مڵو مووشی داگیرکەرانەیان بووەو وەك تەختە نەرد، مۆری گرەو کاریان لە سەر هەڵداوە بێ ئەوەی دەرکیان بەو ڕاستیە کردبێت ، کە هەر بنە بەردو دارو شاخو دەشتو ڕووبارێکی شایەتی دێرینی مێژووی سەدان ساڵەی پڕ سەروەری کوردن .

سەرباری هەموو بارو دۆخە سەختەش ، گەلی کورد لە هەموو مەیدانێکدا ، هەوڵی گۆڕانو بەرەو چاکتر چوونی ژیانی خۆی داوە . ڕێبەرو ئالا هەڵگرانی زمانی کوردیش هەر زوو هەستیان بەو سەنگەرە توندو تۆڵانە کردووە ، کە بە مەبەستی فەوتاندنی زمانەکەیان لێ درابوو ، بۆیە دلێرانە چەکی پیرۆزی پاراستنی وشەی کوردیان لە شان ناو کەوتنە مل ملانێیەکی سەختەوە ، تا پیادە ڕێیەك بۆ گەشە سەندنی زمانەکە دیاری بکەن .

ئێمە لەم باسە بچووکەدا ، خۆمان لە لایەنەکانی تری ئەو بارو دۆخە لا دەدەینو هێندەی پێوەندی بە مەسەلەی زمانو ڕێنووسی کوردیەوە هەیێتو ئەوەندەی بە باڵای لێکۆڵینەوەکەمان ببڕێ درێژەی پێ دەدەین :

ئاوڕدانەوەیەك لە تێکستە شێعریو بەخشانەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیست سەرەتاو سەر هەڵدانی ئەو هەوڵو تێکۆشانە ئیشان دەدات کە لەم بوارەدا دراون . شاعیرو نووسەرانی کورد بەر لەو ڕۆژگارو سەردەمەی باس کران ، بێ گوێ دانە پاڵە پەستۆو زەبروزەنگی هێزە دەسەڵات دارەکانی کوردستان درێژەیان بە ڕەوتو کاروانی شکۆمەندی وشەی کوردی . داوەو لوتکە ئاسا مل ملانێی سەختیان لەگەڵ هەورو تەمی ئەو ڕۆژگارە نا لە بارەدا کردووە ، کە دەبوایە لە ڕێژنەو تاوەبارانی بە لێشاویدا وشەی کوردی بخنکێنێت .. ئەم ئەوە بەوی ترو ئەم کۆمەڵ بەوی دوا خۆی جڵەوی ئەم ئەرکە مەزنەیان بە یەکتری سپاردووەو ئەوانیش جوامێرانە ، لە ئاستی پێویستی ئەم فەرمانە پیرۆزەدا بوونو دڵسوزانە دەست لە کارابوون . هەر لە سەردەمی حەریریو بەردەشانیو خانیو جەزیریەوە تا دەگاتە مەحویو سالمو نالیو پیرەمێردو گۆرانو سەجادی ... لە ڕێی شیعرو وتارو پەخشانو ڕۆژنامە گەریەوە ، دەوری گەورەیان لە بژارو پوختە کردی باخچەی وشەی کوردیدا بینیوە .. تاوێ بە شیعرو تاوێکی دی بە پەخشانو ناو بەناویش لە ڕێی ڕۆژنامەوە کەم تا زۆر هەوڵی هوشیار کردنەوەی خەڵکیان داوەو لە دۆش داماویو دەستەو سانی قوتاریان کردوونو ڕووناکە ڕێیەکیان بۆ دیاری کردوون تا پتر لە ئاستی گەشو ڕۆشن نزیك ببنەوە . خۆ ئەگەر لە ئاستی ئەم ئەرکە مێژوویەدا سستو خامۆشی بوونایە ، نە ئەوانە دەبوونە ڕێبەرو پێشەواو نە خەڵکیش دەبگوت شاعیرانو نووسەرانمان بۆڕی سەردەمی خۆیانیان داوە . سەردەمی دەسەڵات دارێتی تورکە عوسمانیەکان ، سەردەمێکی تاریكو دووبارە بوونەوەی ڕۆژگاری تەتەرو هۆلاکۆیە سەباردت بە گەلی کوردو گەلانی ئاوچەکە .. سەردەمی پێ شێك کردنی هەموو جۆرە مافێکی نەتەوایەتی ئەو گەلانە بووە .. سەردەمی دەرگا داخستن لە بەردەم هەموو جۆرە چوستو چالاکیەکی گەشە کردنو پێشکەوتنی باری ژیانو گوزەرانی خەڵکی بووە زمانو نووسینی گەلی کوردیش وەك یەکێ لە شادەمارەکانی بوونی نەتەوایەتی . لە مەترسی زیندە بەچال کردنو فەوتاندنا بووە . هەر بۆیە خەڵکی هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بووە ڕۆژێ لە ڕۆژان گوێ وشەی کوردی بە بەرۆکی ڕۆژنامەیەکی چاپکراوی کوردیبەوە ببینەو لەو ڕێیەوە سکاڵو ڕازی پەنگ خواردووی نێوەڵو دەروونو مێشکیان لە ئامێزی پەڕاو بگرنو گەلانی دنیا ئاسا بتوانن لەو دەروازەیەوە بیرو بۆچوونی خۆیان دەربڕنو ئەمان لە فەرهەنگو بیرو داهێنانی گەلانو گەلانیش لە مێژووی پڕ سەروەریو دەرکە ڕێزی خۆیان ئاشنا بکەن . کە ئاسۆی ڕۆژنامەی (کوردستان) لە کەلی دوور وڵاتەوە سەری هەڵدا . نە دووری ڕێو نە سەختی جێ بەری هەنگاوانی لێ نەکرتن بەردو بیری ئەو ڕۆژنامە جگەر کۆشەیەبانو تامەزرۆبانە چاوەڕوانی دەرچوونی بەکە یەکەی ژمارەکانیان دەکردوو ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە . نکوولیان لە جێ بەجێ کردنی داخوازیەکانی ئەو خەڵکە بە بەرۆشە نە دەکرد .

ڕۆژنامەی کوردستان . زۆرتر بە شێوەی (دیالێکتی کرمانجی ژوورو وتارەکانی بڵاو دەکردەوە جگە لەوەی کە بە تورکی بڵاو دەکرایەوە .. لە ڕێنووسدا پێتی عەرەبیو دەستووری ڕێنووسی عەرەبی پەیڕەو دەکرد . بەکەمین وتاری ڕۆژنامەکە بەم شێوەیە نووسراوە :

| صد هزار شکرو حمد ژخدی تعالی ردام مسلمان خلق کرن . وظانینا علمو معرفتیرە هیشو زکادامە . در حقا علماندنا علمو معرفتیرە کلك آیتین جلیلە واحادیث شریفە هنن دنیایدە چقاس مسلمان هن کوندو باژیرین حمبادە مکتبو مدرسەو جریدە هنن دنیایدە چەدبە چە نابە جریدە نقیسین . |

ئاشکرایە کە شێوەی نووسینی ئەم وتارەو بەشەکانی تری « کوردستان » هەندێ خاڵو سەرنج دەخەنە ڕوو :

١ ـ کۆمەڵێ وشەی عەرەبی لەو تارەکەو تێکڕای ڕۆژنامەکەدا .

شێوەی نووسینی ئەو وشە عەرەبیانە . سروشتێکی کوردانەیان پێ دراوە نەك وەك خۆیان بنووسرێنەوە وەك معرفتیرە ـ علمانا ـ دنیایدە .

بڕوانە ل ١١

مۆزارت و سالیری

شاکارە تراژیدییەکەی پۆشکین

شاکارە تراژیدییەکەی (ئەلکساندەر پۆشکین) ـ « مۆزارتو سالیری » ـ هەتا ئێستاش بەو کارە ئەدەبییە لە قەڵەم دەدرێ کە مایەی تێڕامانی زۆربەی زۆری ئەو کەسانەیە کە کاروباری مۆسیقای جیهانی بەگشتیو ئەدەبی ڕوسی بەتایبەتی جێگەی بایەخ پێدانیانە .

شەمال عومەر

« پۆشکین » شاعیری مەزنی ئەدەبی ڕووسی نوێیەو بەرهەمەکانی بەگشتی ئەدەبی جیهانی بەپێزو پێت کردووە .

ئەلکساندەر سێرگێیێڤیچ پۆشکین لە ٦ی حوزەیرانی ساڵی ١٧٩٩ لە مۆسکۆ لەدایكبووەو لە ساڵی ١٨٣٧ دواهەناسەیداوە . مەزنترین شتێ کە پۆشکینی وەك مرۆڤێك پێ جوێ دەکرێتەوە ، ڕێزگرتنی قولیەتی بۆ کەسایەتیو نرخ بەرزی مرۆڤو مرۆڤایەتی ، بۆیە « بلینسکی » پۆشکین بەم جۆرە دەناسێنێت :

« ئەو بلیمەتەی بازنەیەکی بە دەوری هەموو جیهاندا داوە » .

پۆشکین ، بەبەرهەمەکانی بنەڕەتێکی پتەویی بۆ شیعرو ئەدەبی نوێ ڕووسی داناوەو بە تایبەتی بنەڕەتی ئەدەبی ڕیالیستی ڕووسی .

تراژیدیای « موزارتو سالیری » لە ڕیزی تراژیدیا شیعریەکانی پۆشکین دادەنرێت کە ڕەخنەگرەکان بە (تراژیدیا کورتەکان) ناویان دەبەن و بریتین لە (سوارچاکی پیسکە)و (مۆزارتو سالیری) و (میوانە بەردینەکە) و (ئاهەنگی لە زەمەنی دەردەکەدا)ن ، پۆشکین گەلێ بیری جوانکاری بە دەوروبەری ئەم تراژیدیانەدا کۆکردۆتەوە ، کە بابەتەکانی لە میللەتە جیاوازەکانو سەردەمە مێژوویی‌یە جیاوازەکانەوە وەرگرتووە ، پۆشکین ئەم دراما یانەی لە ڕووی هێزو وێنەکێشانی کەسایەتی‌یەکانیو ڕێکخستنی ناوەرۆکو جوانی شیعرەوە ، بەلێهاتویی‌یەوە دەستەبەر کردووە ، کە توانیویەتی بەقوولی‌یەکی سەرسام کەرەوە ، زۆر حاڵەتی سویکۆلۆژی مرۆڤایەتی بپێکێت .

سەد ساڵ زیاتریش دەبێ ، ئەو تێڕامانە بەرامبەر شاکاری « مۆزارتو سالیری » خۆی لەم پرسیارەدا دەدۆزێتەوە ، ئەویش : | ئایا شاکارەکە ، پابەندە بە کۆمەڵێ حەقیقەت و بەڵگە نامەی مێژوویی‌یەوە ، یان وەکی‌تر بەرەنجامی خەیاڵی شاعیریانەی پۆشکینی مەزنە ؟ | .

ناوو ناوبانگی « ئەنتۆنیۆ سالیری » مۆسیقاژەن کە مامۆستای مۆزارتو شۆبەرت بووە ، لەوەدابوو کە بچێتە خانەی لە بیر چوونەوەوە ، ئەگەر بهاتایەو ئەم دوو هۆ کارە سەرەکی‌یە لە پشت نەمری پێ بەخشینیەوە نەبوونایە ، ئەوانیش ، یەکەمیان : پابەندە بەو پڕوپاگەندە زانراوەی کە گوایە ، هۆی سەرەکی بۆ مردنو لەناوچوونی مۆزارت لە ساڵی (١٧٩١)دا ، دەگەڕێتەوە بۆ ژەهر دەرخواردانی لەلایەن سالیری‌یەوە ، ئامانجیشی لەم کارەدا ، دەگەڕێتەوە بۆ ئیرەیی (حسد) پێبردنو هەوڵدانی بۆ دزینی نووسراوە مۆسیقی‌یە بڵاونەکراوەکانی .

دووەم هۆکاریش : کاڵایەکی نەمری بەخۆداکرد لەلایەن (پۆشکین)ی شاعیری مەزنەوە ، لەکاتێکدا وەکو بیرێکی سەرەکی لە شاکارە ئەدەبی‌یە بەرزەکەیدا (مۆزارت و سالیری) بەکاری هێناوە ، کە تا وەکو ئێستاکەش مایەی سەرسوڕمانی لێکۆڵەرەوانی ئەدەبی کلاسیکی ڕووسە .

بنەمای هونەریو فکری ئەم تراژیدیایە ، لەوەدا کۆدەبێتەوە کە پۆشکین پەردە لەڕووی سایکۆلۆژی‌یەتی هونەرمەندان لادەباتو ، بەرپرسی مەرگی مۆزارت دەخاتە ئەستۆی سالیری ، کە لە ئەنجامی ئیرەیی پێبردنەوە ئەم مەرگەی بۆ ڕێکخستووە .

لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارێك دەمێنێتەوە ، ئەویش ئەوەیە ، (ئایا پۆشکین لە چەسپاندنو دەستەبەرکردنی ڕووداوەکەیدا پشتی بە کۆمەڵێك بەڵگەی باوەڕ پێکراو بەستووە یان وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی پڕوپاگەندەکانی لە خۆگرتووە ؟) لەم لایەنانەوە سەرنجدانێکی پۆشکین بەردەست کەوتووە ، دەڵێ : کە بەشێی یەکەمی دۆن جوان پێشکەش‌کرا ، شانۆکە پڕبوو لە شارەزایانی مۆسیقا ، هارمۆنی ئاوازەکانی مۆزارتیان گوێ لێدەگرت ، لەو کاتەدا دەنگێکی ناساز لەناو هۆڵەکەدا ، دەنگی‌دایەوە ، هەموان بەسەرسامیو نارەزایی‌یەوە لایان بەلای دەنگەکەدا کردەوە ، بینیان وا سالیری مۆسیقاژەنو مامۆستای مۆزارت بەحاڵێکی هستریی‌یەوە هۆڵەکە بەجێ دێڵێت) .

پرۆفیسۆر (ئیکۆر بیلزا) لەدوا لێکۆڵینەوەیدا کە لەسەر پۆشکینی نووسیوە ، گەیشتووەتە ئەو بڕوایەی کە پۆشکین لوتکەی ڕاست گۆیی‌یە ، لەبارەی چەسپاندنی ڕووداوەکەو بەتایبەتیش کە بنەمای مەسەلەکە ، کۆمەڵێ کەسایەتی ناسراون لە مێژوویی مۆسیقای جیهانیدا) ئەمەش دوابەدەرکەمان پێدەبەخشێت لەو لایەنەوەی کە پۆشکین خاوەنی گەلێ زانیاری بووە ، دەربارەی ئەو پەیوەندی‌یە توندەی نێوان (مۆزارتو سالیری) .

ئاشکرابوو . وە بەتایبەتیش لای ئەو کەسانەی کەلاشە ناوساوە شێواوەکەی مۆزارتیان لە شاری فینیسیا بینی بوو . دوای ناشتنی لاشەکەی مۆزارتو شاردنەوەی لە نێو گۆڕدا . لێرەوە دەوری سالیری بووە مایەی دوودڵی و تێڕامانو بەشاراوەیی مایەوە . لە ساڵی (١٨٢٨) دا « تشیك » لە دوانێکدا لەگەڵ بینهۆڤن دەڵێ :

« سالیری هەوڵیدا قورگی خۆی دەربێنێتو خۆی بکوژێ . لە ئەنجامی ئەو گرێ دەروونی‌یەی کە دووچاری ببوو . سەرباری ئەوەی کە هەستی تاوانباری ببووە مۆتەکەیەکی قورس بەسەر بیرکردنەوەیەوە . دەتوانرێت تاڕادەیەك باوەڕ بەوە بهێنرێت ئەوەش لە بواری دان پیانانەکانی سالیریو ئەو شێوە ڕێگەیەی کە ژیانی مۆزارتی پێ کۆتایی هات » .

« تشندلر » کە یەکێکە لە مێژوو نووسانی ژیانو کارەکانی « بینهۆڤن » دەربارەی ڕووداوەکە بەم شێوەیە ئاڕاستەی ڕاو بۆچوونی خۆی کردووەو ئەڵێ « سالیری پیاوێکی زۆر بەد خووبوو ؛ بەدەست ئازاری کەبتو گوناهکاری‌یەوە دەناڵاند ؛ هەمیشە ئەوەی دەهاتەوە بیر کە مۆزارتی ژەهر خواردوو کردووە » .

« بیتهۆڤن »یش لە ساڵی (١٨٩٠)دا ڕۆژنامەنووسەکان ئاگادار دەکاتەوەو ئەڵێ : | سالیری تاکە دوژمنم بووە | ؛ باشان ڕەخنەگری گەورەی هونەری مۆسیقا « فرانس فارگا » جیهان ئاگادار دەکاتەوە بەوەی کە مۆسیقا ژەنی‌یە ناوبانگ « شۆبەرت » ئەویش بووەتە قوربانی کارە پیسەکانی (سالیری) ئەم پیلانە بێدەنگەی کە دژی کارە مۆسیقایی‌یەکانی سالیری کرا زیا لەسەدەیەك بەنێو هەموو مۆسیقازانەکانی جیهاندا بڵاوبووەوە هەندێك وایان لە قەڵەم ئەدا کەیەکێکە لە مۆسیقا ژەنە بلیمەتەو بەناوبانگەکان ؛ بەڵام باش تێبەڕبوونی سەدەیەك هەر وەك ئەوەی هیچ پارچە مۆسیقایەکی دانەنابێت ناوی لەهونەری مۆسیقادا لەبیرچووەوە ؛ لە کۆتایی‌دا پۆشکین لەم تراژیدیایەدا هەوڵی‌داوە نموونەی مۆزارتو سالیری بخاتەڕوو پاشان گیروگرفتی دەوری هەریەکەیان لە کاری هونەریداو مردنی مۆزارت لە ئەنجامی ژەهر دەرخواردانی لەلایەن سالیری‌یەوە .

●

● **سەرچاوەکان :**

١ ـ پوشکین ـ حیاته واعماله ـ ا.س بترۆڤ ـ ترجمة : د. جمیل النصیف .

٢ ـ ملحق الثقافة الاجنبیه ـ ملحق خاص بـ (مسرحیة ذات الفصل الواحد) مسرحیة (موتسارت وسالیری) .

٣ ـ جریدة « القادسیة » عدد ١٥٧٣ . ١٩٨٥ .

Institut Kurde de Paris

روو بە روو

کارتی تایبەتی !

هەر یەکێك لە ئێمە مانان کە ئەچێتە بازاڕ ، بیر لە گەلێك پێویستی رۆژانە ئەکاتەوە ، بەتایبەتی لەم وەرزی زستانە .. ئەمانەش ،هەر لە سۆپایەکی گەرم ، تا بووکە شووشە کە مندالان مافی خۆیانە خەونی پێوە ببینن ...

بەڵام ئاخۆ چۆنت دەست دەکەوێ ؟!. لە وەڵامدا یا روو ئەکەیتە مەزاتخانە کە هەموو شتێکی تێدا هەراج دەکرێ ، ئەمەش بە نرخی دوو قات و سێ قات ..... یاخود بۆ ئەم مەبەستە پێویستیت بە «کارتی تایبەتی» هەیە کە (بسوولە)یە بۆ دەسگیربوونی ، ئەگەر نەلێم هەمووی ، زۆربەی ئەو شتانە ...

ئاخ و داخ لە دەست ئەم کارتە تایبەتییە زۆرە ... تەنانەت لای من بووە بە «گرێ» ، ئەمەشیان هەر من ناگرێتەوە ، بەڵکو خەمی هاوولاتیەکە بە هەناسەی سارد دەگەرێتەوە .. .

لێرەوە .. دەڵێم .. خۆ ئەو کەسەی کە کارتەکەش وەرنەگرێت هەر هاوولاتیە .. تەنانەت چەند جارێ سەو ـدایی بێ ئەکات . . لەمەشدا پێویستە وێژدانی هاوولاتی خۆی بجوڵێ .

نموونەی ئەم مەسەلەیە زۆرە ... ئەبینی هاوولاتیەك دوو زستان بە دوای پێویستیەکدا دەگەرێ ... تێستاش هەر لە خەونا ئەژی و خەونەکەشی وای لێ هاتووە هەر ببێتە کارت ... زۆر پێویستی هەیە لە بازاڕ داندراوەو بە چاوەڕوانی کارتێکی سەوز گوزرانی دەڵێ. ئەزانن .. زۆر کەس بە دیاریەوە دەوەستێ و هەناسەی قووڵدەکێشێ و ناشی گاتێ ؟!

ـ شێرزاد ـ

بەدالەکەی قەلادزێ

هەر وەکو ڕوون و ئاشکرایە، شارێکی وەکو ـقەلادزێـ شارێکی گەورەو خنجیلەی سەر سنووریە ، لە پارێزگا جوان و قەشەنگەکەی ـسلێمانیـ دا.. .

ـقەلادزێـ هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە لەگەل ئەو بەدالە بە سالا ـچووەدا گوزەر دەکا ، چونکە هەر لە سەرەتای بوونیەوە بە ـ٢٠٠ـ دوو سەد ،ڕەقەم، ناشناوبووەو ڕاهاتووە .. واتە نەلەزیادبوون و نە لەکەم بوونایە ،چونکە دانیشتوانێکی ئاوا زۆرو بەدالەیەکی ئاوا بچوکی دنیادیدەی (٢٠٠) ڕەقەمی هەروادەبێ و باشە بەشیشیان دەکات ؟!! جا سەرەڕای ئەوەش دوو ناحیەی تریشی بە سەرەوەن .. ئەو بەدالە یەش لە چوار خەتی سەرەکی پێکهاتووە .. دوو خەتیان تایبەتن بە سلێمانیەوەو دوو خەتەکانی دیکەش : یەکێکیان بۆ ڕانیەو ئەوەکەی دیکە ـشیان بۆ (سەنگەسەر) ... جا یەکێك لەو دوو خەتەی کە بۆ ـسلێمانیـ تەرخان کراون .

(دایسۆنی) نییە !!. واتە باش دەنگی دەرناچێ و هیچی لێیوە حاسل ناکرێ .. ئەوەکەی دیکەشیان بە تەنێ شارێکی ئاوا گەورەی پێ دەنامێزێ ناگیرێ .. بە تایبەتی لەبەر زۆری دانیشتوان و کەمی ڕەقەمی تەلەفۆنەکان و دەستنەکەوتن و دەرنەچوونی دەنگەکان لە یەك کاتدا ...

جا لە کۆتاییدا داوای هەرە پێویست و گرینگمان لە ـبەڕێوەبەرایەتی تەلەفۆناتی کشتی سلێمانیـ ئەوەیە کە بەیەر داخوازیەکەمانەوە بێن و ئاوڕێکی لێبدەنەوە ..

ـ حەمە جاف ـ قەلادزێ ـ

ناحیەی سەنگەسەرو چەند پێداویستیەك

وەکو لای هەموان ڕوون و ئاشکرایە هەموو شارو شارۆچکەو ئاوەدانیەك لە دواکەوتوویی بەوە وردە وردە بەرەو پێشکەوتن و ئاوەدان بوونەوەی زیاتر دەچێت و ڕۆژبەڕۆژ پێشکەوتنی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت و دەبێتە هۆی حەوانەوەی زیاتری دانیشتوان و بەرزبوونەوەی پلەی ژیان و گوزەرانیان .

لەم ڕووەوە هەر شارو ئاوەدانیەکی ئەمڕۆ کەم تازۆر پەرەی ستاندووەو بەرەو ـپێشکەوتن و ئاوەدانی زیاتر چووە .

لێرەدا چەند پێویستیەکی ناحیەی سەنگەسەر ئەخەینە بەرچاوی لێپرسراوان .

أ ـ نەخۆش خانەی سەنگەسەر بینایەکی کۆنی بچوکی هەیە کە پێك هاتووە لەتە نها چوارژووری بچوك و تەنانەت جێگای دوکتۆرو برین پێچو سستەرەکانیش بە چاکی نابێتەوە چ جای نەخۆش و پەك کەوتەکان .

ب ـ قاوشی نەخۆش خەواندنی نیەو تەنها دکتۆر ـتێکیشی لێیەو دانیشتوان ناچارن لە کاتی ڕودانی کارەسات و ڕوداوی ناوەخت ـدا پەنابەرنە بەر نەخۆش ـخانەکانی قەلادزێو ڕانیە .

زۆرجاری واش هەیە کە دەوامی خەستەخانە بەسەر چووەو لەبەرئەوەی دکتۆری ئێشک گرنیە دەرگای خەستە ـخانەکە دادەخرێ و لەو کاتەدا کارەساتێك ڕودەدات تاکوو نەخۆشەکە دەگەیەنە قەلادزێ یان ڕانیە زۆری پێدەچێ و لەوانەیە ببێ بەهۆی مردنی .

٢ ـ قوتابخانەی ناوەندی : چەند گوندێکی ئاوەدان دەورەی سەنگەسەریان داودە دیارە قوتابیەکانی پلەی ناوەندی بۆ خوێندن دەبێ ڕو بکەنە ئەوێ . ئەمە بێجگە لە قوتابیەکانی ناوخۆی کە ژمارەیەکی زۆر پێکدەهێنن، کەچی بەداخەوە قوتابخانەی ناوەندی لەسەنگەسەر نیە ، هەرچەندە بینای تایبەت و شیاوی بۆدروست کراوەو چەند ساڵێك دەوامی تێدا کرا بەڵام لە ساڵی پارەوە دەرگاکانی داخراون و قوتابیانی ناوەندی ناچار ئاوارەی ئەم لاو ئەولا بوون .

٣ ـ ناوبازاڕی سەنگەسەر : ئەوی ڕاستی بێ سەنگەسەر دووڕاستە شەقامی گشتی هەیە کە ئەم بەرو ئەوبەری هەردووکیان بەدوکان و بازاڕ پڕ بۆتەوەو دیمەنێکی تایبەتی بە شارەکە بەخشیوە بەڵام ئەوەی جێگای سەر ـسوڕمانە ئەوەیە کە زستانان پیاو بە هیچ جۆرێك ناتوانێ ڕوو بکاتە ئەو شەقامە کشتییەی کە لە بەر دەرکی مەرکەزەوە درێژ دەبێتەوە بۆ ناو بازاڕو تادامێنی شار دەڕوات لەبەر چاڵو چۆڵو قوڕو چڵپاوی باران ، ئەویش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە کاتی خۆیدا دەستیان کرد بە هەلکەندنی ئەم شەقامە بۆ ڕاکێشانی زێراب بەژێر شەقامەکەدا بەڵام سەیر ئەوەیە کە لە دوای تەواوبوونی زێرابەکە جادەکە قیرتاو نەکرایەوەو هەروا بەچاڵوچۆ لێ مایەوەو ئێستابووە بە شوێنی کۆبوونەوەی ئاوی باران .

لەکۆتاییدا لەگەل ڕێزمان بۆ هەموو لایەك داوا لەکار بەدەستاندەکەین کەسوو کە ناوڕێك لەم شارۆچکەیە بدەنەوەو لەم کەموکوڕیانە ڕزگاری بکەن .

کاوە فیدا

وەرە حەوسەلەت بمێنی

نجاه رفیق حلمی

« کورد ووتەنی بە ـچیکلدانەت فراوان بێ »
زیرەی تەلیفون هەـــاتەلمگرت ..

ـ ئالو ..
ـ ئالو ..
ـ ئێرە ماڵە ..؟
ـ نەخێر خوشکە . .
ـ ئەی چییە ؟
ـ تۆ کێت دەوێ ؟
ـ والله من کاك فلانم دەوێ .
ـ لێرە نییە ..
(تلفون داخرا) .
زڕ زڕ .. (دیسان چارێکی ـتر تەلیفون لێیدا) .
ـ ئیرەماڵە .. ؟!
ـ نەخێرگیانە ... لەبەر چی ئەپرسیت ئێرەماڵە !
ـ ئەی کوێیە ؟.!
ـ خوشکە تۆ لە کێوە قسە ئەکەیت .!
ـ لە ...
ـ باشە زۆر باشە ..خۆشکە تۆ ئافرەتی یاخود ...
ـ بەلێ ئافرەتم ...
ـ لەکوێوە قسە ئەکەیت ..
ـ ئاخر وام زانی ..
ـ چیت زانی ؟ کوێت لە دەنگی ئافرەت بوو وا ئێگەیشتیت هەموو جێگایەك ئافرەتی لێ بێ ئەوە ماڵە .. ئەی خۆت ئافرەت نیت وەڵامی تەلیفۆن ئەدەیتەوە ؟!
ـ خۆ ڕاستیشە ؛ بەڵام من کاك فلانم ئەوێ .
ـ ووتم لێرە نییە ..وابزانم بڕوات نەکرد .
ـ ئەخێر لەبەر ئەوە نییە ئێمە ئینسێکی تایبەتمان بەو برادەرە هەیە ئەگەر ئەویش نییە ئەوا فیساری برادەر ئەگەر لەوێ بێ .
ـ ئەویش لێرە نییە .
ـ ئەی چۆن .!
ـ والله نازانم چۆن .
ـ باشە ئەی کەس کەسی لێ نییە .
ـ ئەخێر ..
ـ چۆن هەر کەس کەس ... ئەی چۆن شوێنێکە کەوا هیچ کەسی لێ نەبێ ؟!
ـ ئەم شوێنە وا هەلکەوتووە کە تەنیا کەسێکی لێ بێ بەسە .
ـ باشە ئەو کەسە کێیە با قسەی لەگەل بکەم ؟
ـ ئەو کەسەش نییە کە تۆ ئەتەوێ .
ـ ئەی قسە لەکەل کێ بکەم ؟.
ـ ئەرێ خوشکە تو ئیستا قسە لەگەل کێ ئەکەیت ؟!
ـ ببورە نازانم کێیت .
ـ ئەخێر مەبەستم ئایا من بەکەس تێ ناگەیت ؟!
ـ ئاخر بۆ وات ئەگوت ؟
ـ چی بڵێم .. بڵێم من کەسم . من یەکێکم من پەشەرم ئەی تۆ قسە لەگەل کێ ئەکەیت ؟

دیسانەوە قەناتی کوردی

نیازی حمە عزیز

هەندێ جاری ترو چەند بەرێزێکی دیش بەجیاجیا لەم ڕۆژنامە هێژایەدا لەسەر بەرنامەکانی تەلەفزیونی تەئمیم نووسیووە .. وا ئێمەش لێرەدا بەکورتی دەربارەی بەرنامەی (وەرزش و لاوان) شتێك دەڵێین .

تەرخان کردنی بەرنامەیەك لەتەلەفزیونی کوردی بەناوی وەرزش و لاوان کارێکی زۆر چاکەو شایانی گوتنە کە بەهەموو لایەك هەول بدرێ پێش بخرێ . چونکە گشت ئەوانەی بەخەم گەشەکردنی شارستانێتی کۆمەلەوەن بەر ـبرسیارن لەسەر پەرەپێدانی و پێش خستنی لەسەر بنەمایەکی زانستیانە ، ئەمەش خزمەتێکی مەزن بە خولقاندنی نەوەیەکی نوێ و پێش کەوتوو دەگەیەنێ ..

هەموو دەزانین ماوەیەکە ئەم بەرنامەیە لە تەلەفزیونی کوردی لەلایەن هاوڕێ (ستار عبدالله) ئامادەو پێش ـکەش دەکرێ ، ئێمەش لێرەوە بەئومێدی پێش خستنی گیانی پیرۆزی وەرزشی و بزووتنەوەی چالاکی وەرزشی لە کوردستاندا بەکورتی چەند خاڵێك پێشنیار دەکەین ، هیوادارین بەڕێوەبەرێتی تەلەفزیونی ناوبراو کەلکی لێوەربگرێ :ـ

١ ـ بەرنامەیەکی ئاوا لەگرنگی بەدەر نیەو واچاکە بە چاوێکی پڕ لەبایەخەوە سەیری بکرێ .. مەبەستم ئەوەیە لیژنەیەکی پسپۆڕو بەلەدو شارەزا لەبواری وەرزشدا هەستن بە دیتن بە شێوەی سلێمانی دەبێتە (ل) . بەڵام (ڕ)ی قەلەو وەك کاك « سابیر » نووسیویە هیچ ڕاستیەکی نیە .

● (ئاژداد) ، بـاو باپیـر . باپیران ... ل ٩٣ .

دەبوایە لە تێبینیدا بنووسرایە ئەم ووشەیە لە ئەسڵەوە لە (اجداد)ی عەرەبی وەرگیراوە زیاتر ڕوون دەبێوە .

● (ئاشگێر) ئەندازەیەکە لە ئاوی جۆگە یا هەر ڕووبارێك کە ئاشی ئاوی دەخاتە گەڕ ... ل١١٩ .

دەبوایە کاك « سابیر » پاش ئەو پێناسەیە بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەو مانای زیاتر بینووسیبایە (بەو کەسەش دەڵێین کە ئاشەکە دەگێڕێ و سەرپەرشتی دەکات) . چونکە ناوچەکانی سلێمانی و پشدەرو هەولێریش بەو کەسەی ئاش دەگێڕێ و سەرپەرشتی دەکات دەڵێن (ئاشگێر) .

● (ئاقووبەت) ـ [ع] ئاکام . ئەنجام ... ل١٣٢ .

ڕاستیەکەی (ئاقیبەت)ە ، چونکە کورد دەڵێ (ئاقیبەتی هەموومان مردنە) .

● (ئاگرەکە) ـ (ئاگر) ... ل١٤٢ .

دەبوایە کاك « سابیر » باسی ئەوەشی بکردایە کە (ئاگرەکە جۆرە پەرینەوەو لێپیس کردنێکە ، هەندێ جار دەموو چاوو پێستەی مرۆڤ « بەتایبەتی دەموچاو » چەند قینچکەیەکی لێدێت . ئەو قینچکانە زۆر دەبن و تەشەنە دەکەن ، بەو تەشەنە کردنەش دەڵێن (ئاگرەکە) .

(ئالف) ـ [ع] ، گیای ئیشك کە زستانان لە ماڵەوە دەدرێ بە مەڕوو ماڵات و پاتاڵ و بەرزەو وولاغ ... ل١٥٠ .

ڕاستیەکەی ئالف (علف) گیای ووشك نیە بەڵکو دانەوێڵەیەو وورد دەهاڕدرێ بەتایبەتی (جۆ) ئینجا دەدرێتە ئاژەڵ . ئەوەی کاك « سابیر » دەیڵێ (کا)یە نەك (ئالف) .

● (ئالەکۆك) ، هەلەکۆك ، ئالەقۆق ... هتد ل١٥٦ .

دەبوایە کاك « سابیر » هەمان پێناسەی کوردی وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی چونکە خوێندەوارێکی عەرەب بەو ڕادەیەی باسکراوە باش تێی ناگات .

● (ئامانج) ـ مەبەست ـ وبست . ئاوات ... ل١٥٩ .

ڕاستیەکەی (ئامانج) واتای ئاوات نابەخشێ چونکە (ئامانج) کارێکەو پێشتر کراوە یاخود هەوڵی بۆ دراوە بەس هێشتاکە بە (ئامانج) نەگەیشتووە . کەچی ئاوات شتێکە تەنها خۆزگەی بۆ دەخوازرێ و هیچ هەوڵ و کۆششێکی لەمەو پێشی بۆ نەدراوە .

● (ئانە) ... ل١٦٨ .

بە سێ خاڵ واتای لێکدراوەتەوە دەبوایە خاڵی چوارەمیشی بۆ زیاد بکرایە ، چونکە (ئانە) مانایەکی تریش دەبەخشێ ئەویش (عانە)یە . دراوێکی کۆنەو قیمەتی چوار فلسی ئیستای دەبوو .

● (ئاواز کردن) ، بانگ کردن ... ل١٧٢ .

دیارە کاك « سابیر » مەبەستی دیالێکتی هەولێرو سلێمانی و پشدەرە . کەچی هیچ ناوچەیەك لەم ناوچانە بە (بانگ کردن) ناڵێن (ئاواز کردن) .

بەس لە جیاتی ئاواز کردن دەڵێن (گاس کردن) . ئەگەر مەبەستیشی دیالێکتیکی ترە دەبوایە دەست نیشانی بکردایە .

● (ئاوال کراس) ، ئاوەل کراس . دەرپێی ژنانە ... ل١٧٤ .

ڕاستیەکەی (ئاوەل کراس) بە مانای بن کراس یاخود (ژێر کراس) دێت .

● (ئاهـ) ... ل٢٠٨ .

مانایەکی تریشی هەیە بێجگە لە (دەربڕینی خەمو پەژارە) ئەویش بە مانای (کەمێك) دێت . بۆ نموونە دەڵێن : دیوارەکە ئاهێکی ماوە تەواو بێت .

لە کۆتاییدا دەڵێم هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی بۆ کاك « سابیر » دەخوازم و چاوەڕوانی بەشەکانی داهاتووری فەرهەنگەکەین .

● سەرچاوەو پەراوێزەکان ●

١ ـ فەرهەنگی ئاری . کوردی ـ کوردی ـ عەرەبی ، بەشی یەکەم ؛ سابیر حەمەد عەلی گردعازەبانی ، بێداچوونەوەی بابا عەلی شێخ عومەر قەرەداغی ؛ بەغدا ؛ ١٩٨٥ ؛ (٢٢٤) لاپەڕەیە ؛ تەنها پیتی ئەلف (ا)ە .

٢ ـ قاموسی زمانی کوردی ،بەرگی یەکەم (ء) ، عبدالرحمن محمد امین زەبیحی ، کۆڕی زانیاری کورد ، بەغدا ، ١٩٧٧ ، ل٥ . ئەوەی شایانی باسە کاك « سابیر » ئەم ووشەیەی بە تەواوی لەم فەرهەنگە وەرگرتووە .

٣ ـ چونکە لە لاپەڕە (٢٣)ی فەرهەنگەکەی هێمای دیالێکتەکانی دیار کردووە .

فەرهەنگی ـ پاشماوە

ئەوەش دەبوایە کاك « سابیر » دەست نیشانی ئەوەشی بکردایە کە ئەو ووشەیە (تورکی)یە .

● (ئاخلەدان) ـ پاپۆگە (پێچ) خواردنی مار ... ل٥٨ .

ڕاستیەکەی (پەپکە)یە نەك (پاپۆگە) چونکە کورد دەڵێ پەپکە خواردنی مار ، مارەکە پەپکەی خواردووە .

نەك پاپۆگە خواردنی مار . ئەمەی دووایی هەڵەیە . دەست نیشانی هیچ دیالێکتێك نەکراوە کەواتە دیارە ناوچەکانی پشدەرو هەولێر سلێمانی (پاپۆگە)ی پێدەڵێن بەقسەی کاك « سابیر »(٣) .

● (ئاروو) ـ [ز] خەبار ... ل٧٦ .

هەر زازاو بادینانی ئاڵێنە (خەبار)ی ئاروو بەڵکو ناوچەی هەولێر بەگشتی دەڵێن (ئاروو) بە تایبەتی لادێنشینەکان . دبوایە کاك « سابیر » دەست نیشانی بکردایە .

● (ئاریبباریی) هەلووچە . هەلووژە ... ل٨١ .

ڕاستیەکەی ئالوو بالوو (ئاروو باروو)ە . ناوچەکانی پشدەرو سلێمانی و هەولێریش هەر وای پێ دەڵێن ئەگەر هیچ دیالێکتیکی تر دەڵێن (ئاریبباریی) دەبوایە کاك « سابیر » دەست نیشانی بکردایە .

● (ئاروو گۆڕ) ... ل٨٣ .

ڕاستیەکەی ئالوو گۆڕە (ئاروو گۆڕ)ە چونکە کورد دەڵێ مەڕەکەم ئالوو گۆڕ کرد . بەکارهێنانی (ر)ی لاواز تەواوترە لە (ڕ)ی قەلەو چونکە ئەو (ر)ی لاوازەی ناوچەی دەشتی هەولێر بەکاری

Institut kurde de Paris

سالیکی ـ پاشماوه

هەیە کە هەرگیز رژێمی ئێران نەتوانێ شکستی پێبگەیەنێ .

ئەمەش لەو دەستلێوەشانە توندانەدا دەردەکەوێ کە هەڵۆ ئازاکانمان لە دوورگەی خەرجو کەسەرەکانی نەوتی ئەم دوورگەیاندا کردیانە خۆڵەمێشو ئەو شادەمارەیان بڕی کە خومێنیی‌یە دەستدرێژیکەرەکانی پێیەوە دەیانتوانێ درێژە بە دەستدرێژیکردنەکەیان بدەن .

ئەو شکانە سوپایی‌و داروخانە ئابووری‌و تێکچوونەی سالی رابوردوو بەسەرئێران هات ، ئەنجامێکی سروشتی ئەو سیاسەتەی حاکمە گومان لێکراوەکانی ئێرانە کە بەخوڕایی دەیانەوێ درێژە بەجەنگ بدەن لەگەڵ ئەمەدا کە ئەوپەڕی شکستی‌و نشوستی‌یان لە پێنج سالی رابوردووی جەنگدا بەسەرهاتووە .

عیراقی مەزنیش تا ئەوەتا لە سالی رابوردوودا کە شەشەم سالی جەنگی بەسەردا سپێراوە وەك پالەوان لە جێی خۆی وەستاوەو ئەوپەڕی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە ئەو تاقیکردنەوەیەی هاوڕێی تێکۆشەر صدام حسین ـ خوابپارێزێ ـ زیاتر گەشەدارو پرشنگدارتر دەبێ .

لەسەرەتای سالی نوێدا ، سالی سەرکەوتنی یەکجارەکی سلاو بۆ عیراقی مەزن‌و سەرکردەی هەڵکەوتوو صدام حسین‌و سەربازە پالەوانەکانی کە سالی تازە لە پشت سەنگەرەکانیاندا پێشوازی دەکەن بۆ ئەوەی ئالای بەنرخی نیشتمانی خۆشەویست هەر شەکاوە بێت .

سەرچاوە ـ پاشماوە

ئێران ناردنی نەوت بۆ دەرەوە رابگرێ .

یەکێك لە سەرچاوەکان بەئاژانسی رۆیتەری وت کە خەرج زیانێکی گەلێ گەورەی بەرکەوتووەو ئێران دەیەوێ هەرنەبێ لە ماوەی جەنگدا وازی لێبێنێ .

هەروەها رۆژنامەکە دووپاتی کردەوە کە چەکی ئاسمانی عیراق بەهۆی لێدانی کەشتی‌یە نەوت هەڵگرەکانەوە لەنزیك رۆخە دەریایی‌یەکانی ئێرانەوە توانیویەتی ئەو رێگایانە ببڕێ کە ئێران لێیەوە نەوت بۆ دەرەوە دەنێرێ .

ئێران ـ پاشماوە

دیپلۆماسی‌ی عەرەبی‌یەوە بڵاوی‌کردەوە کە ڕژێمی ئێران لەو کۆنگرەیەی وەزیرانی دەرەوەی دەوڵەتە ئیسلامەکانا بەشداری ناکا کە لە شەشی ئەم مانگەدا لە فاس لە مەغریبدا دەبەسترێ

شابانی باسە لیژنەی کۆششی چاکانەی ئیسلامی بۆ ڕاوەستاندنی شەڕ لەنێوان عیراق‌و ئێراندا نەیتوانیوە ئەرکەکەی جێبەجێ بکا لەبەر کەللەڕەقی‌ی ڕژێمی ئێران‌و سووربوونی لەسەر هاوکاری‌نەکردن‌و بەردەوامی‌ی شەڕ .

ئافرەت‌و ـ پاشماوە

ئافرەتانە سڵبکەنەوە لە خۆنواندنیان دەربارەی ئەو هونەرە میللیانە ...

ئێستاش هونەری نواندن لای ئافرەتی کورد بۆتە جێ نزرگەی خۆدۆزینەوە وشان بەشانی پیاو دەچەنگێ دژ بەو هەموو هەڵبەزو دابەزەی ژیان ، بەڵام هێشتا لای هەندێ ئافرەت هونەری شانۆ دەم‌کوتەو بەبێ بوونی ئافرەت تاکە هەنگاوێك نانێ بۆپێشەوە ... یان پیاو ناتوانێ بەبێ ئافرەت لەسەر شانۆ لەسەر دوو پێ بووەستێ ، ئەوەش دەگەڕێتە ـوە بۆ خۆ دزینەوەو نزیك‌نەکردنەوەی ئافرەتەکە خۆی لە هونەری شانۆ ...

هەر بۆیەشە هەندێ شوێن‌و شار بۆ پێش‌کەش کردنی شانۆیەك لە دەرگای مالآن دەدەن بۆ ئافرەتێك بێت دەوری کچێك یا ژنێکیان بۆ ببینێ . یان سالانێکی دوورو درێژە تەنها سێچوار ئافرەت لەسەر شانۆ دیارن‌و یەخەی بەرنادەن ئەوەش جێگەی رێزو خۆشویستنی هونەری شانۆیەو هەرگیز دەست بەرداری نابن ... چونکە وازهێنانی لەو پیشەیە ، واز هێنانە لە هونەری شانۆ .. بەڵام بۆ ئافرەتی تر دوای ئەوان نایەن هاوبەشیان بکەن لەگەڵ نەکەوتنی ڕەوڕەوەی هونەری شانۆ ...

هەڤبەری ـ پاشماوە

کەفال لەسەر گیانێ ژنکێ چێکرینەو گرنگی گەلەك ددا ژنکێ .

٤ ـ لیوناردو گەلەك زیرەك بو بو دەر ئینانا نیگاری هەر وەکی ل هو نەری زیرەك بو . هێدی هێدی ژنیگاری فدویر کەفت حەتا بەردەوام بوی لسەر خاندنێد زانیاری .

بەڵێ بیکاسوی ژینا خو هەمی یادگەل نیگاری بوراندی دگەل کار ئیناندنا گەلەك تشتێت دی .

٥ ـ لیوناردو داڤنشی گرنگی ددا بزاڤا بو فروکاو ئەندازیاریێ بەڵێ بیکاسوی گرنگی ددا ڤەژاندن‌و پەیدا‌کرنا تشتەکێ نوی دهونەریدا

٦ ـ لیوناردوی نیگاری دەیکێ چێدکرو خوشتفیاوێ بەڵێ بیکاسوی گەلەك گرنگی نەددا ڤێ چەندێ .

٧ ـ لیوناردوی باب نەبو کەس نزانیت بابێ وی کی‌یو بەڵێ بیکا سوی باب هەبو بابێ وی هونەرمەندەکێ بناڤ و دەنگێ ئیسپانی بو لدویماهێ فرشەو رەنگیت خو دانە بیکاسوی‌و گوت پشتی تە ئەز رەسمی ناچێ کەم .

٨ ـ بیکاسو هونەر مەندەکێ شورشگێربو بەڵێ لیوناردو هونەرمەندەکێ خو پاراستی‌بو ژڤان لایاڤە .

٩ ـ بیکاسو بوەختەکێ زوی بناڤ‌و دەنگ کەفت لێ لیوناردو هێدی هێدی فپێش کەفت‌و گەلەك پێ چو .

١٠ـ بیکاسو هونەرمەندێ خاندنگەهێد نوی بو لێ داڤنشی هونەرمەندی کلاسیکی بو .

هوسا ڤان هەودوو هونەر‌مەندا خەباتا خویا هونەدی پێشکەشی مروڤاتی‌یا جیهانێ کرو هەر دەم دوو ستێرێت گەش‌و بریقەدارن لئاسمانێ هونەری و هەردەم مێرخار سێت مەیدانا هونەرینە وسەر کێشێت کاروانێ هونەرینە .

ژێدەر

١ ـ مبادیء الرسم والفن «صادق العانی» مطبعة اسعد ـ بغداد ١٩٦٣ .
٢ ـ مجله الرواق عدد «٢» .
٣ ـ مجله الفنون رقم «١٠٤» .
٤ ـ قصه الفن الحدیث تالیف : ساره نیومایر تعریب:

نەخۆشەوانی ـ پاشماوە

هێندەش ناتەواوی نەخۆشخانەکە دلگیری کردین ..

کەوا هەندێ لەو کەمو کوڕیانەی خستە خانەی « طواری » باس ئەکەین بەو ئاواتەی کە چارەسەر بکرێت :

خستەخانەکە ساڵێکە تەواو بوو ، ئەڵێی دە ساڵە قوتابخانەیە ، هێندە دیوارەکانی ڕەشە کراوەتەوە .. هەندێ لە نەخۆش‌و مرافقمان بینی بە دۆلکەوە بۆ ئاو ئەگەڕان دبارە خستەخانەکە بێ ئاوە ئەوە بە هەر حاڵ زێرابیشی ناتەواوە .. لەوە . ناچی بەشی سەرپەرشتی‌و چاکردنەوەی ناو ئەو خستەخانەیە هەوڵی بۆ بدەن : ژورەکانی با جارێ ئەوە لەوێ بوەستێ کە هەر ژورەی لە رەنگی پەردەی پیا هەڵواسراوە ، بە هیچ جۆرێ (تهویه) ی تیدا نیە ، کە بۆتە هۆی پەستانی هەواو پالەپەستۆی ، سەرباری جگەرەکێشانی مرافقەکان کە شتێکی زۆر نابەجێیە .. لەمانیش گرنگتر نەبوونی بدالەی خستەخانەیە ، ئیتر خۆ باسی تەسکی سەر پلیکانەکان مەکە ، جێگای سەرکەوتیش (مصعد) لە هەر نهۆمێ بە پارچە تەختەیەك گیراوە.. ئیتر خستەخانەی طواری بێ مصعدە !؟

ئێمە لە کاتێکا قوتابخانەی نەخۆشەوانیمان بەسەر کردەوە ، هیوامان وایە لێپرسراوان بایەخ بدەن بەو قوتابخانەیە کە لە ناو ئەو نەخۆشخانەی طواریەدایە .

خوێن ـ پاشماوە

٢ ـ خوێن بەربوونی پێش منالبوون
٣ ـ منالبوون
٤ ـ خوێن وەرگرتنی جۆری (Rh^+) .

دا ، لەو مێینەیەیان دایکە بدرێ‌و بکرێتە خوێنی‌یەوە . جگە لەوەی ئەبێ پاش منالبوون (لەو دایکەی سکی لە بار ئەچێ ، خوێنی بەر ئەبێ ، یان خوێنی جۆری (Rh^+)ی وەرگرتووە) ، ئەم دەرزی‌یە لە خۆی بداو پاش هەموویەکی لەم کارەساتانە لە داهاتوودا وەکو یەکەم جار هەمان دەرزی بەکار بهێنێتەوە .

● **سەرچاوەکان :**

1- Davidson's principle & practice St Medicine by John Macloed
2- The human body by Paul Lewis
3- Medicine digest 1984. Vol. (8).

هونەرمەندان ـ پاشماوە

بگێڕن ، چونکە منالآن زۆر چاك پێنەگەیشتوون لەبارەی دەروونیەوە .. بۆیە گەوران کارامەتر دەتوانن بیرو هونەرو سەرنجەکان باشتر بکەیەنن ..

ئەمڕۆش لایەنەکانی ڕۆشنبیری‌و ڕاگەیاندنی گەلەکەمان لە چالاکی دایەو زیاتر پێویستە هونەرمەندی کورد ڕادەی پێشوازی کردنی ئەوان لەبەرهەمەکان بزانن .. واتە چی بە چاك بزانن بۆیان‌و چۆنیش پێیان بکەیەنن ، بەدەستی بێنن . چونکە مەسەلەی فێرکردن تەنها قوتابخانەیی‌یەکە نیە لە ڕێبازی تەمەنیدا بچێتە مێشکی‌یەوەو ئەنجامیش وەك (میکانۆ)کەی دەستی بجوڵێتەوە .

ئەوەی لە هەموان زیاتر جێگەی شانازیمانە ئەو چالاکیە پرشنگ دارەیە کە لەسەر دەستی ژمارەیەك لە هونەرمەندانی سلێمانی کەوتوونەتە ناو مەیدانی پێش‌کەش‌کردنی شانۆیی بۆ منالآن بەپێی دەرفەت بۆ لوان نەپچراون لە بەرهەمی منالآن .. هەڵبەتە ئەم چالاکیەش هەست‌کردنی هونەرمەندێ کوردە بە لێپرسراوی مرۆڤایەتی بەرامبەر بەوەچەی نوێ لە بەدی‌هێنانی ئەو ئەرکە دەردەبڕن . هیوادارین زنجیرەی ئەو هەوڵدانەش هەموو ناوچەیەکی کوردستان بگرێتەوەو ئەدەبی منداڵان هەروەکو خۆیان بەساوایی نەهێڵنەوەو دەوڵەمەندی بکەن . ئەویش بە پێش‌کەش کردنی بەرهەمی بەکەڵك‌و دەستنیشان‌کردنی ناتەواویەکانی‌و قەڵاچۆکردنیان ..

گومانی تێدانیە گەلان بۆیە یارمەتی منالآن دەدەن تا لە جیهان بگەن‌و لێی بکۆڵنەوەو لە چوارچێوە تەسکەکەی یاساو نەریتە باوەکان‌و ئەو شتانەی کە خزمەتیان ناکەن دووریان بکەنەوەو ڕێی بەختەوەری مرۆڤ بدۆزنەوەو لە ڕێگای مرۆڤایەتیەوە ژیانیش بکۆڕن ..

● **سەرچاوەکان :**

١ ـ المسرح المدرسی ـ تالیف د. عونی کرومی (١٩٨٣) لمهد الفنون الجمیله) ـ قسم الفنون المسرحیه .
٢ ـ ادب الاطفال ـ هادی نعمان الهیتی ـ بغداد ـ ١٩٧٧ .
٣ ـ سایکولوجیه الطفل فی مرحلة الروضة ـ الموسوعة الصغیرة ـ رقم (٤٤) بغداد (١٩٧٤) .
٤ ـ (چەند ووتارێك دەربارەی ئەدەب‌و ڕەخنەی کوردی) کەمال مەمەد . ، چابخانەی (الحوادث) بەغدا (١٩٨١) .
٥ ـ گۆڤاری (بەیان) ژ (٥٠) ئابی (١٩٧٨) .
٦ ـ گۆڤاری (بەیان) ژ (٤٥) کانونی یەکەم (١٩٧٧) .

گوللەی ـ پاشماوە

لەسەر هێڵی یلنیکوف ـ ئولشانکا لە باشووری روسیادا لێ دەخوری . لەبەر دەمی شەمەندەفەرەکەی بۆرشۆڤدا شەمەندەفەرێکی تر دەڕۆیشت . ئەم شەمەندەفەرەی پێشەوە لەبەر کەمی‌و بەش نەکردنی هەڵمی پێویست بۆ بزوێنەرەکەی لە پر وەستا . شۆفێری لەم شەمەندەفەرە هەر ئەوەندی بۆ کرا دەمو دەست سەری شەمەندەفەرەکەی بەرەو ئیستگە برد ، وە ٣٦ گالیسکە کەشی لەسەر هێڵەکە ڕاگرت . لە پاش ماوەیەکی کەم لەبەر ئەوەی ئەم ٣٦ گالیسکە بەجێ هێڵراوە بەرگری لە ژێر پێچکەکانیدا دانەنرا بوو بۆ سەوتن ، بە خێرایی ١٥ کیلومەتر لە کاژمێرێکدا پاشەو پاش تلۆر بۆوە بۆ دواوە ، و بەرەو شەمەندەفەرەکەی بۆرشوف هات . کار لە کار ترازاو نزیك بوو خۆی بێدا بدات . لە کاتێکدا بۆرشۆڤ بە مەزندەی زیرەکی خۆی بەمەی زانی . یەکسەر شەمەندەفەرەکەی خۆی وەستاندو پشتاوپشت خستیەکار . وەبە خێرایەکی ڕادەیی کە گەیشتە ١٥ کیلومەتر لە کاژمێرێکدا بە پێچەوانەوە ڕۆیشت ، وەبە هۆی ئەم کردارە کارامانەیەوە بۆرشۆڤ توانی ٣٦ گالیسکە تلۆر بۆوەکە بە بێ هیچ زیانێك بە شەمەندەفەرەکەی خۆیەوە بنوسێنێت .

لە دواجاردا ئەوەی شابانی باسە لەسەر چەشنی بنەما ، ئامرازێك دروست کراوە بۆ ئاسان‌کردنی نامە نووسین لە ناو شەمەندەفەردا . بێگومان لەبەر بەك هۆ نامەنووسین لە ناو شەمەندەفەری بزۆکدا قورس‌و گرانە . چونکە لە کاتێکدا شەمەندەفەرەکە بەسەر جومگەکانی ڕێگا ئاسنینەکەدا تێپەر دەبێت لەرینەوە پەیدا دەبێت. ئەم لەرینەوەیە لە چەشنی کاتدا ناگوێزرێتەوە بۆ کاغەزو نووکی پێنوسەکە . جا ئەگەر هاتوو توانیمان ئەو لەرینەوەیە لە هەمان کاتدا بگوێزینەوە بۆ نامەکەو سەری پێنوسەکە ، ئەوا هەر یەکێکیان لە چاو ئەوی تریاندا وەکو ئەوە وایە لە حاڵەتی سرەوتندا بێت . لێرەدا هیچ جۆرە گرێ‌و قۆرتێك سەر هەڵ نادات ئەگەر پەیام لەو شەمەندەفەرە بزۆکەدا نووسرا .

ئەو ئامرازەی ئەم مەبەستە بە ئەنجام دەگەیە نێت لە وێنەی ـ ٢ ـ دا نیشاندراوە . ئەو دەستەی پێنوسەکەی تێدایە بە پارچەیەك تەختەی بجووکی وەك ـ ا ـ وە دەبەسترێتەوە . ئەم تەختەیە بەناو قڵیشەکانی سەر پارچە تەختەی ـ ب ـ دا دەخلیسکێت . وەلە هەمان کاتدا تەختەی ـ ب ـ بە ناو قڵیشەکانی لێواری ئەو تەختەیەی نامەکەی لەسەر دەنووسرێت‌و لەسەر مێزی ناو گالیسکەکەیە دەخلیسکێت . لێرەدا دەستەکە ئەوەندە بە ئاسانی دەجوڵێت توانای ئەوەی هەیە پێت لە دوای پێت‌و ڕستە دوای ڕستە بنووسێت . لەگەڵ ئەمەشدا هەموو ئەو لەرینەوانەی دەگاتە نامەکەی سەر مێزەکە ، لە چەشنی کاتداو بە هەمان هێز دەگاتە دەستەکەی پێنووسەکەی گرتووە . لەم بارەدا ، نووسین لە ناو شەمەندەفەری بزۆکدا ئاسان‌و خۆش دەبێت‌و وەك نووسینی ناو گالیسکەی وەستاوی لێ دێت . وە ئەوەی لەم دۆخەدا ستەمە ئەوەیە ، چاو کاغەزەکە بە لەرینەوەوە دەبینێت . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لەرینەوەکان لە چەشنی کاتدا ناگەنە دەست‌و سەر .

سەرچاوە ـ لە کتێبی « الفیزیاء المسلیه ـ الکتاب الاول » بە دەست کاربیەکی زۆر کەمەوە وەرگێڕراوە . لە نووسینی یاکوف بیریلمان‌و گۆڕینی بۆ عەرەبی دکتور داود سلیمان المنیر .

بۆچی ـ پاشماوە

هەندێ حاڵەت لە تەمەنی هەرزەکاری‌دا دەست بێ بکات زمان‌گرتن لە هەردوو رەگەزدا روو دەدات بەڵام دەبینین لە ناو نێرەکان زۆرترن لەوەی لە ناو مێیەکان‌دا لە ئەنجامی هۆی رەچەڵەکی‌و هۆی سایکولوژی کارێکی گەورە ئەکەنە سەر تووش‌بوون بەم نەخۆشی‌یە وەکو ترس‌و دڵە راوکێ‌و نێگەرانی‌و دڵڕەقی دایك‌و باوکان لە مامەڵەکردنی منداڵەکانیان .

ڕەچاوکردنی‌و چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشی‌یە

مەبەدئی ڕەچاوکردن‌و چارەسەرکردنی زمان‌گرتن هەوڵدانێکە بۆ زانینی هۆی بەرامبەر ئەم دیاردەیەو تا ئەم نەخۆشی‌یە چاکترین رێگە بۆ چارەسەرکردنی ئەوەیە ڕاستەوخۆ هیچ بایەخێکی نەدرێتێ یاخود لاسایی بکرێتەوە یا داو دەرمانی هێمن کەرەوەی بدەنێ ، بەڵکو دایك‌و باوك پێویستە لەم حاڵەتەدا دڵ‌نیگەران‌و پەست نەبن دەتوانن لە منداڵانی دوور بخەنەوە هەروەها زۆر لەو منداڵە نەکرێ پەلەی لێ بکرێت ووشەکانی لە باتی‌ی هەڵبژێرن ، ئەم مامەڵەیە لەوانەیە حاڵەتەکە بەردەوام بکات هەروەها باوك‌و دایك هەوڵ بدەن ئەوانەی بەر‌بەرەکانی دەکەن لە کە سانی خێزانەکە لێ دوور بخەنەوە. دەبێ وەکو یەك مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت بۆمان دەردەکەوێت هەندێ لەو منداڵانە هەر لە خۆیانەوە چاك دەبنەوە زۆرترین لە کاتی هەرزەکاریدا چاك بوونەـوەکە روو دەدات .

بەڵام ئەگەر زمان گرتنەکە بەردەوام بوو ئیتر ئەوە پێویستە هەڵسوکەوت‌و چارەسەرکردنی سایکولوژی ببینرێت‌و لە لای پزیشکی پسپورا مەشقی پێ بکرێت‌و لەسەر زمان ڕەوانی فێر بکرێت کە لایەنە سایکولوژی ـیەکە چاك بووەوە وچارەـسەر کرا زمان‌گرتنەکەش چارەسەر دەکرێتو دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی چاك ...

کورتەیەك ـ پاشماوە

٣ ـ بەکارهێنانی سەرو بۆرو ژێر بۆ ئەو وشانەش کە کوردین وەك (خدی ـ هنن ـ نفیسن) .

لەشێوەی نووسینی وتارەکانی ڕۆژنامەکەدا بە ڕوونی ئەوە دەردەکەوێت ، کە ئەو وشانە لە گەرووبەکی پەنگ خواردووی قەتیس ماودەو دەرهاتوودو مۆرکی ئەو بارو دۆخەبان پێوە دیارە .

ـ ماویەتی ـ

چوونە ـ پاشماوە

هاوڕێی خۆشەویست تۆ ئەمڕو میوانی گەورەو بەڕێزی ئێمەی .. دەرگای کردەوەو گورگ چووە ژووری جاوی بە کەلەشێرو کەروێشکو کەر کەوت.. گا ووتی بە بۆنەی هاتنی میوانی خۆشەویستمانەوە ئێستا گۆرانیەکی خۆش دەڵێم .. گا دەستی کرد بە گورانی ووتنوو دەی ووت : ئەکەر بچێنە سەربان شتێکی سەیرو گەورە دەبینی سەرکەوە ساسەرکەوە » چەند جارێك ئەمەی دووبارە کردەوە تا گورگ بیری کردەوە وای زانی کە ئێجبرێکی زۆر قەڵەوو چەور لە سەربانە بەبەلە چووە دەرەوە خۆی گەیاندە سەربان تەماشای کرد پێستی گورگێکی مردارەوە بوو وا بە سەربانەوە .. گورگە داچڵەگیو وای زانی گیان لە بەرەکانی خواردوە ئەو گورگەیان گرتوودو وایان لێ کردووە لە ترسا قووچاندیوڕای کرد .. ئەوسا هەموو گیان لە بەرەکانی ناو خانووەکە هاتنە دەرێ بڕیاریان دا هەتا هەتایە پێکەوە بە یارمەتی دانی یەکتریو بە خۆشی پێکەوە بژین .

سەرچاوە : گوفاری « ثقافه اجنبیه » ژمارە ٣ ساڵی ١٩٨٥

مەلا ـ پاشماوە

«قل فاز فوزا عظیما» مادە تاریخی وەفاتێتی مەرقەدەکەی خۆی‌و کورو کورمزاد کچە زاکانی زیارەتگای ئەهلی شاری سلێمانی‌یە .

مەلا وەسمان شیعرە کوردی‌یەـکانی‌دا «تخلص»ی «فایق» ود لە شیعرە فارسی‌یەکانیدا «تخلصی»ر «حزین»ە لەقەبی شێخێتی‌یەکەشی «عماد الدین»ە وە لە دووایی نامەکانیا هەمیشە «عثمان العثمانی» نووسیوە دیوانە کوردی‌یەـکەی لە ساڵی ١٩٧٢ زاینی دا بە یارمەتی کۆری زانیاری کوردی چاپ کراوە(٢) شیعرە کوردی‌یەکانی «مەلا وەسمان» زۆر پرواتاو بەرزن‌و لە ڕیزی شیعری شاعیرانی هاوچەرخی خۆی‌یەتی بە واتا شاعیرانی دەورەی بابانی وەکو حەزرەتی نالی‌و سالم‌و کوێی دیوانە کوردی‌یەکەی بەم غەزەلە دەست پێ دەکا پەرێشان حالە رۆژو شەو ئەسیری زولفی چین چینت دەڵێی جامی جیهان بینە سوەیدا خالی موشکینت .

لە بەر ئەوەی مەلا وەسمان خۆی شاعیرێکی تواناد پایە بەرز بووەو نرخی شیعرو شاعیری باش زانیوە ، دوو غەزەلی «نالی» هاوچەرخی تەخمیس کردووە : بۆ وێنە :

٢ ـ دیوانە فارسیەکەشی ئامادەیە بۆ چاپ .

شوکری شەکەر ئامێزی خودا واجیبە بومن
پیوەستە کە ئەربابی نەظەر
مەستی سبومن
دامی هەموو بەرباره لە رێی بازی
وەکو من
ئەم سەرسەری بازانە کە وا
هەمسەری بومن
موشکیل بکەنە ساعیدی شاهێکی وەکو
مەن

هەروەها چونکە شاعیری بەرزو بەرێزمان وەکو دورو ناس دورو مرواری شیعرو قسەی کوردی زانیوە جگە لە نالی تەخمیسی غەزەلێکی حجی قادری کویی‌یشی کردووە :

تا شەمعی شەب ئەفروزە لە ئەیوانی صەباحەت سەبارە سەراسیمە لە مەیدانی سەباحەت توغراکەشی دیباجەیی عینوانی فەساحەت سورەتـگەری سەر لەوحەیی دیوانی مەلاحەت دوو یوسف دانابوو بە بێ ئەوەل‌و سانی دیوانی شیعرە فارسی‌یەکانیشی بە مەدەست بێ دەکات :

بحمدالله بنام تست اول دفتر مارا
ژ شوق ماه رخسارت منور اختر مارا

مەلا وەسمان : شیعرە فارسی‌یەکانی لە ریزی شیعری شاعیرە بەرزەکانی ئەدەبیاتی فارسی‌یەوە لە ژێر کاری گەری حافظی شیرازی‌و مولانا جامی‌دایە لە شاعیرانی شێوەی عیراقی لە شیعری فارسی‌دا .

هەروەکو ووتمان جگە لە فارسی‌و کوردی بە عەرەبیش چەند فەردیکی هەیە جگە لە نامە عەرەبی‌یەکانی .

Institut Kurde de Paris

ماوەی زیاتر لە هەفتەیەك و لە شاری هەولێردا ، ئەندامانی تیپی نەتەوایەتی بەردەوام‌بوون لە تۆمارکردنی چیرۆکی تەلەفزیونی «ئاسکە» نووسینی حیدر عبدالرحمن و دەرهێنانی هونەرمەند سعدون یونس کە ئەمەیان یەکەم نۆبەرەی تەلەفزیونیەتی لەرووی دەرهێنانەوە ..

چیرۆکێکی تەسیلی پێش پێشاندان

« ئاسکە »

«هاوکاری» لە رۆژانی تۆمارکردنی ئەم چیرۆکە تەسیلی‌یە ئامادەبوو کە گەلێك لایەنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەخاتە روو . .

هونەرمەندی ناوبراو لە رووی هەڵبژاردنی دەقی «ئاسکە»و تاقی‌کردنەوەی دەرهێنانەوە ووتی :

لەرووی دەقەکەوە ، سەرباری خۆماڵیەتی ، گەلێك رووی جیاوازی کۆمەڵایەتی دەردەخا لە رواڵەتی خۆشەویستی‌یەوە کە هیچ هێزێك نیە بتوانێ لە رووی بووەستێ ، لە نێوان ئەم چیرۆکەشدا هەوڵ دراوە بۆ نیشان دانی مەسەلەی چینایەتی‌و کۆششی مرۆڤ بۆ بەدی‌هێنانی ئاواتەکانی .

● مامۆستای هونەرمەند صفوت جراح کە دەوری «بەگە»ی ئەبینێ ئەڵێ :

جارێ پێش هەموو شتێ من وەکو قەناعەتی هونەری، لە زۆر رووەوە لەم بەرهەمە رازیم ... چونکە هەوڵو تەقەلام داوە بچمە ناخی دەورەکەوە کە باس لە دەرەبەگێك دەکات ...

● بەڵام خاتوو سەمیرە ووتی :

ماوەیەکە لەگەڵ دەقەکە ئەژیم وەکو دایك .. لە تۆمارکردنی چیرۆکەکە بە تەواوی لە خەمی کۆمەڵایەتی قووڵ بووبومەوە ، بەتایبەتی کە ئەمجارە دەوری دایکی کچە واتە دەوری دایکی «ئاسکە»م بینیوە ... کە ئەبێتە قوربانی‌ی نیگای کۆمەڵو تێڕوانینی کۆمەڵ لە ئافرەت‌و خۆشەویستی کە «ئاسکە» وەکو ئافرەتێکی هۆشمەند ئەوکۆت‌و پێوەندە ئەشکێنێ ..

● رۆژانی تۆمارکردنی چیرۆکەکە لە ماڵێکی هەژارەوە دەستی پێ‌کردو لەیەکێ لە خانووە هەرە رازاوەکانی شار تۆمار کرا..

هەندێك لە دیمەنەکانی‌تر لە کۆلێژی زانیاری کە ژیانی نوێ ئەنوێنێ ...

بۆ یەکەم‌جار دوو ئەکتەری نوێ دەوری پاڵەوانیەتی لە چیرۆکەکەدا دەبینن کە «سیروان عثمان »ە لە دەوری هونەرمەندێکی تیکارکێش‌و «سوسن» لە دەوری «ئاسکە»دا ...

بەڵام بە تێکرا گەلێك هونەرمەندی تر لەم چیرۆکەدا دەرکەوتوون لەوانە : غازی غفور- فیصل محمد صالح- زایەر عبدالله- شیرین صابر- احمد جمیل- علی احمدو گەلێکی تر ...

شایانی‌باسە کە زۆربەی دیمەنەکانی ئەم چیرۆکە تەسیلی‌یە لە دەرەوە گیراون و بەم نزیکانە لە تەلەفزیۆنی کەرکوك نیشان ئەدرێت ..

— شێرزاد —

لە چالاکیەکانی دەزگاکەمان

پێشانگای هونەرمەند اسماعیل خەبات لە دهۆك .

لە سەرەتای کانونی دووەمی ساڵی ١٩٨٦ دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی پێشانگایەکی تایبەتی دەکاتەوە بۆ ئێشەکانی هونەرمەند اسماعیل خەبات لە شاری دهۆك . ئەوەی شایانی باسە ئەمە یەکەم پێشانگای هونەرمەندە لە دهۆك‌و ئەو تابلۆانەی کە پیشان دەدرێن لە نبوان ساڵی ١٩٦٣-١٩٧٥ کردونی‌و ئەم پێشانگایە تیشك دەخاتە سەر تاقی‌کردنەوەکانی هونەرمەند لە قوناغەکانی پێشوی ژیانی هونەرییدا .

لە هەولێر: کۆڕیکی چیرۆك خوێندنەوە

لە یەکێتی ئەدیبونووسەرانی کورد لقی هەولێر ،بەشێك لە قوتابیانی بەشی‌کوردی زانکۆی صلاح الدین، کۆڕێکی چیرۆك خوێندنەوەیان ڕێك خست کە یەکێتی بۆی سازکردن ...

لە سەرەتای کۆرەکەدا نووسەری لاو محمد خضر بە ناوی قوتابیانی بەشی کوردی ووتەیەکی خوێندەوە کە دەستنیشانی دیارترین چالاکی‌یەکانی بەشی کوردی کرد کە بریتی‌یە لە سازکردنی کۆری ئەدەبی‌و دەرکردنی گۆڤاری «ئاسۆس»و چەندان جموجۆلی هەمەرەنگ ..

دوای ئەوە دەست کرا بە خوێندنەوەی چیرۆکەکان کە بریتی بوو لەم نووسەرانە..

١ – چیرۆکی «وێنەگر» لە لایەن عادل مجید .

٢ – چیرۆکی «سیمفۆنیای خەونی شارەکەم» لە لایەن ئازاد عبدالواحد کریم .

٣ – چیرۆکی «ئاوات» لە لایەن سەردار احمد .

٤ – دوو کورتە چیرۆك لە لایەن محمد خضر .

شایانی باسە کە بەشی کوردی نەخشەیەکی رۆشنبیری داناوە کە بریتی‌یە لە کۆری شیعرو ئەدەبی تر .

— شێرزاد —

کۆچی دوایی شاعیرێك .

لە رۆژی ٢٠-١٢-١٩٨٥ دا شاعیری ناسراو سامی عەودال لە تەمەنی ٧٥ ساڵیدا ماڵئاوایی لە جیهانە بەرینەکەی شیعرو ئەدەبی کوردی کردو گۆڕستانی (درویش خدر) لە شاری کۆیە تەرمەکەی گرتەخۆ ،خوا بە هەشتی پێ‌ببەخشێت‌و سەبووری کەس‌وکارو خزمانی بدات .

کەورە شاعیرەکانی کە سرودی بە سروشتی روسیا ـوە ووتووە .. کە شیعرەکانی ..شیعرە دێهاتیەکانی ..بە خۆشەویستی نیشتمانەوە ووتووە .. بە جوانیەکانی ..

ئەوەکان دەڕۆن .. بەڵام شیعرەکانی «یەسینین» هەمیشە ژیاوە دەمێنێتەوەو لەبیرو یادی زەمانە چەسپاوە و لێی بێزار نابێت ، چەشن‌و شێوەی هونەرە راستەقینە راستەکان ..

لە گوندی کۆنستانتینوفا. شوێنی لە دایك‌بوونی شاعیری مەزنی سۆڤێت «سیرجی یەسینین» لە سەرانسەری ووڵاتدا سۆڤێت فیستفاڵێکی فراوان گێڕدرا بەبۆنەی یادی تێپەڕ بوونی «٩٠٠» ساڵ بەسەر کۆچی دوایدا .

ئەو فیستفاڵە لە گوندی کۆنستانتینوفا گێڕدرا «سازدرا» دەربڕینێکە لە داننانی نەتەوە بە یەکی لە

لەم گوندەدا هەزارەها هەزار عاشقانی «یەسینین» کۆبوونەوەو شیعرەکانی خوێندرانەوە .. هەروا تیپە موسیقاییەکان‌و تیپەکانی هەڵەبەرکێی میللی چەند شێوەیەکی نمونەییان پێشکەش کرد کە جوانترین شێوەی ئەو فیستفاڵەی پیشان‌داوە ... ئەوەش کە دربڕینێکی راستەقینەی خۆشەویستی‌یەو وەفاداریە بۆ یەکێ لە گەورەو مەزنە شاعیرەکانی رووسی ..

فیستفاڵی یادی (یەسنین)ی شاعیر

ئاوڕێك

لە رابووردوو

« سامان » ئامادەی ئەکات

● نیوسەدە زیاتر لەمەوبێش ، رۆژنامەی « ژیان » لە ژمارە ٩٦ی ٣ی کانونی دووەمی ١٩٢٨بدا ووتارێکی دەربارەی ئافرەت نووسیوە ، لێرەدا بەشێکی ئەو ووتارە بڵاو ئەکەینەوە : —

[ئافرەت]

ج پیاوێك هەیە کە چاوی کوێر نەبێت‌و زەڕەیەك عەقڵی بێ تێنەگات کە ئافرەتیش وەکو خۆی خوا ئەفریدەی کردووە بۆ ڕەفیق‌و خۆشەویستی ئەو ، بۆ عەبدو نۆکەرو چێشتەگەری ئەوی خەڵق نەکردووەو ئەویش وەکو پیاو عەقڵو چاوو زبان‌و هۆش‌و شعوری هەیە !! لای ئێمە ئافرەت هەر بۆیە هاتووەتە سەر دنیا کە لە ماڵەوە دانیشێ‌و چێشت‌لێ‌نێت ... لای ئێمە ئافرەت نابێت لە ماڵ بێتە دەرێ ، وەکو زەمانی بۆنانی قەدیم هەر بۆ حەمام‌و سەرقەبران بێتە دەرێ ! فەقەت پیاو بە هەوەسی خۆی رابوێرێ ، کەبن بکاو بژی ... ئەگەر موراجەعەت بە قورئان‌و قەوانین‌و ویژدان بکەین ئەبینین کە ئەمە زوڵمێکی بەکجار گەورەیە ، غەدرێکی زۆر زلە پیاو لە ئافرەتی ئەکات ، چونکە بە واستەی ئەوەی کە ئافرەت لە ماڵدا حەبس ئەکەن‌و تەنها بۆ (چێشت‌لێنان‌و نوێن‌داخستن !) ئەبێتن قسمێکی زۆر لەم مەخلوقاتە ، لەم میللەتە مەحکومی مردن‌و سستی‌و ئیش‌نەکردن ئەکەن ، هەر سەبەبی ئەوەیە کە تا ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتدا ، تا نیو عەسر لەمەو پێشیش لە ڕۆژئاوادا ئافرەت لە ماڵەوە حەبس ئەکرا ، لەبەر ئەم حەبسیە وەکو هەموو زەعیفێك ئیتر ئافرەتیش ناچار دەستی کرد بەفروفێل لەگەڵ پیاودا ؛ ئەوەندە لەمە کرونازدا زۆرزان بوو کە ناوی ئافرەت بوو بە دەلیلی مەکروفێل ! ...

دوو چیرۆك

چیرۆکی : لیۆناردۆ دافنشی
وەرگێڕانی : شەفیق محەمەد

١- ئەو زمانەی ددانەکان گەستیان

مناڵێك خوویەکی ناشیرینی هەبوو ، ئەو خووەش ئەوە بوو زیاد لەپێویست قسەی دەکرد .

ڕۆژێکیان ددانەکان بەبێزاریە ـوە ووتیان :

— ئەمە چۆن زمانێکە ؟! بۆ ساتێ چی‌یە لە قسە ناکەوێ، ئەوە بێ‌دەنگی هەر نازانێ چی‌یە . زمانەکە بە لووت بەرزیەوە لێیان هاتە وەڵام :

— چی‌یە سەرتان ناوە بە یەکەوە ؟ چربە چرچی چیتانە؟ ئێوە خزمەتکاری منن ، کارو کاسپیتان ئەوەیە ئەوەی من ئارەزووی خواردنی بکەم ئێوە بیجون جارێکی تریش قایل نابم دەست وەردەنە کاروباری منەوە ، چونکە من‌و ئێوە زۆر لەیەك جیاین . بەو جۆرە مناڵەکە بە هۆو بێ‌هۆ لەسەر چەنەبازی‌و زۆر بڵێی خۆی بەردەوام بوو .. ڕۆژێکیان مناڵەکە کارێکی چەوت‌و خراپی کرد ، ڕێگەی بە زمانی‌دا درۆیەکی زل بکات تا ئەو کارە چەوتە لەسەر خۆی لابەرێ . ددانەکانیش ئەبان کردە نامەردی ، هەموو پێکەوە ، لەیەك‌ساتدا زمانیان گەست . زمانی مناڵەکە لەخوێنا سوور هەڵگەڕا ، هەروەها ڕووشی لەشەرما سوور هەڵگەڕاو لەو خووە ناشیرینەی پەشیمان بووەوە

ئیتر لەو ڕۆژەوە زمان ئەگەر بیەوێ شتێ بڵێ دوو جار بیری لێ‌دەکاتەوە ، ئەنجا دەیڵێ .

٢- گوێدرێژو بەستەلەك

زستان بوو ، دنیا زۆر ساردو سەرما بوو ، هەموو ڕێگەو بانەکان ببوونە یەکپارچە سەهۆڵ . گوێدرێژێکی ماندووو هیلاك هەر چەندی کردو کۆشا نەبتوانی بگاتەوە ئاخورەکەی ، بۆیە خۆی فڕێ‌دایە سەر زەوی‌یەکەو ووتی :

— ئا لێرەدا بۆ خۆم پشوویەك دەدەم .

چۆلەکەیەکی برسی لەپەنا گوێ‌ی‌دا نیشتەوەو چرپاندی بە گوێ‌دا :

— گوێدرێژ . ئاگاداری خۆت‌بە ، تۆ لەسەر ڕێگەکە نیت ، تۆ لەسەر دەریایەکی بەستووی ، دەبێ ووریا بی .

گوێدرێژەکە گوێ‌ی بەقسەکانی چۆلەکەکە نەدا . خەو دەیبردەوە تا بەدەم باوێشکدانەوە خەوی لێ‌کەوت .

بەڵام وورده وورده سەهۆڵەکەی ژێری بەهۆی گەرمی لەشیەوە توایەوە ، تا سەهۆلەکە بەیەکجاری شکاو گوێدرێژ کەوتە ناو دەریاکەوە .

کاتێ گوێدرێژەکە خۆی لەناو ئاوەکەدا بینی ، لەرزی لێ‌هاتو بەترسەوە هەستا ، بەڵام پاش چی ! پاش ئەوەی ژیانی لەدەستداو لەناوەکەدا خنکا .

شیعر بۆ منداڵان

خولیا

بەڵام خولیای ئەم جیایە
سرووودو مۆسیقایە

بۆیە کاتی بێ کاری
لە جیاتی شەڕو یاری

هەر یەکە بۆ خولیای خۆی
شت ئامادە ئەکەن بۆی

ئاوا پەردی بێ ئەدەن
هاوبەشی یەکیش ئەکەن

پەروا چەند ئێسکی سووکە
خنجیلانەو بچووکە

لە ئێستاوە بی‌بینە
خامەی دەستی ڕەنگینە

خولیای وێنە کێشانە
وێنەی پڕ واتاو جوانە

پەیڕەویش وەك پەروایە
ئەمیش خاوەن خولیایە

بەختیار حمە رشید بەرزنجی

لە چاپکراوەکانی دەزگاکەمان

ژمارەی نوێی گۆڤاری بەیان

لەم رۆژنەدا ژمارە ١١٣ی گۆڤاری بەیان کە لە دەزگاکەمانەوە دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی دەردەچێت کەوتە بازاڕەوەلە بەرگێکی رازاوەی جواندا.

لە تۆماری جەنگدانووسەران فواد حسین‌و هەڵمەت محمدو بشەبۆل‌وسلام‌و قەرەداغی‌و محمد مستەفا حمە بور بەشداربیان‌کردوە بە باس‌و لێکۆڵینەوەو شیعر دەربارەی جەنگی‌رەوامان لەگەڵ رژێمی ناپەسەندی ئێراندا .

هەروەها لەبەشی‌لێکۆڵینەوەو شیعرو چیرۆك‌و رەخنەو فۆلکلۆردا چەندنووسەرو ئەدیبێك بەشدار- بیان تێدا کردوە لەوانە ئازادحمە شریف‌و حسین بەرزنجی و اسماعیل رەفەندی‌و محمدبەدری‌و عبدالکریم شیخانی‌و شکری سلمان‌و اسعد عەدۆ‌وسعید حسین برواری‌و چەند نووسەرێکی تریش .

● بە خوێنم سەرکەوتن دەڕوێنم ●

زنجیرەی ژمارە ١٢٣ی بڵاوکراوەی دەزگاکەمان دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی شاعیر موکەرەم رەشید تاڵەبانی‌یە دەربارەی جەنگی رەوامان دژی تاقمە دەستدرێژکەرەی ئێران بەناوی (بەخوێنم سەرکەوتن دەڕوێنم) لەم دوایەدا کەوتە بازاڕەوە .

● پەندی کوردی ●

زنجیرەی ژمارەی ١٢١ی بڵاوکراوەی دەزگاکەمان دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی (پەندی کوردی)یە بریتیە لە کۆکردنەوەو لێ‌وردبوونەوەی کۆمەڵێك لە پەندی کوردی مامۆستا عمر شێخ الله دەشتەکی ئامادەی کردوە کەوتە بازاڕەوە .

● نۆبەرێتی شەهید/سێبەری دارگوێزەکە . ●

ئەدات لەگەڵ نۆنەی مۆسیقادا ئەنوەر عوزێری‌یەوە لەم دوایەدا دەرچووە .

زنجیرەی ژمارە ١٢٥ی بڵاوکراوەی دەزگاکەمان بریتیە لە نۆبەرێتێك لە بارەی جەنگی رەوامانەوە کە داستانەکانی مەندەڵی‌و حاجی ئۆمەران‌و پێخوێن نیشان لە نووسینی مامۆستا شیرزاد

هاوکاری

دەزگای رۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی

شەقامی الخلفاء
مەیدانی الخلانی

تەلەفۆن
٨٨٧٥٧٩٥
٥ خەت

Institut kurde de Paris